# ژنان

٣٩ نەورۆزی ١٣٩٣
March 2014

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ

گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

24 رەشەممە
٦٨مین ساڵرۆژی دامەزرانی
یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان،
یادگارەکەی کۆماری کوردستان



٨ی مارس
رۆژی نێونەتەوەیی ژنانی جیهان




پەیامی کومیتەی بەڕیوەبەریی گشتیی
بەبۆنەی ٦٨مین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکەیەتیی ژنان



ششم فوریە، روز جهانی مبارزه
علیه مثله سازی جنسی زنان



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org



٢٤ی ڕەشەمە، ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢ ڕاگەیەندراوی هاوبەشی ٦ ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

٣ پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

٤ پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

٦ قسەکانی قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی
حیزبی دیموکراتی کوردستان

٨ پەیامی خاتوو خەجیج مەعزوور بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە

٩ پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی
لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٠ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
یادگارەکەی کۆماری کوردستان

١١ ناساندنێکی زۆر کورتی فەلسەفە

١٢ سایکۆلۆژیای گریان

١٣ توند و تیژی بە گشتی و توند وتیژی بەرامبەر بە ژنان بە تایبەتی

١٥ ژنان بۆ پەنا دەبەنە بە خۆکوژی؟

١٦ ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان

١٧ خۆشەویستی و ژیان

١٨ چی بووە هۆی پێشنەکەوتنی کورد؟

١٩ بەشی ئەدەبی

٢٨ زانستی

٣٣ هەواڵ و چالاکی

٤٤ فارسی



وەرزانەیەکی
سیاسی، کۆمەڵایەتی،
فەرهەنگی و ئەدەبیە

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەری دەکا

دیزاینی بەرگ:
ئەیوب شەهابیراد
تایپ و دیزاینی ناوەوە:
سروە فەتاحی








کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕاگەیەندراوی هاوبەشی ٦ ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

## بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن



**خوێندنەوەی ڕاگەیەندراوی هاوبەشی ٦ ڕێکخراوی ژنان ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن خاتوو گەلاوێژ پەیرەوان بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن**

### خەڵکی ئازادیخواز و شۆڕشگێری کوردستان!
### ژنانی خەباتکار و یەکسانیخوازی کورد!

ڕۆژی ٨ی مارس کە بە ڕۆژی جیهانیی ژنان ناسراوە، لە هەموو تێکۆشەران و ئەو مرۆڤە خاوەن هەڵوێستانە پیرۆز بێت کە ژیانی خۆیان لەپێناو بەرابەری ومرۆڤایەتی بەخت کردوە. پیرۆز بێت لە ژنانی خەباتکار و پیاوانی مرۆڤدۆست کە ئێستا سەرسەختانە و بە بێگوێدان بە کێشە و لەمپەرەکانی سەر ڕێگا، ڕەوتی خەباتی بەرابەری درێژە پێدەدەن و ئەم ڕێگا پڕ هەوراز و نشێوە دەبڕن. بێگومان ژنانی یەکسانیخواز بە پاڵپشتیی پیاوانی مرۆڤدۆست و هۆگرانی ئازادی بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی باشتر بۆ چینەکانی کۆمەڵگا، مێژوویەکی زێڕینیان لەم پێناوەدا دروست کردوە و بەگیانبازی و قوربانیدان لاپەڕەکانی دیرۆکی ئەم قۆناغەیان نەخشاندوە. یەکێک لەو ڕۆژ و قۆناغە مێژوویییانە کە بەرهەمی خەباتی ژنانە، تۆماری ڕۆژی ٨ی مارسە کە دروشم و ئامانجەکانی ژنان تێیدا نەخشاوە. ئەم ڕۆژە کە لوتکەی شۆڕش و موبارزەی ژنانە، هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کە باس لە مافی یەکسانی، ئازادی، دێموکراسی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، فرە ڕەهەندی و جیهانێکی نوێتر و باشتر دەکات و ڕەد کەرەوەی هەموو جیاوازییەکانی نێوان مرۆڤەکانە، کە دەتوانین بڵێین سێمبولێکە لە وێنەی ژیان و هەوڵ و بیر و کردەوەی ژنانە، کە بە باوەر بەم چەمک و سیستمانە، بەبێ کینە وتۆڵە، هەوڵیانە بۆ دەستەبەرکردنی مافی مرۆڤ و جیهانێکی خۆشتر بە بێ جیاوازی

ژنانی تێکۆشەری کوردستان!

دیارە کێشەی ژنان لە وەڵاتێکەوە بۆ وەڵاتێکی دیکە جیاوازیی هەیە و بەداخەوە ئێمە لە جێگەیەکدا هەڵکەوتووین کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئێمە و زۆربەی وڵاتاندا هەیە. ئێمە بێجگە لە کێشە گشتگیرەکان، لەگەڵ ستەمی چینایەتی و ئەوپەری جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکان، ستەمی نەتەوایەتییشمان لەسەرە. لەگەڵ ئەوەی کە پێکهاتە و شیرازەی وەڵاتەکەمان لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەزی بونیاد نراوە، لەباری نەتەوەییشەوە چەوساوەترین نەتەوەین و لەم پێوەندییەدا گرێوگۆڵێکی زۆرمان لەبەردەمدایە. سیستمی سوننەتیی کۆمەڵگا و هەوڵی داگیرکەران بۆ هێشتنەوەمان لە تاریکیدا، ئەرکی ئێمەی ژنانی چەندقات کردوە. ئێستاش لە کاتێکدا کە بەرەو پیری ڕێزگرتن لەو ڕۆژە جیهانییە دەچین بە داخەوە ژنانی کورد لە ژێر دەسەڵاتی دواکەوتوو و دژە ژنی کۆماری ئیسلامیدا، لە هەموو مافێکی ئینسانی بێبەشن و ڕووبەڕووی سەختترین سزاو پێشلکارییەکان دەبنەوە. بەڵام بە خۆشییەوە کەم نین ئەو ژنە ئازا و شۆڕشگێرانە،کە ئەمڕۆکە تاویان داوەتە خەباتێکی چەن ڕەهەندی و بە شکاندنی پێکهاتە باوەکان کە مرۆڤیان لە تاریکیدا ڕاگرتوە، ڕەوتی چوونە پێش دەپێون و بە بێ ترس لە مەترسییەکانی پێشهاتوو، ڕێچکەیەکیان گرتۆتە بەر کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لایەنگرانی پەرە دەستێنێ.

بەم بۆنەیەوە سڵاو لە پێشرەوان و ڕێبوارانی ڕێگەی بەرابەری و هەموو ئەو کەسانەی کە لە پێناو نەهێشتنی جیاوازی و خەباتی یەکسانیخوازیدا هەنگاوێکیان هەڵگرتوە.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**کومیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات**
**ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد**
**ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان – نینا**

**٨ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی**
**١٧ی ڕەشەممەی ١٣٩٢ی هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە



خوێندنەوەی پەیامی دەفتەری سیاسی لە لایەن کاک قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سمیناری ٨ی مارس دا

ژنانی کوردستان!

داواکارانی یەکسانی لە کوردستان و ئێران!

بە بۆنەی هاتنی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە بە گەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەینو بۆتێکۆشانو چالاکی‌یەکانی ئێوەو هەموو بەشدارانی خەبات لە پێناوی یەکسانیی ژنو پیاو لە کوردستان، ئێرانو سەرانسەری جیهان لەم ڕۆژە دا، سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازین.

٨ی مارس، تا دێ پتر دەبێتە زەنگی جووڵاندنی ژنانو پیاوانی داواکاری یەکسانی. سالآنێکی زۆرە نەک هەر لە ڕۆژاوا بەڵکوو لە سەرانسەری جیهان، بەشدارانی بزووتنەوەی یەکسانی‌خوازی لە ٨ی مارس‌دا، هێزی ڕوو لە گەشەی خۆیان دەنوێننو ویستو داخوازەکانی خۆیان بە گوێی زەوتکەرانو پێشێلکارانی حورمەتو مافە ئینسانی‌یەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی خۆیان، دەگەیەنن.

ئەگەرچی لە وڵاتی ئێران، دەوڵەتو دامودەزگا حکوومی‌و دەوڵەتی‌یەکانو دەستوورو پارلمانی وڵات، هێشتا دانیان بەم ڕۆژە جیهانی‌یەدا نەناوەو بە ڕەسمی‌یان نەناسیوە، بەڵام ٨ی مارس بۆ خەڵکی ئێران ڕۆژێکی ناسراوە. بە هەوڵو خەباتی بزووتنەوەی یەکسانی‌خوازیی ژنانو ڕێکخراوە سیاسی‌یە خەباتگێرو ئازادیخوازەکان، پێشوازی‌و بەڕێوەبردنی چالاکی‌و ڕێوڕەسمی تایبەت بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە، بووە بە نەریتێکی خەباتکارانە. لە کوردستان بە هۆی بایەخ‌پێدانو ڕەنگدانەوەی هەر لە کۆنەوەی پرسی ژن لە بەرنامەو تێکۆشانی هێزە نەتەوەیی‌و چەپەکان‌دا، ٨ی مارس بە تایبەتو بە گشتی پرسی ژنان لە ئەدەبیاتی سیاسی‌و ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی کوردستانو لە تێکۆشانو ژیانی سیاسیی ئەوان دا جێگەو پێگەیەکی تایبەتیی هەیەو لەم ڕێگایەوە ژنانی پێشەنگ لە شارو ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، بە بڕوابەخۆبوونێکی زیاترەوە، ڕێز لەم ڕۆژە دەگرن.

ئەمساڵ لە کاتێکدا، بە پێشوازی ٨ی مارسەوە دەچین کە چەوساندنەوەی ژنانو تاوان لە دژی ئەم بەشەی کۆمەڵگە، لە زیادبوون‌دایە. وێڕای درێژەو بەردەوامیی ستەمو نابەرابەری‌و چەوساندنەوە قانوونی وعورفی‌یەکان، توندو تیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە بە تایبەتی کوشتنی ژنان یا ناچارکردنی ئەوان بە خۆکوژی، بەردەوامە. ڕۆژ نیە دەیان هەواڵ لە بارەی ژنکوژی و دەستدرێژی بۆ سەر ژنان نەبیسین. کەمتر ڕۆژێک هەیە هەواڵی دڵتەزێنی خۆکوشتنی چەندین ژن لە ئاکامی تەحەممول‌نەکردنی گوشار لە نێو بنەماڵەو کۆمەڵگە دا نەخوێنینەوە. شانبەشانی دیتنی ئەم ڕووە دزێوەی گوشارو تاوان دژی ژنان، شایەدی ئەوەین کە قەیرانو کێشە ئابووری‌و کۆمەڵاتی‌یەکان، زۆرترین قوربانی‌یانی خۆیان لە نیو ژنان‌دا هەڵدەبژێرن.

بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشی و هیوایە، ئەوەیە کە ژنان کۆڵیان نەداوە. تەمەنی ملنەدانی ژنانی ئێران بۆ پەتی کۆیلەتی‌و یاسا دژەژنو کۆنەپەرستانەکانی کۆماری ئیسلامی، بەرامبەرە لە گەڵ تەمەنی ئەو ڕێژیمە. لەو ڕۆژەوە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی‌و ڕێژیمەکەی لە گەڵ ٨ی مارس لە ڕەشەمەی ١٣٥٧دا، دژایەتیی ئەم ڕۆژەوهاوپێوەندیی جیهانیی ژنانی کرد، ژنانی ئێران لە ڕیزی پێشەوەی خەباتو بەربەرکانی لە گەڵ ئەو دەسەڵاتە جەهەننەمی‌یەدا بوون.

کۆماری ئیسلامی بە ناوی ناتەبابوونی پەیماننامەو ڕێوشوێنە نێودەوڵەتی‌یەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لەگەڵ ئیسلام، بە ڕاشکاوی‌و رووهەڵماڵاوی‌یەوە دژایەتی‌و ئینکاری سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی ئەومافانە دەکا کە پێوەندی‌یان بە ژنانەوە هەیە. لە ڕێگای زاڵکردنی ئایدۆلۆژیاو

بۆ لاپەڕەی ٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی ٦٨ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان




خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان
لە لایەن خاتوو حەلیمە ڕەسووڵی بە بۆنەی ٦٨ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان

### خۆشکو برایانی هێژا!
### ژنانی مافخوازی کوردو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان!

لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێکی زۆر ئاستەمدا بە هیممەتی پێشەوای مەزن هەنگاو بۆ سازدانی ڕێکخراوێکی ژنان هەڵگیرا کە کۆمەڵگای ئێران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی لە باری فکری و سیاسیی‌یەوە زۆر پێشکەوتوو نەبوو. کولتووری زاڵ بە سەر کۆمەڵگاکەمان دا بە جۆرێک بوو کە بەداخەوە ژنان لە هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگا زیاتر دەچەوسانەوە. بەڵام لە وەها بارودۆخێکدا بوو کە ژنان بۆ یەکەمجار توانیان داخوازەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ. کە ئەمەش دەسکەوتێکی گرنگ بۆ ژنان لە کوردستانی ئێران دا بوو. چالاکیی ژنان لە کاری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتوویی فکری و دەروونیی ڕێبەرانی کۆمار و بەتایبەت شەخسی پێشەوا قازی محەممەد. مینا خانمی قازی هاوسەری پێشەوا وەک یەکەم بەرپرسی ڕێکخراوی ژنان لە سەردەمی کۆماردا بووە. میناخانم لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە یەکێک بووە لە هاندەرەکانی پێشەوای نەمر لە کارو خەباتیسیاسی دا.

بێگومان شانازی‌یەکی گەورەی ئەو ریکخراوە ئەوەیە کە لە دەورانی زێڕینی کۆماری کوردستاندا دامەزرا. هەتا ئەوکات ژنان خاوەن ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان نەبوون و ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بوارەکانی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا نەبوو، بەڵام بەم هەنگاوە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی ژنان دەست پێکرا. پێشەوای گەورەی کورد قازی محەممەد، بە بیری تیژ و ڕامانی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانەی خۆی زیاتر لە هەموو کاتێک هەستی بە پێویستیی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنانی کورد کردبوو، هاوکاتیش دەیزانی کە بە بێ بەشداری و چالاککردنی ژنان لە بوارگەلی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، ئەرک و کاروبارەکانی کۆمارو کۆمەڵگا بە باشی بەڕێوە ناچن و بە نەخوێندەوارمانەوەی ژنان، کۆمەڵگای کوردستان پێش ناکەوێو دەتوانێ ببێتە ئاستەنگ و مەترسی‌یەکی گەورەو جیددی بۆ سڕینەوەی دۆخی نەریتی و دواکەوتووانەی پێشوو.

دامەزراندنی «یەکیەتیی ژنان» کە لە لایەن قازی محەممەدەوە پشێنیار کرا، نیشاندەری ئەوەیە لەو سەردەمانەشدا پیاوانێک هەبوون کە لە خەمی مافەکانی ژناندا بوونو هەستیان بە پەراوێزخرانی ژنانو نەبوونی مافەکانیان کردوە کە سەردەمانێکە ژنان چەوسێندراونەتەوە و دەچەوسێندرێنەوە. لە سەردەمی کۆمار کە باسی نزیک بە ٧ دەیە لەمەوبەر دەکەین، ژنان



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## دریژەی:

# پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ٦٨ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان

**خۆشکو برایانی هێژا!**
**ژنانی مافخوازی کوردو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان!**

له سەردەمی کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێکی زۆر ئاستەمدا بە هیممەتی پێشەوای مەزن هەنگاو بۆ سازدانی ڕێکخراوێکی ژنان هەڵگیرا کە کۆمەڵگای ئێران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی لە باری فکری و سیاسی‌یەوە زۆر پێشکەوتوو نەبوو. کولتووری زاڵ بە سەر کۆمەڵگاکەمان دا بە جۆرێک بوو کە بەداخەوە ژنان لە هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگا زیاتر دەچەوسانەوە. بەڵام لە وەها بارودۆخێکدا بوو کە ژنان بۆ یەکەم جار توانیان داخوازەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ. کە ئەمەش دەسکەوتێکی گرنگ بۆ ژنان لە کوردستانی ئێران دا بوو. چالاکیی ژنان لە کاری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌دا دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتوویی فکری و دەروونیی ڕێبەرانی کۆمار و بەتایبەت شەخسی پێشەوا قازی محەممەد. مینا خانمی قازی هاوسەری پێشەوا وەک یەکەم بەرپرسی ڕێکخراوی ژنان لە سەردەمی کۆماردا بووە. میناخانم لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە یەکێک بووە لە ماندەرەکانی پێشەوای نەمر لە کارو خەباتی‌سیاسی دا.

بێ‌گومان شانازی‌یەکی گەورەی ئەو ڕیکخراوە ئەوەیە کە لە دەورانی زێڕینی کۆماری کوردستاندا دامەزرا. هەتا ئەوکات ژنان خاوەن ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان نەبوون و ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بوارەکانی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا نەبوو، بەڵام بەم هەنگاوە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی ژنان دەست پێکرا. پێشەوای گەورەی کورد قازی محەممەد، بە بیری تیژ و رامانی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانەی خۆی زیاتر لە هەموو کاتێک هەستی بە پێویستیی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنانی کورد کردبوو، هاوکاتیش دەیزانی کە بە بێ بەشداری و چالاککردنی ژنان لە بوارگەلی سیاسیو کۆمەڵایەتی‌دا، ئەرک و کاروبارەکانی کۆمارو کۆمەڵگا بە باشی بەڕێوە ناچنو بە نەخوێندوارمانەوەی ژنان، کۆمەڵگای کوردستان پێش ناکەوێو دەتوانێ ببێتە ئاستەنگ و مەترسی‌یەکی گەورەو جیدی بۆ سڕینەوەی دۆخی نەریتی و دواکەوتووانەی پێشوو.

دامەزراندنی «یەکیەتیی ژنان» کە لە لایەن قازی محەممەدەوە پشێنیار کرا، نیشاندەری ئەوەیە لەو سەردەمانەشدا پیاوانێک هەبوون کە لە خەمی مافەکانی ژناندا بوونو هەستیان بە

## دریژەی:

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە

خوێندنەوەی ئایینی- ئەویش خوێندنەوەیەکی دواکەوتووانە- بە سەر قانوونەکانو ڕێوشوێنەکانی وڵاتو هەموو بوارەکانی کۆمەڵدا، ئێرانی کردوە بە دۆزەخێکی ترسناک بۆ ژنان. شەرعییەتدانو ڕەسمییەتدانی دەسەڵات بە بێمافیو سووکایەتی بە ژنان، وەزعێکی وای خوڵقاندوە کە لە نێو بنەماڵەو کۆمەڵگەش دا، ژنان بە هاسانی لە گەڵ پێشێلکرانی ڕێزو کەرامەتی مرۆیی خۆیان بەرەوروو بن. سەرەڕای ئەم ڕاستی‌یانەو لە گەڵ هەموو گیروگرفتە بێ‌ئەژمارەکانی سەرڕێگای ژیانو تێکۆشان، ژنانو کچانی ئێران، قبووڵیان نەکردوە کە لە قوژبنی ماڵی مێردو باوکدا وەک کۆیلەیەک بۆ خزمەتکردنی پیاوان بمێننەوەو مل بۆ ئەم وەزعە رابکێشن. ئەوان لە مەیدانەکانی خوێندنو خۆپێگەیاندنو لە گۆرەپانەکانی کارلە دەرەوەی ماڵو لە بوارەکانی زانستی، کولتووریو بە تایبەت لە بەستێنی هەوڵدانو خەبات بۆ گۆڕینی هەلومەرجی سیاسی، حزوورێکی دیارو حاشالێ‌نەکراویان هەیە. لە مەیداندابوونو بەرەوپێشچوون سەرەڕای هەموو کۆسپو سەختی‌یەکان، وای کردوە بروابەخۆبوونو شێلگیربوون لە سەر ویستی گەیشتن بە ژیانێکی شیاوی مرۆڤی ئەم سەردەمە، لە نێو ژنانی ئێراندا، بە هێزتر بێ‌و ماندووبوونو کۆڵنەدان نەناسن.

داواکارانی یەکسانی لەکوردستان و ئێران!
ژنانی خەباتکار!

حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاتنی ٨ی مارس بە دەرفەت دەزانێ بۆ ئەوەی پشتیوانیی خۆی لە داخوازە ڕەواکانی بزووتنەوەی یەکسانی‌خوازی لە کوردستانو ئێران، دووپات بکاتەوەو هاودەنگ لە گەڵ ژنانی خەباتکار لە کوردستانو هەموو بەشەکانی ئێران، لە سەر پێویستیی کۆتایی‌هاتنی هەڵاواردنو چەوسانەوەو نابەرامبەری دژی ژنان پێ دادەگرێتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم بۆنەیەدا وەبیر هەموو تیکۆشەرانو ئەندامانی خۆیو تێکرای ڕێکخراوو دامەزراوەکانی خۆی دێنێتەوە کە هاوبەشی لە خەباتی یەکسانی‌خوازانەو پشتیوانی‌لێکردنی لەهەر شوێنێک کە تێکۆشانی حیزبی ئێمەو تێکۆشەرانو ئەندامانی حیزبی ئێمەی لێ بن، ئەرکێکی حیزبیو مرۆییمانە. پێمان وایە بڕواهەبوون بە یەکسانیی ژنو پیاوو ڕەنگدانەوەی لە ژیانی شەخسیو بنەماڵەییمانو خەباتکردن لە پێناویدا، بەشێکی جیانەکراوە لە پیناسەی مرۆڤێکی دێموکراتو خاڵێکی سەرەکی‌یە لە پێناسەی ئەندامێکی شیاوی حیزبێکی دێموکراتو مۆدێرن.

لە پێشوازی ٨ی مارسی ئەمساڵ دا، بە گەرمی پیرۆزبایی لە ژنانی کوردستان، ئێرانو جیهان دەکەین. هیوامان ئەوەیە بە پشتیوانیی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری هەموو بەشەکانی کۆمەڵو بە تایبەتی بە هاوکاریی حیزبو ڕێکخراوە ئازادیخوازو خەباتگێڕەکان، بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانو ئێران، پتر بچێتە پێش.

**سڵاو لە ئاڵاهەڵگرانی خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی،**
**پیرۆز بێ ٨ی مارس ڕۆژی نیونەتەوەیی ژنان،**
**سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی یەکسانی‌خوازی.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٦ی مارسی ٢٠١٤**
**١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قسەکانی قادر وریا
# ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان
## لە ڕێوڕەسمی ٦٨ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستاندا




**ژنانی خۆڕاگر!**
**هاوڕێیانی بەڕێز!**
**میوانە خۆشەویستەکان!**
**ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات!**

لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ٦٨ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە ئێوە ئامادەبوان و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ئەو یەکیەتی‌یە دەکەم. بۆ یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی زیاتر لە تێکۆشان و بۆ ئێوەش سلامەتی و سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم.

دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی (مارسی ١٩٤٦) دا، لەو ڕووداوانەی مێژووی نوێی نەتەوەکەمانە کە شایانی یادکردنەوە و ڕێزلێنانن. بۆمان هەیە بڵێین یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانە کە لە کوردستان پێک هاتوە. ئەم ڕووداوە لە چەند بارەوە جێگای لێوردبوونەوەیە. لە پێشدا لە ڕووی ڕچەشکێنی و پێشەنگبوونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە بایەخدان بە پرسی ژنان لە کۆمەڵ دا.

یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا پێک هاتوە. ئەم دەوڵەتە تەمەن‌کورتەی نەتەوەی کورد لە ماوەی ١١ مانگ تەمەنی خۆی دا، سەرچاوەی زۆر ڕووداو و دەسکەوتی گرنگ بووە بۆ کورد. لە بۆنەکانی دیکە دا زۆر باسی ئەو دەسکەوتانە کراوە. من لێرەدا تەنیا دەمەوێ ئاماژەیەکی کورت بە نێوەرۆکی دەولەمەندی ڕوانینی کۆمەڵایەتیی ئەو دەوڵەتە کوردی‌یە و سەرۆکەکەی واتە پێشەوا قازی محەممەد بکەم. دەزانین کە لە سالانی ١٣٢٤ و ١٣٢٥ دا، لاوانیش وەک ژنان، ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان بۆ پێک هات و یەکیەتیی لاوانی دیمو کراتی کوردستانیش، هەر ئەو کات دامەزرا. هەر وەها دەزانین کە منداڵانیش لە سەردەمی پڕ فەڕو بەرەکەتی کۆماردا، لە بیر نەکرابوون. جگە لەو هەمووە ئاوڕەی لە بواری پەروەردە و فێرکردنی خۆرایی و خوێندن بە زمانی زگماکی لێیان درایەوە، ببوونە خاوەن بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان و گۆڤاری «گروگاڵی منداڵانی کورد» یادگاری ئەو سەردەمەیە.

کۆماری کوردستان و لە سەرەوەی ئەم کۆمارە، پێشەوا قازی محەممەد، نرخ و بایەخی گرنگی‌دان بە توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵیان دەزانی. باش لەم ڕاستی‌یە ئاگادار بوون کە ئەگەر بیانەوێ کۆمەڵگا پێش بکەوێ، دەبێ گرنگی بە بەشداریی ژنان لە کاروباری کۆمەلایەتی و کولتووری و سیاسیی کوردستان‌دا بدەن. دەبێ ڕێگا خۆش بکەن کە ژنان لە چوارچێوەی ماڵ بێنە دەر. دەبێ پەروەردە ببن و ئەرکیان بکەوێتە سەرشان و بەشداری کاروباری کۆمەڵ بن. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە بوو، لە کۆماری کوردستان دا بایەخ بە خوێندەواریی کچان و ژنان درا. هەوڵ درا ژنان بێنە نێو ڕێوڕەسم و بۆنە و کۆبوونەوەکان و وتار و قسەی خۆیان هەبێ. پێشەوا قازی محەممەد، بۆ خۆی پێشەنگ بوو لە هێنانی هاوسەرەکەی، مینا خانم بۆ نیوکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و هاندەری کاربەدەستانی کۆمار و هاوکاران و هاوخەباتانی خۆی بووە بۆ ئەوەی ژن و کچی خۆیان لە کار و چالاکیی سیاسی ، نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دا بەشدار بکەن.

ناوی مینا خانم، هاوسەری پێشەوا قازی محەممەدی سەرکۆماری کوردستانم هێنا. لێرە دا جێی خۆیەتی بە ڕێزەوە سڵاوی بۆ بنێرین،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە جگە لەوەی خانمی یەکەمی یەکەم دەوڵەتی مودێرنی کوردی بوو، یەکەم بەرپرسی یەکەم ڕێکخراوەی تایبەت بە ژنانی کورد بووە، ڕێکخراوێک کە تا ئەمرۆش لە کۆڕی تێکۆشان دا ئامادەیە و ئەمرۆ ئێمە لێرە بە بۆنەی ٦٨ ساڵەی دامەزرانیەوە، جێژن و مراسممان گرتوە. مینا خانم لە دوای شەهادەتی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەدیشەوە،تا دواساتەکانی ژیانی کە ساڵی ١٩٩٨ بوو، وەفا وخۆشەویستیی خۆی بۆ ڕێگا و ڕێبازی کۆمار و پێشەوا قازی محەممەد،کە ئەوینی کوردستان و ئازادیی نەتەوەی کورد بوو، هەر پاراست.

کە باسی ڕووداوی دامەزرانی یەکەم رێکخراوی تایبەت بە ژنان لە نێو کورد دا دەکەین، جێی خۆیەتی لە سەر دوو خاڵ، هەڵویستە بکەین. یەکەم ئەوە کە ئەو کات ئەگەر لە نێو نەتەوەکانی دەوروبەر، شتێکی ئەوتۆش کرابێ، لە شارێکی وەک تاران بووە، لە ئەستانبووڵ بووە، لە بەغدا بووە. ئەوانە شاری گەورە و پڕحەشیمەت بوون و دەیان ساڵ بوو ناوەندی جووڵە و ڕووداوی سیاسی بوون و لە نێوان کاربەدەستان، ڕووناکبیرانی دانیشتووی ئەو شارانە و شارو پێتەختە گەورەکانی ڕۆژاوا، هاتوچۆ هەبوو کە هەمووی ئەوانە دەور و تەئسیری خۆیان هەبووە لە کرانەوە و پێشکەوتنی عەقڵ و بیرکردنەوەی کاربەدەستان و دانیشتووان دا. بەڵام زۆر گرنگە لە شارێکی بچووکی ئەوکاتی کوردستان، لە مەهاباد و لە لایەن دەسەلاتێکی کوردیەوە، لە پێوەندی لە گەڵ ژنان دا کارێک بکرێ و هەنگاوێک بنرێ کە لە تاران و بەغدا و ئەستانبوول و قاهرەش دا، بە تازەیی کرابوون یا دەکران. ئەمە تەنیا پێشکەوتوویی فکریی و موتەمەددینبوونی ڕیبەرانی کۆماری کوردستان و بە تایبەتی سەرۆکی ئەو کۆمارە دەگەیەنێ.

خاڵێکی دیکە کە ئەمرۆ بە دەرفەتی دەزانم لێرە بیلێم و لە مێژیشە لە دڵم دایە، هەڵویستەکردن لە سەر راستی‌یەکە کە زۆر لایەن بە ئەنقەست خۆ لە درکاندن و دانپێدانانی دەبوێرن. ڕاستی‌یەکە ئەوەیە کە راستە کۆماری کوردستان، دەسکەوتێکی نەتەوەیی و گشتی بوو، بەڵام خۆ ئەوە هیچ لەم راستی‌یە ناگۆڕێ کە خاوەن و دامەزرێنەری خۆی هەبوو، ئەویش حیزبی دیموکراتی کوردستانە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، دامەزرێنەری کۆماری کوردستانە و، ڕێبەرانی کۆمار و زۆربەی خوڵقێنەرانی شانازی‌یەکانی ئەو سەردەمە، تێکۆشەر وسەرمایە و موڵکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون. ئەوانەی پێیان حەیفە دان بەم راستی‌یەدا بنێن، ناحەقی نەک هەر لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵکوو ناحەقی لە کۆماری کوردستان و ناحەقی لە مێژوو و حەقیقەتیش دەکەن. ئەو ڕووداو و دەسکەوتانەی نەتەوەی کورد لە سالانی ١٩٤٥ و ١٩٤٦ دا، شایەدیان بووە، هەڵقووڵاوی بەرنامەی پێشکەوتووانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەرهەمی روانین و بیرکردنەوەی ئینسانی و سەردەمییانەی ڕێبەرانی ئەم حیزبەو لە سەرووی هەمووانەوە قازی محەممەد، پێشەوای ئەم حیزبە بوون.

دیارە بۆ یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و بۆ حیزبی دیموکراتیش بە دڵنیایی‌یەوە جێگای خۆشحاڵی‌یە کە خاوەنی ئەو جێگە و پێگەیەن لە دەسپێشخەری لە دامەزرانی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان دا. بە تایبەتی کە هەر دوویان، دواتریش لە سەر هەمان ڕێچکە رۆیشتوون و لە قۆناغەکانی دیکەی تیکۆشان و خەبات دا، چالاکی و تێکۆشان لە نێو ژنان و گرنگیدان بە پرسی ژنانیان لە بەرنامەی کاری خۆیان دا هەبووە. بەڵام با لەیەک ڕاستییش غافڵ نەبین. هەر ئەوە کە ئەم یەکیەتی‌یە، یەکەم رێکخراوی تایبەت بە ژنان لە نیو کورددایە و هەر ئەوە کە حیزبی دیموکرات یەکەم حیزبی کوردی‌یە ڕیکخراوی تایبەت بە ژنانی پێک هێناوە، چاوەڕوانیی کۆمەڵگە و خەڵک لەوانی زیاتر کردوە. ئەگەر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەڕێوەبەری و تێکۆشەران و ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، لە هەموو کات چالاکتر نەبن و ڕۆڵ و دەوریان لە کۆکردنەوەی ژنانی کورد و پێگەیاندنیان و کارکردن بۆ پرسی یەکسانی بەرچاو نەبێ، ئەگەر گۆڤار و ماڵپەڕ و سیمینار و کۆنفرانسەکانیان دەوڵەمەند و شوێندانەر نەبن،بەم رابردووەوە جێگای ڕەخنە دەبن و شانازیکردن بە رابردوو، دادیان نادا و فریایان ناکەوێ. گرنگ ئەوەیە ئەمرۆش وەک رابردوو پێشەنگ بن لە خزمەتکردنی پرسی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرەوپێشبردنی دا.

بەشدارانی بەڕێزی ئەم ڕێورەسمە!

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی لە ٣ دەیەی ڕابردوو دا قوتابخانەیەک و مەیدانێک بووە بۆ کارتێداکردن و تیکۆشانی سەدان و هەزاران ژن. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ڕۆژە دا بە ڕێزەوە ئاوڕ لە تێکۆشانی ئەوان و یەکیەتی‌یەکەیان دەداتەوە. بەلام دەمەوێ وەبیریش بێنمەوە کە پیوەندیی ژنانی کوردستان و ژنانی دیموکرات بە حیزبی دیموکراتەوە، هەمووی هەر لە کاناڵی یەکیەتیی ژنانەوە نەبووە. لە ساڵانێک دا کە یەکیەتیی ژنانیش وەک ڕێکخراوێک لە مەیدان دا نەبووە، ژنان لە ڕیزی ڕێکخستنە نهێنی‌یەکان، لە ڕیزی پێشمەرگەکان، لە ڕیزی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات و لە ڕیزی تێکۆشەران و بنەماڵەکانی تێکۆشەرانی حیزب دا، هەبوون. ئەگەر لە بیرتان بێت هاوینی ڕابردوو هەر لەم شوێنە نزیکەی ١٠٠ ژنی دیموکرات ڕێزیان لێنرا کە زۆربەیان زیاتر لە ٢٠ ساڵ بوو، تەنانەت تێیان‌دا هەبوو کە ٣٠ ساڵ و ٤٠ ساڵ زیاتر بوو، ئەندام و پشتیوان و یاوەری خەمخۆری حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی لە سەختترین قۆناغەکان‌دا بوون. کەوایە ژنان لە ڕێرەوی حیزبی دیموکراتەوە، هەموو کات بەشێک بوون لە بزووتنەوەی نیشتمانی و رزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان، بەشێکی گرنگ بوون لەو هیزە ئینسانی‌یەی کە خەبات و تێکۆشانی حیزبی ئێمەیان بەرەو پێش بردوە. لە راستیدا حیزبی دیموکراتی کوردستان قەرزداری ژنانە و هەر چی بۆی کردبن و بۆیان بکا، زۆری نەکردوە.

لێرە بە دەرفەتی دەزانم ڕەخنەیەکیش لە پیاوانی سەر بە حیزبی دیموکرات، هەر لە ئەندامانی ڕێبەری‌یەوە تا دەگاتە کادرەکان و پێشمەرگەکان و ئەندامانی سادەی حیزب بگرم. من زۆر جار کە باس لە روانینی حیزبی دیموکرات بۆ پرسی ژن ومافەکانی ژنان و ئەرکەکانی حیزب لە پیوەندی لە گەڵ ژنان دا دەکەم، بە سەربەرزی‌یەوە لەم بارەیەوە دەدوێم. چونکە بەرنامە و پێڕەوی نیوخۆی حیزبی دیموکرات و ئەدەبیات و پەسەندکراوەکانی ئەم حیزبە و قسە و نووسینەکانی ڕیبەرانی حیزب، گرنگیدان بە ژنانیان تیدا بووە. لە مەیدانی کردەوەش دا زۆر جار دام و دەزگا حیزبی‌یەکان، بە داکۆکی لە مافەکانی ژنان و بەرپەرچدانەوەی ئەو ستەمانەی لە ژنان دەکرێن، کاریان کردوە. بەڵام هێشتا زۆر لەو پیاوانەی لە ئاستی جۆراوجۆر لە حیزبی دیموکرات دا تیکۆشانیان هەیە، ئەو بایەخەی پێویستە بە تێکۆشانی ژنان و بە مافەکانی ژنانی بدەن، تێیان دا بەدی ناکرێ. هێشتا زۆر پیاوی وامان هەن عەقڵییەت و بیرکردنەوەیان لە بارەی ژنان و تواناکانیانەوە، پێشکەوتووانە و دیموکراتانە نیە. یا لە باشترین حاڵەت دا، پێیان وایە پرسی نەهێشتنی نابەرابەری و ستەم و چەوسانەوەی ژنان، پرسێکی ژنانەیە و ئەوان نابێ ڕۆڵێکیان تێیدا هەبێ. ئەگە ر بمانەوێ شایستەی ناوی درێژەدەرانی ڕێگای پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری کوردستان بین، دەبێ لە پێوەندی لە گەڵ ژنانیش دا وەک ئەوان عەمەل بکەن. لە سەر بیرکردنەوە و روانینی خۆمان کار بکەین و هەست و عەقڵیەتی خۆمان لە رسووباتی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانە، پاک بکەینەوە. هاندانی ژنان بۆ نێو کارو تێکۆشان و بزووتنەوە بە ئەرکی خۆمان بزانین، بایەخ بە پەروەردەکردنیان بدەین، ڕێگایان بۆ بکەینەوە و پشتیوانی لە تیکۆشان و خەباتیان بکەین. لە بیرمان بێت چۆنیەتیی روانین بۆ مافەکانی ژنان و پرسی ژن و جۆری بایەخدان بەم پرسە گرنگە، خەریکە دەبێتە پێوەرێکی جیهانی بۆ کارابوون و سەردەمییانەبوونی نەک هەر حیزب و ڕێکخراوەکان بەلکوو بۆ هی تاکەکانیش. هەر بۆیە بارهێنانی ئەندامانی حیزب بە کولتوور و ڕۆشنبیری‌یەکی ئینسانی و یەکسانی‌خوازانە، لە هەموو کات زیاتر دەبێ ببێتە بەشێک لە پەروەردە و پێگەیاندنی حیزبیمان.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەم یادە لە ژنانی دیموکرات بە تایبەتی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەکەم. هیوام سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی ئەم یەکیەتی‌یە و بزووتنەوەی یەکسانی‌خوازی لە کوردستان و لە نێو نەتەوەی کورد دایە.

سەرکەوتوو بن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی خاتوو خەجیج مەعزوور بە بۆنەی ٢٤ی رەشەمە،

## ٦٨ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان



### ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان!
### هاوڕێیانی خۆشەویست!
### ژنانی تێکۆشەری نێو ریزەکانی خەبات!

سەرەتا ئیزن بدەن رۆژی ٢٤ی رەشەمە ٦٨ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە گشت ژنانی چالاکی نێو جەرگەی خەبات لە پێناوی دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکان و گەیشتن بە مافە ئینسانی‌و مەدەنی‌یەکان و ژنانی چالاکی کوردستان پیرۆزبایی بکەم.

ئەمرۆ بە گشتی لەو رێورەسمەدا لە دەوری یەک کۆبووینەوە تا رێزو ئەمەگناسیی خۆمان پێشکەشی بنیاتنەرو دامەزرێنەری «یەکیەتیی یایان» یەکیەتیی ژنانی ئێستا، یەکەم رێکخراوی ژنانی کوردستان قازی محەممەدی نەمر بکەین، کە ٧ مانگ دوای راگەیاندنی حیزبی دیموکرات و کەمتر لە دوو مانگ پاش دامەزراندنی کۆماری کوردستان مزگێنیی ئەم رووداوە گرنگ و مێژوویی‌یەی لە هەلومەرجێکدا بە ژنان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا کە کوردستان نوقمی دیاردە نەخوازراوەکان بووو هەروەها ناوچەیەکی دواکەوتوو کە سیستمێکی عەشیرەیی‌و فیئوداڵی بە سەری‌دا زاڵ بوو، قازی محەممەد لەو کۆمەڵەدا ئاگاهانە بۆ بەختەوەریی نیوەی کۆمەڵ پشتی لە کولتوورو دابونەریتە دزێوەکانی کۆمەڵی کوردەواری کردو بوو بە پێشەنگو رچەشکێن‌و سوننەتشکێن‌و بوێرانە ژنان بانگهێشتی مەیدانی کار و چالاکی سیاسی و کۆمەڵیەتی دەکا و لە پێش‌دا لە بنەماڵەکەی خۆی ڕا دەست پێ‌دەکاو رەوانەی مەیدانی خەباتی بە کردەوەیان دەکا.

### ژنانی خەباتگێر!

لەو کاتەوە تا ئێستا ٦٨ ساڵ تێ‌دەپەرێ، پرسیار ئەوەیە ئایا ئێمە ژنان توانیومانە وەڵامدەری ئەو ئیقداماتە و بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە پڕبایەخە کە قازی محەممەد بنیاتنەری بوو، بووبین و چەندە هەوڵمان بۆ داوە بارتەقای ساڵانی دامەزرانی ئەم رێکخراوەیە چالاکیمان هەبێ و ببینە رێکخراوێکی نموونەو تاقانە بۆ پێگەیاندن و رۆشنبیرکردنی ژنان؟

دەبێ بڵێم هەر چەندە چارەنووسی یەکیەتیی ژنان هەمیشە بەستراوەتەوە بە چارەنووسی حیزبی دیموکرات، هەر کات حیزبی دێموکرات لە رابردوودا بە هۆی جۆراوجۆر، کارو چالاکی بۆ ماوەیەک تووشی وەستان هاتوە، یەکیەتیی ژنانیش تووشی هەمان چارەنووس هاتوە، سەرەڕای ئەو هەوراز و نشێوانە، بە خۆشی‌یەوە ئێستا توێژی ژنان خاوەن رێکخراوێکی تایبەت و بەرپرس‌و رێبەرایەتیی خۆیەتی‌و خاوەن پێرەو و پرۆگرام‌و کۆنفرانس‌و گۆڤارەو ئەزموونێکی زۆری وەسەر یەک ناوە، بەڵام ئەوە بەس نیەو دەبێ ئەزموون تێکەڵ بە خۆپێگەیاندن‌و خۆوشیارکردنەوە بە زانست و زانیاری سەردەم بکرێ‌و دەبێ ژنان ئەزموونەکان‌و ئاڵوگۆڕەکان بە ئاگاهی‌و وشیارییەوە بقۆزنەوەو بیکەنە گوفتمان‌و تریبوونێکی بە هێز بۆ تەئسیردانان لە سەر رووداوە گرنگەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەی ژن‌و مافی نەتەوایەتی. ژنی کورد لە هەر دووی ئەو مافانە بێبەشە کە بە ئاشکرا لە جاڕنامەی مافی مرۆڤدا جەختی لە سەر کراوە. یەکیەتیی ژنان بێجگە لە هەوڵدان بۆ وەدی‌هێنانی ئامانجە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و هەوڵدان بۆ لابردنی ئەو ناحەقی‌و نایەکسانی‌یە کە لە کۆمەڵو دامودەزگاکان لە بەرامبەریان‌دا ڕەوا دەبینرێ‌و سەلماندنی بوونی خۆی لە مەیدان دا، مەسەلەی نەتەوایەتی کە لە لایەن دەسەڵاتبەدەستانەوە بە تاوانی گەورەو نەبەخشراو لە قەلەم دەدرێ لە بیر نەکەین‌و هەستی نەتەوایەتی لە نێو ژنانی کوردستان دا بەهێز بکەین. هانیان بدەین لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتی‌یەکان دیفاع بکەن‌و ئەوە بە ئەرکێکی گرنگی خۆیان بزانن، مێژوو نیشانی داوە خەباتی ژنان بۆ دابینکردنی ماف‌و ئازادی‌و بەرابەری بەشێکی جیانەکراوە لە خەبات بۆ دیموکراسی و دابینکردنی مافی نەتەوایەتی.

### هاوڕێیانی بەرێز!

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە کاتێک دا یادی ٦٨ ساڵەی لە دایکبوونی رێکخراوەکەی دەکاتەوە، کە لە وڵاتەکەمان دا، ژن ئازاد نیە، ژن خاوەنی مافی ئینسانی خۆی نیە، دەسەڵاتبەدەستان هەر دەنگو حەرەکەتیکی ئازادیخوازانەی ژن کپ دەکەن‌و پێشی هەر جۆر کارو چالاکی‌یەک کە دڵخوازیان نەبێ دەگرن. زەخت‌و فشارە نائینسانی‌یەکانیان لە سەر ژنان ئەوندە زۆر کردوە کە لە نێو بەشێک لە ژنان دا، بێ‌هیوایی، بێ‌داهاتوویی، توندوتیژی، بێکاری‌و هەژاری، خۆکوژی، هەڵاتن لە ماڵەوە، نەخۆشی‌یە جۆراوجۆرەکان وگیرۆدە بوون بە ماددە هۆشبەرەکانی پێک هێناوە کە جێگای داخە. دیارە ئەگەر ئەم دیاردە دزێوانە بەرۆکی ژمارەیەک لە ژنانی گرتوە. لە بەرامبەردا بە خۆشی‌یەوە بەشێکی زۆر لە ژنان لە لقە جۆراوجۆرەکانی خوێندن لە خوێندنگەو زانکۆکان دا سەرکەوتنیان وەدەست هێناوەو رێژەی سەرکەوتنیان زۆر بەرزەو جێگای هیواو ئومێدن، هەروەها ژنان لە نووسین‌و نواندن‌و شێعردا جێ‌پەنجەیان دیارەو شان لە شانی پیاو دەدەن. یەکیەتیی ژنان دەبێ لە بەرامبەر ئەو نارەسایی‌و سەرکەوتنانەدا خۆی ئامادە بکا. هەلە زێرینەکان بقۆزێتەوەو سوککانی ئەم کەشتی‌یە ڕاست کاتەوە بەرەو کەنارەکانی سەرکەوتن هیدایەتی بکا.

لە کۆتایی دا هیواداری دەردەبڕم ژنان بواری چالاکی‌یەکانیان بەرینتر بکەنەوە، لەسەر داواکانیان پێ‌داگر و شێلگیرتر لە رابردوو بن. شێلگیربوون‌و سووربوون لە ئاوات‌و داواکانیان نزیکتریان دەکاتەوە.

**جارێکی دیکە ٢٤ی رەشەممە لە هەموو لایەک پیرۆز بێ.**

**٢٤ی رەشەممەی ١٣٩٢ی هەتاوی**

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

## بە بۆنەی ٢ ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان




**ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**خەڵکی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەری کوردستان!**

رۆژی ٢ ی ڕێبەندان، یەکێک لە رۆژە هەرە گرنگەکانی مێژووی نەتەوەکەمانە. ٢ ی ڕێبەندان ئەو رۆژەیە کە نەتەوەی کورد بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر، لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا کۆماری کوردستانی لە شاری مەهاباد تێدا راگەیاند. کۆماری کوردستان لە ماوەی ١١ مانگ دا، زۆر بڕیاری گرنگی دان و گەلێک هەنگاوی مەزنی هەڵگرتن، هەر لەو ماوە کەمەدا گەلی کورد توانی زۆر دەسکەوت بە دەست بێنێ و هەلومەرجێکی نوێ بۆ ژیانی سیاسی و کولتووریی خۆی پێک بێنێ.

یەکێک لە دەسکەوتەکانی کۆمار دامەزراندنی دوو ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوان بوو . لەسەردەمی کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێکی زۆر ئاستەمدا بە هیممەتی پێشەوای مەزن یەکیەتیی ژنان دامەزرا کەکۆمەڵگای ئێران بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی لە رووی خوێندەوارییەوە زۆر لە دوایە بوون. کولتووری زاڵ بە سەر کۆمەڵگاکەماندا بە جۆرێک بوو کە بە داخەوە ژنان لە هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا زیاتر دەچەوسانەوە. ژنان لە وەها بارودۆخێکدا بوو کە بۆ یەکەم جار توانیان داخوازەکانی خۆیان لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەییدا بێننە گۆڕێ. ئەمە ش دەسکەوتێکی گرنگ بۆ ژنان لە کوردستانی ئێراندا بوو. چالاکیی ژنان لە کاری سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی لەو سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتوویی فکریی ڕێبەرانی کۆمار، بەتایبەت شەخسی پێشەوا قازی محەممەد. ئەگەر بزانین لە سەردەمێکدا کە خەڵکی کوردستان لێکدانەوەیەکی وای نەبوو بەرامبەر بە دۆزی ژن و کێشەو گرفتەکانیانو لە بوارەکانی ژیاندا وەک وئامراز چاویان لێدەکرا، ئەو کاتەگرنگیی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانمان زیاتر بۆ روون دەبێتەوە.

لە سەروبەندی قۆناغی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بوو کە بۆ یەکەمجار ڕێکخراوی تایبەت بە لاوان دامەزرا. لە کۆمەڵگای ئەو وەختەدا کە تەمەن زیاتر لە هەر تایبەتمەندییەکی دیکەی مرۆڤ پلەو پایەی کۆمەڵایەتیی دیاری دەکردو حیسابێکی ئەوتۆ بۆ فکرو داهێنانی لاو نەدەکرا، دامەزرانی یەکیەتیی لاوان خاڵێکی گرنگی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی بوو. لەوە بەدوا لاو دەیتوانی هەست بە کەسایەتیی خۆیو تواناکانی خۆی بکا.

بۆیە کۆماری کوردستان هەر تەنیا دەسکەوتێکی سیاسی نیە بەڵکوو دەسکەوتێکی کۆمەڵایەتی و مەدەنییشە. جێی خۆیەتی هەموومان لەو رۆژەدا سەری رێز بۆ پێشەوای نەمر دانەوێنین کە یەکەم هەنگاوی نا بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانو لاوان لە پێناو هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی جیاوازیی نێوان پیاو و ژن لە کوردستاندا. ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگای کوردی.

بەڕێزان!

ئەگەرچی ئەم کۆمارە خودموختارە تەمەنی کورت بوو و ١١ مانگ پاش دامەزرانی بە لەشکرکێشیی ڕێژیمی شای ئێران لەنێو چوو، بەڵام کۆماری کوردستان لە مێژوی نەتەوەی کورددا لاپەڕێکی گەش و پڕلەشانازیی تۆمارکردوە و دەکرێ وەک ئەزموونێکی بە نرخ سوودی لێوەربگیرێ.

کۆمارێک کە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکەی بوونی ناوەرۆکێکی دیمۆکراتیکی لە کردەوەدا بوو و بە خستنەڕووی داخوازیگەلێکی مودێڕن لە قۆناغێکی زەمانیی کورت و لە ناوچەیەکی جوغرافیایی بەرتەسکدا، گەلی کوردی بەرەو رەوتی نەتەوەباوەڕی و متمانەبەخۆیی هان دا. کۆماری کوردستان لە ماوەی ٣٣٠ رۆژ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا لە پێناو جێگیرکردنی داهێنانی مودێڕن، و چوون بەرەو کوردباوەڕیو بیری نەتەوەیی، یەکیەتیی ستراتژیک لە گەڵ ئازەرییەکان، گرینگیدان بە پرسی ژنانو لاوان، هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی چاپ و بڵاوکردنەوە، فێرکردنی زمانی کوردی و دامەزراندنی رادیۆ و چاپخانە و سینەما و زۆر کاری بەنرخی دیکە؛ هەنگاوی بەکردەوەی نا. بەکورتی کۆماری کوردستان، سەرەتای هەڵبژاردنێکی سیاسی بۆ سەقامگیرکردنی دیمۆکراسی لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی دیکتاتۆرەکان بە سەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو و بە هەق مەشخەڵیک بوو لە بیابانی تاریکستانی ئەو سەردەمەدا. هەر بۆیە ڕێز گرتن لە دووی ڕێبەندان ڕێزگرتنە لە خەباتی نەپساوە و مێژوویی پڕ لە سەروەریی گەلەکەمان و جێی خۆیەتی هەر کوردێکی نیشتمانپەرورەر شانازیی پێوە بکا.

ئێمە وەک یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان بە خوێندنەوە و سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی کۆمار درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین . دوو ڕێکخراوی یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان ، لە بیرەوەریی ٦٨ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، پیرۆزبایی لە نەتەوەی کورد دەکەن و سڵاو دەنێرن بۆ گیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەد و هاورێکانی.

**هەر شەکاوە بێ ئاڵای کۆماری کوردستان.**

**سڵاو لە درێژەدەرانی رێگای پێشەوای کورد قازی محەممەد.**

**بەرز و پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان**

**یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان**

**یەکیەتی لاوانی دیموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان**

**١ ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ (٢١ ی ژانویەی ٢٠١٤)**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## یادگارەکە ی کۆماری کوردستان





رۆژە عەزیزی

هەر حکوومەت و دامەزراوەیەک کۆمەڵێک دەسکەوتی گرنگی خۆی هەیە

بە مافەکانی مرۆڤ، مافی لاوان و ژنان و تاکی کۆمەڵگا.

بایەخ دان بە هەندێک ماف تایبەتمەندیی خۆی هەیە و مێژوو سەرنجێکی گرنگ دەداتە ئەو بایەخانە.

بێگومان کۆماری کوردستان بە رێبەریی پێشەوا قازی موحەممەد توانی لە مێژوودا ناوی خۆی بهێڵێتەوە وەک سەرجەم ئەو سیستەم و رێکخراوانە کە لە خزمەتی مافەکانی مرۆڤدا بوون.

کۆماری کوردستان بە تەمەنێکی کەمەوە رێنیسانسێکی مەزنی لە نێو گەلەکەی دا تۆمار کرد کە ئەویش گرنگیدان بە مافەکانی ژنان بوو و بە دامەزراندنی رێکخراوی یەکەتیی ژنان بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان کە یەکەم بەرپرسی ئەو رێکخراوە، مینا قازی، هاوسەری پێشەوا قازیی نەمر بووە.

لەسەر دەمی ئێستا دا دامەزراندنی رێکخراوێک بۆ پاراستنی مافی ژن، هونەر نیە و ئەرکی چالاکانی مافەکانی ژنانە. بەڵام لەو سەردەمەدا واتە ساڵەکانی ١٩٤٥و١٩٤٦ی ز، دامەزراندنی وەها رێکخراوێک نەک هەر هونەر و ئازایەتی بووە، تەنانەت نیشاندەری گەورەیی رۆحی پێشەوا و دامەزرێنەرانی کۆمار بووە بە نیسبەت مافەکانی ژنانەوە.

دامەزراندنی ئەو رێکخراوە پەیامێکی گەورە بووە بۆ کۆمەڵگای پیاوسالار و عەشایەری لەو سەردەمەدا، لە سەردەمێک دا کە لە بنەماڵە و کۆمەڵگا دا پیاو دەنگی یەکەم بووە و بگرە ژن بۆی نەبووە بە هیچ شێوەیەک هەڵوێست گر بێ. بۆیە دەتوانین دامەزراندنی وەها رێکخراوێک و هێنانە بەر باسی وەها مەسەلەیەک بە رێنیسانس لەو سەردەمەدا ناو ببەین.

بە دڵنیاییەوە ئەگەر کۆمار پاش ئەو ماوەیە نەڕووخایە و تاکوو ئێستا ئەو سیستەمە رێبەریی گەلی کوردی بکردایە، لە گەڵ سەردەمدا نوێ دەبووەوە و زۆر بەکەمی یان هەرهیچ گوێمان لە هەواڵی کوشتنی ژنان و کچانی گەلەکەمان نەدەبوو و تەنانەت کاریگەریی لەسەر ژنان لە ئێران و ناوچەکەش دەبوو.

مەبەست لە دامەزراندنی رێکخراوی ژنان و باسکردن لە مافەکانی ژنان لەو سەردەمەدا، خۆ زەقکردنەوە یان خۆناوداركردنی پێشەوای نەمر نەبوو، چونکە پێشەوا جێگە و پێگەی خۆی هەر هەبوو و رۆحیاتی پێشەوا بەو شێوە بیرکردنەوە نەبوو، گرنگیدان بە مافەکانی تاک بەگشتی و مافی ژن بەتایبەتی ، بەشێکی گرنگ لە فکریەتی پێشەوای نەمر بوو و بە خوێندنەوەیەکی سەردەمییانە دەیڕوانیە ئەو دۆخە و بەرنامەیەکی تایبەتیی بۆ داهاتوو دارشتبوو. ئەگەر چی کۆمار تووشی رووخان بوو بەڵام دەسکەوتەکانی ئێستاکەش هەر ماون و دەپارێزرێن.

لە کوردستان دا بە دەیان رێکخراوی مافی ژنان دەبینین کە خەریکی چالاکی و تێکۆشانن، بێگومان دامەزراندنی ئەو رێکخراوانەی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فکریەتەی کە پێشەوا لە بیریدا بوو و هەوڵی بۆ دا. بەڵام ئایا بە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەمانەدا توانراوە رێز لە مافەکانی ژنان بگیرێ ؟ ئەوە کۆمەڵگای ژنان دەبێ هەڵیسەنگێنێ.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئەو رێکخراوەیە کە درێژەدەری رێبازی رێکخراوی ژنانی سەردەمی کۆمارە و تاکوو ئێستاش بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنانی دێموکرات و پیاوانی مافخوازی نێو حیزبی دێموکرات، هەر بەردەوامە و روو لە گەشەیە، ئەگەرچی ئەویش وەک رێکخراوەکانی دیکە بێ هەڵە و بێ کەموکوڕی نیە .

حیزبی دێموکرات، ئەو حیزبەی کە پێشەوای نەمر یەکەم رێبەری بوو وەک پاڵپشتی ئەو رێکخراوە بەردەوام خۆی نیشان داوە و بۆ مانەوەی ئەو یادگارەی پێشەوای نەمر و میناخانمی هاوسەری، لە هەوڵدا بووە و بشت گوێی نەخستوە

ئەوساڵ شەست و هەشت ساڵ بە سەر دامەزرانی یەکەیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا تێدەپەڕێ، شەست و هەشت ساڵ بۆ تەمەنی رێکخراوێکی مەدەنی تەمەنێکی کەم نیە و خەبات و تێکۆشانێکی زۆری ئەندامانی ئەم رێکخراوەیە بەم رۆژەی گەیاندوە کە جێگای شانازییە بۆ ئەندامان و لایەنگرانی.

یەکیەتیی ژنان لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا سێ کۆنفرانس و سێ کۆنگرەی گرتوە، کە هەر یەکێک لەو کۆنفرانس و کۆنگرانە دەسکەوتێکی گرنگن بۆ مێژووی رێکخراو.

بۆ بەقا و مانەوی ئەو رێکخراوە و هەروەها بۆ ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵگا لە مافەکانی ژن، یەکەم ئەرکی ژنان رێزگرتنە لە مافەکانی خۆیان . ئەگەر ژن نەتوانێ رێز لە مافی خۆی بگرێ، بە دڵنیایی نابێ هیچ چاوەڕوانییەکمان لە پیاوان هەبێ کە رێز لە مافەکانمان بگرن. چونکە ژن خۆی دەتوانێ پارێزەری مافی خۆی بێ. رۆحی یەکتر ویستن و یەکترقەبوڵکردن لە نێو ژنان دا، مەزنترین کردەوەیە بۆ سەرکەوتنی مافەکانی ژن..



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# ناساندنێکی زۆر کورتی فەلسەفە



فەلسەفە کۆنترین زانستە کە مرۆڤ ناسیبێتی، فەلسەفە بەدایکی هەموو زانستەکان دادەنرێ، چونکە بەر لە هەموویان هاتۆتە دیو زانستەکانی دیکە لەو جیا بوونەتەوەو لقو پۆپیان لێبۆتەوە، فەلسەفە دەورێکی گرنگ دەبینێ لە ژیاندا (لە دایکبوون، ژیان، مردن، کۆمەڵگا، گەشەکردن، ململانێ، سروشت، ...هتد) ئەمانە هەموویان پێویستی‌یان بەلێکدانەوەیەکی فەلسەفی هەیە.

ئێمە بۆئەوەی بتوانین لێکدانەوەیەکی راستو دروستمان سەبارەت بەجیهانو سروشتو مرۆڤ هەبێ، پێویستمان بەتێڕوانینێکی گشتی هەیە کە تێکڕای دیاردەکانی سروشتمان بۆ روون بکاتەوەو ببێتە هۆیەک بۆ گۆڕینو گەشەپێدانو ناسینی ئەو دیاردانە، ئەم تێڕوانینە گشت لایی‌یە پێی‌دەگوترێ فەلسەفە.

لینین دەڵێ: « دەبێ تێڕوانینێکی پوختو پتەو سەبارەت بە جیهان هەبێت بۆ ئەوەی مرۆڤی سۆشیالیست رابەریی رووداوەکان بکا، نەک رووداوەکان رابەریی بکەن». ئێمەش وەکوو کەسانێکی سۆشیالیست بۆ ئەوەی رابەریی رووداوەکان بکەینو بەشێوەیەکی زانستی لێکیان بدەینەوەو تێیان بگەین پێویستمان بە فەلسەفە هەیە. بۆیە لینن دەڵێ : «فکر دەبێ بە هێزێکی مەزن وەختێک کەسان دەیخەنە گەڕو هەوڵی پێدەدەن».

بۆچوونی شۆڕشگێڕیی مارکسیزم بوو بە هێزێکی مەزنو کاریگەر، وەختێک کرێکارانی رووسیا راپەڕینو شۆڕشی ئۆکتۆبەریان بەرپاکردو قەڵای کۆنە پەرستی‌یان رووخاند لە کیشوەری ئاسیاو ئەورووپادا کە بە «زیندانی گەلان» ناوی دەبات .گەلێکی بێچەکی وەک گەلانی ئێران بە هۆی باوەڕی پتەوی بە سەرکەوتن بوو بەهێزێکی گەورەو بەرگریی پێنجەمین سوپای زەبەلاحی جیهانی کردو زاڵ بوو بە سەریاو تەفروتونای کرد. ئایا چ شتێک پاڵ بە پێشمەرگەی قارەمانەوە دەنێ سەرەڕای باری نالەبارو بێچەکیو نارەحەتی بەرگەی تۆپو فڕۆکەو سوپایەک بگرێ کە بەتازەترینو پێشکەوتووترین چەشنە چەکی تازە چەکدار کراوە؟

مۆرکی چینایەتیی فەلسەفە لەوەتای چینایەتی دروست بووە، ململانێ لە نێوان ئەو چینانەدا هاتۆتە ئاراوە، هەر چینێک قازانجی خۆی هەبووە کە لەگەڵ قازانجی چینێکی دیکەدا نەگونجاوەو یەکی نەگرتۆتەوە، هەر بە هۆی نەگونجانی قازانجی ئەم چینانە لەگەڵ یەکتردا ناکۆکی چینایەتییش پەیدا بووە، هەر چینێک لەئاستی خۆیەوە هەوڵی داوە قازانجی تایبەتیی خۆی بپارێزێ لەسەر حیسابی چەوساندنەوەی چینێکی دیکە. چەمکی ململانێی ئەو چینانە زەبرو زەنگ نەبووە، بەڵکوو شانبەشانی زەبرو زەنگ چەکی دیکە بەکارهێنراوە، فەلسەفە یەکێک بووە لەو چەکانە. هەموو چینێک سەبارەت بەو جیهانە کە قازانجی ئەو چینەی مسۆگەر کردوە تێڕوانینێکی تایبەتیی خۆی هەبووە، لێرەدا فەلسەفە مۆرکێکی چینایەتیی بەخۆیەوە بینیوە، بۆنموونە ئەفلاتۆن لە فەلسەفەکەیدا بەهانەی بۆ کۆیلەیەتی دۆزیوەتەوە. لەفەلسەفەی ئەفلاتۆن دا دەبینین خەڵکی چوار جۆر خوێنیان هەیە، ئەو کەسانە کە حوکمیان بەدەستەوە بووە خرانە لیستەی ئەو کەسانەی کە خوێنیان ئاڵتوونە، بۆیە ئەو کەسانە لە فەلسەفەی ئەفلاتۆن دا مافی ئەوەیان هەیە حوکم بگرنە دەستو کۆیلەیان هەبێ، بەڵام ئەو کەسانە کە جۆری خوێنەکەیان نزمە پێویستە ببن بە کۆیلە. هەموو فەلسەفەیەک مۆرکی چینایەتیی خۆی هەیەو لەقازانجی چینێکدایە، هیچ فەلسەفەیەک لەجیهاندا نیە مۆرکی چینایەتیی پێوە دیار نەبێ.

لە رووی چینەکانەوە فەلسەفە دەکرێ بە دوو رێبازی لەگەڵ یەک ناکۆکو دژ بەیەک. ئەوانیش «ماتریالیزمو ئایدیالیزم»ن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سایکۆلۆژیای گریان



دەروونناس: سامان سیوەیلی

شاعیری گەورەی کورد مامۆستا (هێمن) دەفەرموێ: ئەوەندە دڵپڕم پێم خۆشە بگریم کە فرمێسک و هەناسەش مەرهەمێکە) بەڕاستی ئەم شاعیرە مەزنە جوانی پێکاوە، وەک دەروونناسێک شرۆڤەی ئەو بارە هەڵچوونی‌یەی کردوە کەمرۆڤ تیایدا نائارام و خەمناک دەبێت یان لەتەنگژەیەکی دەروونی‌دا دەبێت، لەو ساتانەدا مرۆڤ هاوسەنگیی دەروونیی خۆی لەدەست دەدات و بەدەست قورسایی‌یەکی سەربار بەسەر دەروون و مێشکی‌یەوە، جەنجاڵ و گیرۆدە دەبێت. بۆیە بۆ گێڕانەوەی هێوری و ئارامی و حەوانەوە بۆ دەروون و مێشکی پێویستی بەگرتنەبەری چەند میکانیزمێک هەیە کەگریان یەکێکیانە. لەئەدەبی کوردی‌دا، زۆرێک لەشاعیران ئاماژەیان بەفرمێسک و گریان داوە لەکاتی وێناکردنی ئەو ساتانەی لێوانلێون لەحوزن و ماتەم و فیراق. وەک زانراوە ڕەگەزی مێیینە زیاتر پەنا دەبەن بۆ گریان لەچاو نێرینەدا. لەکەلتووری ئێمەدا نەگریان بۆ پیاو خاڵێکی بەهێزە، ئەمەش هەڵەیە، ئەگەر پیاوێک بگری ناووناتۆرەی لێدەنێن یان بەبێ هێز لێی‌دەڕوانرێت، ئەمەش هەڵەیەکی ترە. کێ لەئێمەی مرۆڤ نەگریاوە؟ نەک هەر لەمنداڵی‌دا، بەڵکوو لەقۆناغەکانی دواتری تەمەنیشمان‌دا، جاری واهەیە بینینی دیمەنێکی خەمناک بەس بووە بۆ ڕشتنی فرمێسکەکانمان، کەسانی هەستناسک و بەسۆز زیاتر پەنا دەبەن بۆ گریان، ئەوانەی کە هەر ناگرین لەناو کۆمەڵدا بە دڵڕەق و بێ‌سۆز و بێ‌بەزەیی ناسراون. ڕشتنی فرمێسک تەنها بۆ حاڵەتە خەمهێنەرەکان نیە، بەڵکو جۆرێکی تر لەفرمێسکمان هەیە کە بە فرمێسکی شادی ناسراوە، کە مرۆڤ لەحاڵەتی بینینەوەی کەسێکی دوورە وڵاتی دەی‌ڕێژێت، یان لەکاتی بیستنی هەواڵێکی خۆش‌دا یان بردنەوەی لەپێشبڕکێیەکدا. هەردوو جۆرەکەی گریان لەیەک حاڵەت‌دا هاوبەشن کە هەردووکیان لەحاڵەتی هەڵچوون‌دا دەڕژێن. ڕشتنی فرمێسک دەکرێت سروشتێکی فیزیایی یان کیمیایی هەبێت، یاخود پاڵنەری دەروونی لەپشت بێت. سەبارەت بەسروشتە فیزیایی یان کیمیایی‌یەکەی: بەهۆی چوونە ناوەوەی تەنێکی نامۆ بۆ ناو چاو فرمێسک دەرژێت و چاو ئاو دەکات بە مەبەستی ڕزگاربوون لەو تەنە نامۆیە، یان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری مادەیەکی نامۆ لەسەر چاو هەروەک لەکاتی پاککردنی پیازدا ڕوودەدات، پیاز ئەنزیمێکی تێدایە کەلەکاتی پاککردندا گازێک دەردەدات کەوروژێنەرە بۆ گلێنەی چاو. هەروەها لەکاتی سەرمادا، پلەی گەرمای نزم ڕووکاری دەرەوەی گلێنەی چاو دەوروژێنێت، لەم کاتەدا فرمێسک دەڕژێت بەمەبەستی گەرمکردنەوەی گلێنەی چاو و پلەی گەرمییەکەی لەپلەی گەرمی لەش نزیک دەکاتەوە، یاخود لەکاتی (تا) لێهاتن و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەشدا چاو ئاو دەکات بەمەبەستی تەڕکردنی وشکی چاو. هەروەها هەندێ جار مرۆڤ لەکاتی بوونی ئازاری زۆردا پەنا بۆ گریان دەبات. بەهەمان شێوە بوونی فشاری دەروونی قورس و هەندێ شۆکی دەروونی و خەم و پەژارە و نائومێدی وەک پاڵنەرێکی دەروونی هاندەرن بۆ ڕوودانی گریان. لەنوێترین توێژینەوەدا کە لەتاقیگەکانی توێژینەوە دەروونییەکانی ویلایەتی (نیسوتا)ی ئەمەریکا ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە ڕشتنی فرمێسک نیشانەی لاوازی و نەگەیین نییە، بەڵکو باشترین ڕێگەیە بۆ باشکردنی باری تەندروستی و ڕزگاربوون لەو مادە کیمیاییانەی پەیوەندییان بەشڵەژان و کرژبوونەوە هەیە لەجەستەدا، هەروەها گریان یاریدەی خاوکردنەوەی ماسولکەکانمان دەدات و شێوازێکی سروشتیشە بۆ دەرپەڕاندنی مادە زیانبەخشەکانی ناو لەش هەروەکو چۆن عارەق ڕشتن ئەم کارە دەکات. زانایانی پسپۆر لەم توێژینەوەیەدا دەڵێن: گریان لێدانی دڵ زیاد دەکات و بۆ برۆ و برژانگ و ماسولکەکانی شان و سنگ وەک مەشقێکی بەکەڵک وایە، لەدوای تەواوبوونی گریانەکە لێدانی دڵ ئاسایی دەبێتەوە و ماسولکەکان خاو دەبنەوە و کەسەکە هەست بەئارامی دەکات. ئەوانەی ناگرین و پەنگ بەفرمێسکەکانیان دەخۆنەوە هەست بەبوونی فشار و گرژی دەکەن و ئەگەری تووشبوونیان بەهەندێ نەخۆشی وەک سەرئێشە دەبێت. یەکێک لەپزیشکە ناسراوەکانی جیهان لەڕێی شیکردنەوەی فرمێسکەوە بۆی دەرکەوتووە کە فرمێسکی مرۆڤ مادەیەکی کیمیایی تێدایە کەئازار شکێنە و مێشک لەپاش گریان دەریدەدات. کەواتە لەکاتی پێویستدا گریان پێداویستییەکی دەروونی گرنگە، ئێمە لەهەر قۆناغێکی تەمەندا بین، هەر ڕەگەزێک بین، لەهەر پلە و پایەیەکدا بین، کەکاتی گریانمان هات، با شەرم نەکەین و بگرین، با حەوانەوە و خاوبوونەوە و ئارامی بگێڕینەوە بۆ دەروونمان لەڕێی گریانەوە. بەڵام بەمەرجێک گریان نەکەینە میکانیزمێک بۆ خۆدزینەوە لەواقیع و گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەمان، یان وەک نماییش بۆ سەرنج ڕاکێشانی دەوروبەر پەنای بۆ بەرین. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە دەروونناسی بەناوبانگ (هنری مودزلی) لەمبوارەدا دەڵێت: (ئەو فرمێسکانەی کەڕێچکەی هاتنە دەرەوە ناگرنە بەر لەچاوانماندا، وا لەئەندامەکانی جەستەمان دەکات بگری). مەبەست لەگریانی ئەندامانی جەستەمان ئەو نەخۆشییە دەروون — جەستەییانەیە (سایکۆسۆماتی) کەتووشی جەستەمان دەبن وەک (زامی گەدە، هەناسە تەنگی، هەندێ نەخۆشی پێست، کۆڵۆن، سەرئێشە و هتد).



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# توند و تیژی بە گشتی و توند وتیژی بەرامبەر بە ژنان بە تایبەتی

توند و تیژی بە گشتی و توند وتیژی بەرامبەر بە ژنان بە تایبەتی پێش ئەوەی دیاردەیەکی تایبەت بە ناوچە و هەرێمێک بێ،دیارەدەیەکی جیهانی‌یە و ڕەنگە لە شێوە و ئاستی بە کارهێنانی لە جۆگرافیا و کۆمەڵگایەک جیاواز بێ، بەڵام ئەوەی کە دیارە ئامانج و زیانەکانی چ لە بواری جەستەیی و چ لە بواری دەروونی‌دا بۆ ژنە و لە هەر دوو بوارەکەدا مەترسی بۆ سەر ژن دروست دەکا . لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەو کۆمەڵگایانە کە سیستەمی ئایینی و عەشیرەتی بەسەریان‌دا زاڵە دیاردەی خەتەنەکردنی کچان بە شێوەیەکی بەربڵاو هەیە کە لە ڕاستی دا هەردوو سیستەم بە یەک ئەندازە گرێدراو و بەرهەمی زێهنیەت و چەمکی پیاوسالارین . خەتەنەکردنی کچان کە بریتی‌یە لە برینی بەشێک لە کۆئەندامی سێکسی لە خۆی‌دا دیاردەیەکە کە تا دوا ڕادە مەبەستێکی بەکوێلەکردنی لە پشتەوەیە و پیاو هەوڵی بەدیلکردن و خستنەژێرفەرمانی ژن دەدا لە ڕێگەی نامۆ کردنی ڕەگەزی خۆیەوە . ئەم دیاردەیە بە هۆێ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ جەستە و دەروونی ژن دەکاتە ئامانج ، کاریگەری‌یەکانی لە جۆرەکانی دیکەی توند و تیژی ئەگەر زیاتر نەبێ کەمتر نیە. چونکە ئەو زیانانەی کە بە ژنیان دەگەیەنێ بە هیچ شێوەیەک قەرەبوو ناکرێنەوە واتا زیانەکانی بە هیچ شێوەیەک دەرمان ناکرێن و تا دوایین ساتەکانی ژیانی مرۆڤ لە گەڵیدا دەژین. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ئەو کردەوە، ژیانی خێزانییش دەکەوێتە ژێر کاریگەری و خۆی لە خۆیدا یەکێک لە هۆکارەکانی نەبوونی ژیانێکی تەندروستی جنسیە لە نێو خێزان دا کە لە ئاستێکی بەرچاودا هۆکاری زۆربەی جیابوونەوەکانە لەو کۆمەڵگایانەی کە خەتەنە کردنیان تێدا باوە، هۆکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ژن هیچ تام و چێژێک لە پەیوەندیی جنسیی نێوان خۆی و هاوژینەکەی نابینێ و ئەوەش وا دەکا کە هەمیشە و بە درێژایی ژیانی وەکوو ئامرازێک بۆ بەتاڵکردنەوەی نەفسی پیاو بە کار بێ و ژنیش لەو پەیوەندی‌یە هەمیشە لە حاڵی هەڵاتن‌دا بێ کە ئەوەش ژیانی هاوسەری بە شێوەیەکی بەرچاو سارد دەکاتەوە . لێرەدا کاریگەری‌یەکانی لە سەر خێزان تەنیا بە ژن و پیاوەوە سنووردار نابێ و تەنانەت تەندروستیی منداڵیش دەخاتە ژێر کاریگەری‌یەوە . چونکە یەکەم : منداڵی کچ هەمیشە وەکوو فاکتەر و سووژەیەکە کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیک‌دا ڕووبەڕووی خەتەنەکردن ببێتەوە. دووهەم : دایکیش بە هۆێ نامۆبوونی لەو هەستە کە خۆی بە هۆی خەتەنەکردنەوە لێی بەدوور بووە توانای مامەڵەکردنێکی تەندروستی لە گەڵ داخوازە جنسی‌یەکانی منداڵەکەی‌دا نیە . مێژووی خەتەنەکردنی ژن بە





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەواوەتی روون نیە و هەندێک لەو کەسانە کە کار لە سەر زانستی مێژووی (( ئەنسرۆپۆلۆژی )) دەکەن مێژووی خەتەنەکردنی کچان دەگەڕێننەوە بۆ وڵاتانی ئەفریقا و ئەو هۆزانە کە لەوێ دەژین و بەشێکیش خەتەنەکردن وەکوو کولتوورێکی فیرعەونەکانی میسر دەبینن و پێیان وایە کە خوێنڕشتنی ژنان کەموکوڕی‌یەکی جەستەیی‌یە و تەنانەت بەشێکی دیکەشیان ئەوە وەکوو کولتووری سامی‌یەکان بە ناو دەکەن . برێکی دیکە لهو کەسانە کە هەڵسەنگاندن و پێناسەیەکی جیاوازیان بۆ ئەو بابەتە دۆزیوەتەوە دەڵێن: کاتێک رەگەزی نێر هەست بە نێربوونی رەگەزی دەکا ئەوەیش بە کلاویەک کە لە سەر ئەندامی نێرینەوەیە هەستی پێدەکا و بە گوێرەی ئەو پێناسەیە بۆ ئەوەی کە کوڕ بچێتە قۆناخی پیاوەتی پێویستە ئەو بەشەی ببڕێ و هەربەو نشێوەیە کچیش بۆ گەیشتن بە قۆناغی ژنیەتی پێویستە بەشێک لە کۆئەندامی زاووزێی ببڕێ، بەڵام لە راستیدا ئەوە تەنیا پێناسەیەکی چاوکوێرانەیە کە پێناسە و بیانووەکانی پێشووی خۆیان کە خاوەن هەمان تێروانینن تەواو دەکا . بڕینی ئەو بەشەی جەستە لە ژنادا کە وەکوو خەتەنە کردن بە ناو دەکرێ لە راستیدا بەشێکە لە کولتووری کۆیلایەتی و کۆیلەداری و لە سەردەمەکانی جیاوازدا بە بیانوو و بۆ ئەوەی ژن هەست بە توانا سێکسی‌یەکانی خۆی نەکا و نەتوانێ وەکوو پێویست ئەوە بکاتە ئامرازێک بۆ بەردەوامبوونی ژیانی هاوبەش، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەوەش وەکوو بەشێکە لە زیهنیەتی پیاوسالار کە هەوڵی دیلکردنی ژن و کەسایەتی و رەگەزی ژن دەدا بۆ ئەوە کە تەنیا ئەو بێ کە ناوەندی بڕیاردان و بەڕێوەبەری بێ و دەسەڵاتەکەی بەڕێوە ببا و پەرەی پێبدا. لە راستیدا ئەوەی بووەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ مانەوەی ئەو دیاردەیە گرێدانیەتی بە بابەتی ئایینەوە و ئەوە وەکوو کارێکی شەرعی و رێگەپێدراوی ئایین بە ناو دەکرێ



و پاش سەردەست بوونی ئیسلام لەم ناوچەیەدا پاساوێکی ئایینی بۆ دۆزرایەوە کە لە راستیدا ئەوە چەواشەکاری‌یەکی ترە لە ئاییندا کە پیاو بۆ بەردەوامی بە چەمکی دەسەڵاتخوازی خۆی ئەنجامی دەدا . لێرەدا باسکردن لە زیانەکانی خەتەنەکردنی کچان بابەتێکی گرنگە لەبەر ئەوەی چەندە کاریگەری لە سەر کەسی ژن دەکا ئەوەندەش کاریگەریی نیگاتیڤی لە سەر کۆمەڵگا هەیە و هۆکارەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ گرێدانی چارەنووسی کۆمەڵگا بە ژن و کەسی مرۆڤ_ژن واتا هەر کردەوەیەک کە زیان بە ژن دەگەیەنێ راستەوخۆ کاریگەری لە سەر کۆمەڵگا دەکا و رووبەڕووی زەرەرەی دەکاتەوە . بۆیە هەڵوەستەکردن لە سەر بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە لە راستیدا رزگارکردنی کۆمەڵگایە لە کائۆس و قەیرانێکی گەورە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەنانەت لە رۆژی ئەمرۆدا تێیدا دەژی و ئەوەش تەنیا لە رێگای هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بە گشتی و کەسی ژن بەتایبەتی‌یە کە دەبێ رێنەدەن بە بەردەوامبوونی ئەو دیاردەیە و خودی ژن ببێتە بڕیاردەر بۆ لە نێوبردنی ئەو کولتوورە ناشیرین و باوانە کە ژن دەکاتە ئامانج . خاڵێکی دیکەی گرنگ لە بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە رێگری‌یە لە رێگەی قانوونەوە کە بە داخەوە بە هۆی

زاڵبوونی پیاوو زیهنیەتی پیاو لە سەر سیستەمی قانوون و داڕشتنی قانوون قانوونەکان لەو بوارەدا ئێستاشی لە گەڵ بێ کەمترین هەنگاو بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە هەڵنەگیراوە . لێرەشدا پێویستە بە شێوەیەکی هاوبەش کار و چالاکی لەو بوارەدا بکرێ . لە کۆتایی‌دا بە پێویستی دەبینم کە بانگەوازێک ئاراستەی دایک و باوکانی بەڕێز بکەم کە بە چاوێکی کراوە مامەڵە لە گەڵ منداڵەکانیان بە تایبەت کچان بکەن چونکە چارەنووسی دوارۆژی ئەم کۆمەڵگایە بە دەستی کچانی ئەمڕۆ و دایکانی سبەینێیە و بە دەستی خۆیان چارەرەشی پێشکەشی منداڵەکانیان نەکەن.

(سەرچاوە ئینتێرنێت )



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان بۆ پەنا دەبەنە بە خۆکوژی؟



سروە فەتاحی



لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە ئیسلام لەقانوونە دا نەخشی هەیە رۆژانە ژنان بە هۆکاری جیاواز روو لە خۆکوژی دەکەن و هەر یەکەی بە شێوەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن. بەڵام لە ئێران بە گشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی رۆژ نیە کە خەبەری خۆ کوشتنی ژنێک نەبیسین کە هەر یەکەو بە هۆکارێک پەنا دەباتە بەرخۆکوشتن و کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە چی وای کردوە ژنان بە جێگەی چارەسەری کێشەکانیان لە ژیانی خۆیان بگوزەرێن و کۆتایی بە ژیانی خۆیان بێنن؟ ئەوانە و دەیان پرسیاری دیکە کاتێک دێنە پێشێ کە خەبەری خۆکوشتنی ژنێک دەبیسین.

ژنان لە کوردستان لەبەر زۆر هۆکاری جیاواز پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن کە بریتین لە:

١ـ دابونەریتی دواکەوتوو و سوننەتیی زاڵ بە سەر کۆمەڵگای کوردەواری دا یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی خۆکوژیی ژنانە. ژنان لە کۆمەڵگای سوننەتی و عەشیرەیی هیچ جۆرە سەربەخۆیی‌یەکیان نیە، تەنانەت لە هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانیشیان دا بەو جۆرەی پێویستە ناتوانن رای خۆیان دەرببڕن و زۆر جار کچان بە ئارەزوو و خواستی بنەماڵەکانیان ناچار دەکرێن لەگەڵ پیاوێک ژیانی هابەش پێک بێنن کە هیچ سۆز و خۆشەویستی‌یەک لە نێوانیان دا نیە. بە بڕوای ئەو بنەماڵانە خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری هیچ مانایەکی نیە و لە دوای پێک هێنانی ژیانی هاوبەشە کە خۆشەویستی دێتە نێوان و ئاکامەکەشی باشتر دەبێ، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکانی خۆکوژیی ژنان‌دا ئەوە بەدی دەکرێ کە ئەو ژنانە بە بێ‌خواستی خۆیان و بێ خۆشەویستی ژیانی هاوبەشیان پێک هێناوە.

٢ـ دڵپیسیی پیاوان (مێرد، برا، باوک ...) هۆکارێکی دیکەی توندوتیژی‌یە. دڵپیسی جۆرێک نەخۆشی دەروونی‌یە کە زۆر ژیانی هاوبەشی لێک هەڵوەشاندۆتەوە و زۆر منداڵ بوونەتە قوربانیی دیاردەی تەڵاق. بەڵام لە زۆر حاڵەتیش دا یەکێکە لە هۆکارەکانی خۆکوشتنی ژنان یان ئەوەیکە زۆر ژنانیش بە ناوی پاراستنی شەرەف گیانیان لێ ئەستێندراوە کە هۆکاری سەرەکی‌یەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دڵپیسی و گومانی خراپ لە سەر ژن.

کاتێک ژن گومان و دڵپیسیی لە سەر دەبێ بەردەوام دەکەوێتە بەر شاڵاوی توندوتیژی و لە لایەن مێرد یان باوک و براوە بێڕێزیی پێ دەکرێ و دەچەوسێندرێتەوە. لە کونجی ماڵێدا وەک دیلێک لە قەفەس دەکرێ و تەنانەت رێگای چوونەدەرەوەشی لێ دەگیرێ، لە هێندێک بنەماڵەدا تەنانەت رێگای چوونە قوتابخانەش لە کچەکانیان دەگیرێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە ئاکامدا ئەو ژنانە روو لە خۆکوشتن بکەن و کۆتایی بەو شێوە ژیانە دێنن.

٣ـ هەژاری و دەستکورتی یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەیە کە پاڵ بە کچانەوە دەنێن کە روو لە خۆکوشتن بکەن. بەداخەوە نەداری و نەبوونیی زۆر لە بنەماڵەکان و نەبوونی ئیمکاناتی پێویست بۆ دابین کردنی پێداویستی‌یە سەرەتایی‌یەکانی کچان بۆ دەرس خوێندن و چوون بۆ زانکۆکان و کلاسەکانی تەقویەتی وا لە کچان دەکا کە لە هەوڵەکانیان پاشگەز بنەوە و هیوایان بە ژیان نەمێنێ.

٤ـ تەڵاق و هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوبەش هۆکارێکی دیکەیە کە بەداخەوە لەم رۆژانەدا بەردەوام دەی‌بیسین. لە وڵاتی ئێمە کاتێک ژن و مێرد لێک جیا دەبنەوە ئەو منداڵەی کە نەتیجەی ئەو ژیانە هاوبەشە بووە دەدرێ بە باوک و منداڵ لە باوەشی پڕ لە سۆزی دایکی بێ‌بەش دەبێ، دووریی منداڵ بۆ دایک، نەبوونی سەربەخۆیی ماڵی بۆ ژن، گەڕانەوەی ئەو ژنانە دوای تەڵاق بۆ ماڵی باوک و چاولەدەست‌بوون بۆ دابین کردنی پێداویستی‌یەکانی ژیان وا دەکا کە ژنان بە تەواوی لە ژیان بێ‌هیوا بن و بیر لە رزگاربوون لەو بارودۆخە بکەنەوە.

پشتگیری‌نەکردنی ژنان لە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی، نەبوونی رێکخراوێکی پێویست بۆ پەنابردنی ئەو ژنانە و بەدوادانەچوونی کێشەو گرفتەکانیان، بێکاری و پەنابردنە بەر مادەی هۆشبەر و ئەوانەو دەیان هۆکاری دیکە وای لە ژنان کردوە کە پەنا بەرنە بەر خۆکوشتن و بەو جۆرە کۆتایی بە ژیانی پڕ لە توندوتیژی و چەوسانەوەیان بێنن.

بەڵام ژنان بە جێگای ئەوەی ئاوا زوو تەسلیمی کێشەو گیرو گرفتەکان بن باشتر وایە شان بە شانی یەک بە دژی چەوسانەوە و توندوتیژی‌یەکان ، بە دژی یاساکانی دژ بە ژنان بە تایبەت یاسا ئیسلامی‌یەکان بوەستن بۆ دابین‌کردنی کۆمەڵگایەک کە جیاوازیی رەگەزیی تێدا نەبێ تێ‌بکۆشن.

# ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان



مورسڵ قادری

هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٨ی مارس دا، لە سەرتاسەری جیهان لە لایەن وڵاتانی پێشکەوتوو و ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە، بۆ بەرز نرخاندنی ڕۆژی ژنان، چەندین چالاکیی هەمە جۆر و فستیڤاڵی بەشکۆ بەڕێوە دەچن. پێشکەوتوویی و گەشەی سیاسی و ئاستی گەشەکردنی دیموکراسی لە هەر کۆمەڵگایەک دا پێویستە بە چەندین دیاردەی ئاکتیڤی کۆمەڵایەتی وەک: ڕەچاوکردنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادیی رادەربرین و یەکسانیی ژنان و پیاوان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا خۆی دەربخا.

لە هەر وڵاتێک دا ئەو دیاردەیە ئەکتیڤانە لەئارادا نەبوو، مانای ئەوەیە ئەو کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی سەقەت و نادێموکراتە و لە ڕووی سیاسییشەوە پێکهاتەیەکی ناجێگیرە، بۆ وێنە فەلسەفەی دیموکراسی لە هەموو شوێنێک گرێبەندی ئازادییە، ئەگەر ئازادییە جۆراوجۆرەکان بە شێوەی ڕاستەقینە هەبوون، ئەوە خەڵک ئازادن لە هەڵبژاردنی ڕژێمی سیاسی و دڵخوازی خۆیان، ئەو کات دیموکراسی ڕاستەقینە بوونی دەبێ و مومارەسە دەکرێ و کەمتریش جیاوازی لە ڕووی جەستەیی و ڕەگەزی لە نێوان ژنان و پیاوان دا، هەست پێدەکرێ.




«بارودۆخی ژنان لە کوردستاندا»

سەرەڕای بوونی چەندین کۆسپ و تەگەرەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی نالەباری کوردستان، کەچی ژنان بە پێی توانای خۆیان ڕاستەوخۆ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی خەباتی نەتەوایەتیدا بەشدار بوون، بۆ وێنە: لە جەریانی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیدا، هەزاران ژن ڕاستەوخۆ لە مەیدانی بە کردەوەی پێشمەرگایەتیدا، بەشدار بوون و سەدان شەهیدیان پێشکەش بە بارەگای بەرزی ئازادی و ڕزگاریی کوردستان کردووە.

ڕونتر بلێسن: ئەرکی ژنان و خەباتەکەیان دووجەمسەری هەبووە:

لە لایەک بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس، ژنان پێ بە پێی پیاوان لە خەبات دا، بەشدار بوون، هەروەها ژنان بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە ڕەواکانی خۆیان، لە بەرامبەر خورافات و نەریتە چەقبەستووەکانی کۆمەڵگای پیاوسالاری دا تێکۆشانیان هەبووە. بە چاوی خۆشمان دەبینین کە ژنان لە کوردستان دا نیسانیان داوە کە لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، ئیداری، پەروەردەیی، خوێندنی باڵا، پزیشکی و ئابووری و... هتد بە خۆشییەوە سەرکەوتوو بوون و جێپەنجە و مۆرکیان بە سەر جووڵەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە، دیارە.

**سەرکەوێ خەباتی یەکسانیخوازیی ژنانی ئازادیخوازی جیهان، بەتایبەت ژنانی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و بەرابەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی.**

**پیرۆز بێ ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خۆشەویستی و ژیان



جیهان بێتووشی

خۆشەویستی شتێکە کە پێویستیی بە قوربانیدانە. جا ئەگەر هەر جۆرێک بێ لە خۆشەویستی. خۆشەویستی بۆ خاک بۆ دایک یان هەر شتیکی دیکە بێ. ئەوەی من دەمەوێ لێرە باسی بکەم خۆشەویستی‌یەکە لە نێوان دوو کەسدا کە پێویستیی بە تێکەڵ بوونی رووحە نەک هەر وشەی خۆشەویستی. بە شێوەیەک ئەو دوو کەسە ئاشق بن کە لە رووحەوە تێکەڵاو بە یەکتر بن.

خۆشەویستی کاتێ جوانتر دەبێ کە ئەو دوو دڵە بە یەکتر بگەن، بەڵام زۆر لە ناوداران و نووسەرانی جیهان پێیان وایە کە هاوسەرگیری خۆشەویستی لە نێو دەبا، ئەمەش رای زۆر لە نووسەرانە.

ئەمەش هۆکاری زۆرە:

یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکان ئەوەیە کە بە دوای هاوسەرگیری‌دا هەر دوو لا وادەزانن کە پێویست ناکا گرنگی بە یەکتر بدەن یان بە یەکتر بڵێن خۆشم دەوێی چونکە وا هەست دەکەن کە ئەوان تازە هی یەکترن. بەڵام لەوانەیە بیر لەوە نەکەنەوە کە ئەمە ژیان تێک دەدا و وا دەکا کە ماڵێکی وشک و بێ ئاواز پێک بێنن، بێگومان ئەوە کە ئافرەت دڵخۆش دەکا ئەوەیە کە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە گرنگیی پێبدرێ. بۆ پیاوانیش هەربەوشێوەیە، گرنگی‌دان بە یەکتر خۆشەویستی زیاتر دەکا، چونکە وا هەست دەکەن کە لە پێناو یەکتردا دەژین.

یەکی دیکە لە هۆکارەکانی لە نێوبردنی خۆشەویستی بوونی شەرمە، شەرمکردن یەکێکە لەو هۆکارانە کە دەتوانم بڵێم بە تەواوی خۆشەویستی لە نێو دەبەن. ئەوەی هەندێ جار پیاو یان ئافرەت پێی عەیبە لە لای خەڵک بە باشی باسی هاوسەرەکەی بکا یان خۆشەویستیی بۆ دەربڕێ زۆر لە پیاوان کە لە لای خەڵک زۆر بە توندی لەگەڵ هاوسەرەکەیان هەڵسوکەوت دەکەن بە هۆکاری ئەوەی کە دەڵێن ئێمە پیاوین بە داخەوە قسەیەک کە لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری‌دا زۆر باوە ئەوەیە کە پیاوێک زۆر وابەستەی ژنەکەی بێ یان خۆشەویستیی بۆ دەربڕێ بێشەرم وعەیبە دەڵێن کە ئەو پیاوە ژنانی‌یە.

خاڵێکی دیکە متمانەنەکردن بە یەکترە کە ئەمە نەک هەر خۆشەویستی بەڵکوو ماڵێک لە نێو دەبا، چونکە بوونی متمانە و خۆشەویستی پێکەوە هۆکارێکە بۆ دروستکردنی هاوکێشەیەکی هاوسەنگی گرنگی ژیان بەڵام رووخان و درزبردنی متمانە خۆشەویستی بریندار دەکا و لە نێوی دەبا.

ئەگەر باسی لە ناوبەرەکانی خۆشەویستی بکەین گەلێ زۆرن بەڵام ئەوەی کە من زۆر بەلامەوە گرنگ بێ ئەو سێ خاڵەیە، ئەمن پێم‌وایە کە ئەو سێ خاڵە نەبێ هیچ شتێک خۆشەویستی لە نێو نابا بەڵام بوونی ئەمانە خۆشەویستی دەکوژێ.

دەمەوێ لە کۆتایی‌دا بڵێم نووسەری گەورەی جیهانی جەکسۆن براون دەڵێ (هیچ دەرفەتێک بۆ دەربڕینی میهرەبانی و خۆشەویستی لە دەست مەدەن).





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چی بووە هۆی پێشنەکەوتنی کورد



ئاریان کریم رسول احمدپور

لە رابردوودا لە کۆمەڵگای ئێمە خوێندن بۆ ژنان بە شتێکی شەرم دەزانرا بەڵام بۆ پیاوان خوێندن ئاسایی بوو. ئەمەش بووە هۆی پێشنەکەوتنی کۆمەڵگا بۆ ماوەیەکی زۆر. ژن هیچ مافێکی نەبوو لە هیچ کام لە بوارەکانی ژیاندا. زۆر لە شاعیرە بەرزەکانی وەک «بێکەس، موفتی پێنجوێنی و... هتد» خوێندەواریی ژنیان بە بەردی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا زانیوە. کە بێکەس لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێ:

مەڵێ من کچم تۆش وەکوو منی
موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبوری ئیش و خزمەتکردنی

جگە لەوە ژن تەنانەت مافی هەڵبژاردنی هاوسەرەکەیشی نەبوو. کە ئەمەش چەندین کێشەی کۆمەڵایەتیی لێکەوتەوە. وەک خۆکوشتن لە لای ئافرەتان و ژن هیچ نرخیکی نەبوو تەنانەت «سەدام» ئافرەتی وەک سەماکەر بۆ خۆشیی خۆی بە کاردەهێنا و کاتێک کە «سەدام» هێرشی دەکردە سەر وڵاتان دەیگوت بۆ پاراستنی ماف و ئەخلاقی ئافرەتی عێراقییە وگەر لە بەر ئەم هۆیە بوایە دەبوو یەکەم کەس کوڕە گەورەکەی خۆی سزا بدایە. جگە لەمانە، پێش هاتنی ئایینی ئیسلام. ئەو کەسەی کچێکی بووایە زیندەبەچاڵی دەکرد تەنانەت پێی شەرم بوو کە بڵێ منداڵەکەم کچە.

خوشبەختانە ئێستا لە کۆمەڵگاکەماندا ژن ئازادە لە خوێندن و دیاریکردنی مافی. بەڵام ئێستاش ئافرەت تەواو ئازاد نیە. وە لە زۆر شارەکانی ئێران ژن خوێندنی نییە. ئەمە هەمووی جگە لە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان. یان بەکارهێنانی ئافرەت بۆ کاری سوڵح بەرامبەر بە هەڵەی کەسانی دی کە ئەمە بە پێشێلکردنێکی گەورەی مافی ژن دادەنرێ. بەڵام لە کوردستانی باشوور دەبینین کە ئازادیی ژن بە رێگەیەکی زۆر هەڵە بە کار دێ، لە لایەن ئەو دامودەزگایانەی کە دەڵێن بۆ مافی ژن هەوڵ دەدەین. کەچی هەمووی هەوڵی بەدەستهێنانی پارە و سامانە کە دەبنە هۆی تێکدانی چەندین ژیانی هاوسەری بە رێگەی جیاواز.

چەند چیرۆک و بەسەرهاتێک لە بەکارهێنانی ئافرەت بۆ کاری سوڵح: نازەنین تەمەنی چواردەساڵە، براکەی لەگەڵ هاوڕێیەکی کێشەی دەبێ لە ئەنجامی کێشەکە برای نازەنین هاورێکەی دەکوژێ. باوکی نازەنین بۆ سوڵحی نێوان هەر دوو خێزان نازەنین دەدا بە برا گەورەکە «عەلی» دوای هاوسەرگیری نێوان «عەلی» و «نازەنین» «عەلی» زۆر توندوتیژی بە کار دێنێ بەرامبەر «نازەنین» و هەموو کاتێک برا بچوکەکەی عەلی «ئومید» دەیگوت: تکایە عەلی براکەی نازەنین براکەتی کوشت ئیدی نازەنین تاوانی چیە؟ دوای ئەوەی کە نازەنین منداڵێکی لە عەلی بوو ژیانی رۆژ بەرۆژ بەرەو ناخۆشی چوو، بەڵام دڵنەوایی دانەوەی لە لایەن ئومێد کەمێک خۆشی پێبەخشیبوو. دوای ماوەیەک نازەنین دەست لەگەڵ ئومێد تێکەڵ دەکاو منداڵیکی لێی دەبێ. تا ماوەیەک ئەم شتە بە نهێنی دەمێنێتەوە بەڵام کاتێک عەلی بەو کارە دەزانێ زۆر لە نازەنین دەدا و ئازاری پێدەگەیەنێ. لەو کاتەدا ئومێد لە ترسی براکەی رادەکا. کاتێک کە عەلی لەماڵەوە دەردەچێ بۆ گەڕان بە دوای ئومێددا، نازەنین لە توتوی خۆی ئەو کاتە خۆی دەسووتێنێ. ئومێدیش سەفەر دەکاتە دەرەوەی وڵات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گوڵێک لە ئەدەب و وێژەی جیهانەوە



ئامادەکردن و وەرگێڕان لە ئینگلیزی و یوونانی‌یەوە:
د. هیوا پەناهی

«کاترینا ڤالائوریتیس»، کچی خانمە نیگارکێشی ناوداری ئەمریکایی «ماریا ڤیلسۆن» و نووسەر و پرۆفسۆری ناوداری یوونانی «نانۆس ڤالائۆریتس»ە کە کاری وێژە بە شێوەی بەراوردکاری لە کارە گرنگەکانی لە زانکۆکانی ئەمریکا و ئەورووپا دەزاندرێ. بەم جۆرە دایک و باوکی بە دۆستایەتی لە تەک کۆمەڵێک لە ناودارترین و ناسک داهێنەرەکانی سەدەی رابردوودا وەک سورئالیستەکان، شوێن پەنجەیان بە ئەدەب و هونەری جیهانەوە دیارە ، لە ناو منداڵەکانیاندا تەنیا کچە گەورەکەیان کاترینا، رووی لە کاری چاند و داهێنانی هونەری کردوە. ساڵانێکە یەکتر دەناسین و چەند کارمان پێکەوە ئەنجام داوە لە ئاسینا بە تایبەت ئەو سێ ساڵەی کە وەک کۆنسوولی فەرهەنگیی ئەمریکا لێرە کاری کرد کاری پاراستنی ژینگە و پشتیوانی لە ژنان ومنداڵانمان تێکەڵ کرد بە رەنگ و دەنگەکانەوە.

دەمە تەقەیەکمان بوو پێکرا پاش چاپی سێهەمی کۆمەڵە هۆنراوەکانی لە ژێر سەر دێڕی «زێوەخانەی بزر» و لە وەڵامی یەکەم پرسیارم کە «بۆ هەڵبەست دەنووسی و دەست بۆ فڵچە دەبەی»دا دەڵێ «پرسیارێکی ئاسان ناکەی هیڤا گیان، من مرۆڤێکی پڕ لە ئاگری بێدەنگم، گەر خۆم و هەستەکانم تۆمار نەکەم بێتاقەت دەبم دەزانی، پێم وایە بۆیە نووسین و رەنگ هێندە لام بە نرخن و بوونیان و بوونم تێکەڵە، من لە تەمەنی ١١ ساڵی‌یەوە هۆنراوە دەنووسم و کتێبێکم بە دەستەوە بوو لە ناو ئەو پەرتووکە بیر و فیکرەکانی خۆم تۆمار کرد، هۆنراوە نووسین هەستێکی شاگەشکە بوون لە ناو مندا بە هێز دەکا، هۆنراوەم خۆش دەوێ، ئاوازی رۆحمن». مەڵبەندی لە دایکبوونم ئاسینایە. سپتامبری ١٩٦٠ لە دایک بووم بەڵام لە پاریس و کالیفۆڕنیا و ئوکلەند وژنێڤ-یش ژیاوم. لە کالیفۆرنیا قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیم تەواو کرد بەڵام پاش پشووی زانستی بابم، ماڵمان گەڕایەوە ئەورووپا، باوکم و دایکم بۆ لای دۆستەکانیان لە پاریس گەڕانەوە، پیکاسۆ و برتۆن و زۆر کەسی دیکە کاتێک گەورەتر بووم زانیم زۆر گرنگن بەڵام ئەو دەم تەنیا هاوژینەکەی برتۆن خاتوو «ئلیزا برتون»م خۆش دەویست زۆر میهرەبان بوو. من برێک لە دایک و باوکم جیاواز بووم حەزم بە دۆستایەتیی زۆر کەسان نەدەکرد هەر بۆیە پێش دابەزین بۆ ئەورووپا بە دایە گەورەمم وت دەمهەوێ بچم بۆقوتابخانەی نێودەوڵەتی لە شاری ژنێڤ. لەو قوتابخانەیە هەم دەمتوانی دەرس بخوێنم و هەم پانسیۆن و جێگەی مانەوەشم بوو، دایە گەورەم پارەی ئەو قوتابخانەیەی بۆ دابین کردم و رۆیشتم، جاروبارە دەچووم بۆ پاریس لای دایکم و باوکم. لە ١٧ ساڵی هەموو ئێمە گەڕاینەوە بۆ کالیفۆرنیا، زانکۆم لە کایفۆرنیا تەواو کرد بەشی وێژەو نیگار کێشان، هەرچەندە زۆر هۆگری ئەستێرە ناسی-یش بووم، پرۆفسۆرێکی مەزنی بە رەگەز رۆمانی-یوونانیمان هەبوو هێندەی قەدر دەگرتم خۆم بە قەرزداری دەزانم هەتا ئەمڕۆش، هەمیشە دەیگوت» تۆ قوتابی نیت بەڵکوو مامۆستای لێرە، لە کالیج ماوەیەک دەرسم گوتەوە بەڵام تاقەتی مرۆڤە گەورەکانم نەما، چووم بۆ بەشی منداڵان، لە گەڵ منداڵان توانیم خەمی ژینگە بکەین بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئەمە دەنگی زۆری دایەوە، هەتا ئەو ئەو دەمیش نیگەرانیم لەناوچوون و کەمتەرخەمیی ژینگە وئاژەڵەکان بوو، دەزانی بەرە بەرە ژینگە دەگۆڕن و دارەکان نامێنن، دوایی هەموو گیان لەبەرەکان. کەوایە مرۆڤ رۆحی نەخۆش دەبێ و چاند و فەرهەنگ دەڕووخێ بە تەواوی، لێرەش ئەوەی لە دەستم هات ئەو چەند ساڵەی وا بەرپرسی کاروباری چاندی ئەمریکی بووم هەوڵم بۆ ئەمە دا، ئەو شار و مەڵبەند گەلەی وا لێی ژیاوم کاریگەر بوون لە سەرم بەڵام لە ئەمریکا هەر لە ناو ئوتۆمبیل بووم و دەترسام، رەنگە بێزار بووبم لەم شێوە ژیانە، پاریسم زۆر بە دڵە بەڵام وەک ئاسینا گەرم نیە، فەرەنسەییەکان بۆ ئەوەی دۆستایەتیت بکەن دەبێ وا بی کە ئەوان دەیانهەوێ. بۆیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم شارەشدا ژیانم پێ خۆش نەبوو، ژنێڤ چاکترە بەڵام ئاسینا کەش و هەوایەکی ناسک و دڵگیری هەیە. هەر بۆیە لێرە هەست بە کامڵبوون دەکەم، خەڵک سادە و دەست بڵاون، ترس و خۆفم نیە لەم شەقامەوە بۆ ئەو شەقام. زۆر شاکاری نووسراوەی جیهان هەن کە دەکرێ مرۆڤ قسەیان لە سەر بکات سێفریس هەڵبەستڤانی یوونانیم زۆر پێ خۆشە، نەدارەکانی هۆگۆ و رۆمیۆ ژۆلیت شکسپیر، هەروەها شەڕ و ئاشتی تولستۆی، ئەوەی تۆلستۆی کە بۆم سەرسوڕمانی هەمیشەیی‌یە چۆن دەتوانێ هێندە بە وردی باسی کاراکتری ئەو هەموو کەسە بکات. من قەت شووم نەکرد چونکە جارێک ئەڤیندار بووم و ئەو کەسە نەما، هەر بۆیە قەت لە خۆمڕانەبینی کە چیتر ژیانی هاوبەش پێک بێنم، بۆ وڵامی دوایەمین پرسیارت ئاواتی ئاشتی و ژیانی ئارام بۆ خەڵکی هەموو جیهان دەخوازم، سڵاوو خۆشەویستی بێ پایانم بۆ خەڵکی کوردستان، من هیچم لە سەر کوردستان نەدەزانی. زۆرشتت فێر کردووم، سڵا و لە شاخ و دەربەند و خەڵکی سادەتان ... زێوەخانەی بزر خەمی بێ وادە سەر و سیمای هەژارانی داپۆشی وەک بەفر تێکەڵ بە قەمچی با نەداری و نەمان چۆمێک رێگای دەروونی دۆزیتەوە بە ناو پێچ و پەنا باریکەلانەکاندا بێ دەنگانە رێ دەکات بۆ سەرچاوگەی ئەڤینی ون چەندەها جار گریام لە بەرانبەر ئاوێنەدا پەیکەرەکان بە هەناسەسواری‌یەوە بۆمیان دەڕوانی هەم سەربەرز بوون پێم وهەم بەزەیی‌یان پێمدا دەهات «بەزەییتان بەم بیگانەیە دا بێ» پیاوێک لە دوورەوە هاتە قسە بەرەو خوار بۆوە بۆ ناوتەنوورەی نەبڕاوە، بە پێیان بان و خوارکردن هەزاران هەزار جار بە ناو ئەو هۆڵەکانە دا کە کەس نەیدەناسی. سڵاویان لێ نەدەکرد بە دەگمەن یەک قرانیش خێریان پێ دەکرد ئەو دراوانە چۆن وەک زیو دەدرەوشانەوە، وەک زێوی شاری ترۆوا کە دەبا بنێژرابا لە گەڵ قارەمانەکان دا، ئەو جەنگاوەرانەی وا سیمایان، چاوەکانیان لە گەڵ هەسارەکان دا بوون بەیەک ... هەژارێکی بێ سەرو سامان دەبێ چەندە ئاواتی بە کونجی ژیانی ئەمانە خواستبێ؟ لە سەر سەرینە تاقانەکان، ئاوات بە دواهەمین ئاوات نەمری نا ئیتر هیچیان بریندار نین، کەسیان بە ئێش نابێ قارەمانن لە نیگایانەوە رۆحی ماندوو و تەنیامەوە تروسکەی ژینی نوی دەبژرێن، دەردو خەمی ئەم دنیایە بدە بە با، ئا لەم زەوی‌یە چەندە ئێشم بینی منیش ئێشی بێ کۆتایی...

بالگرتنەوە

خۆر هەڵاتنە خۆرهەڵات لە سەرشاخەکان هەستم دەکرد دڵم هەڵدێ و دڵم دەنیشێ لە گەڵ تاو دا رۆژەکان دەرباز دەبوون دڵم ژیایەوە لە گەڵ خۆرەتاودا و شاییم هەست پێ دەکرد دوایی ئەوپەڕی خەمم هەست پێ کرد خۆم لە ئامێزی قووڵی خاک دا دیتەوە، چاوم لێ بوو ئەڤین دڵمی دەدایەوە منیش ئەو پەڕی خۆشەویستیم هەست پێ کرد، دایە پڵنگێک بە زمانی سیمامی دەلستەوە ئای چەندە جوان بوو سێبەرەکانی هاوین درێژ و زێڕین بە دەستەکانم کۆمکردنەوە بە ئۆقیانووسم سپاردن ئەویش لە ناخی ئۆقیانووسەوە بزە گرتی باوەشی گرتبۆوە بۆ من لە ناو ئامێزی دا خەونم بە ئاسمانەکانەوە بینی. ژنان سەبەتی گەورە بە دەست یەک لە یەک گەورەتر، پشیلەکان خۆیان دەردەخست و بە زمانی گوڵە جۆر بە جۆرەکان دەدوان داوای شیریان دەکردو چاوەکانیان دەدرەوشایەوە شین و مەیلەوشین. داوام لە دایکم کرد بێتە ناو یەک لەم خەونانەم دایکم دڵ خەمینانە وتی: خەونەکانت تۆلە من دوور دەخەنەوە وەک مەرگ لە ناو جێ مەرگیشدا شیعری دڵداریم خوێندەوە بەردەوام بووم، چاوم بە پۆلێک باڵندە کەوت لایەلایەیان بۆ کردم و خەوم پێیا کەوت. سەد ساڵ خەو بردمیەوە ناو جێ مەرگم .گوڵەکان زیادیان کردبوو وەک گوللە لە جێ دەرچووم باڵم گرتەوە بۆ ئاسمانەکان

**سەرچاوە ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ**

# مەرگی هەتاو

ژیلا حوسێنی

کاتێ گوڵێک هەڵ ئەوەرێ
بولبول ئەگرێ،
لەو کاتەدا، هەتاو ئەمرێ،
دنیا بەرگی رەش ئەپۆشێ.
رووبار ئەمرێ،
زەوی دڵی شەقار شەقار،
لێوی وشک هەڵئەگەرێ.
تۆ نەتدیوە چۆن خۆڵ ئەکا بەسەر
خۆیا؟!
بۆ مردنی هەر دڵدارێ، دڵدارێکی دڵپڕ ئەگرێ و
لەسەر گڵکۆی خۆشەویستی
تاجە گوڵێنە دائەنێ،
بــەڵام
کاتێ دڵی من مرد، کەس نەیزانی
کەس لە پرسەی دڵی مندا
فرمێسکێکی هەڵنەوەراند
دەستیان گرتم، لاشەی بێ دڵی منیان برد
هەڵیان پەراند

# ستراني ژنێکی سەربڕاو

پێشکەشە بە گیانی پاکی ئەو ژنانەی بە بەهانەی شەرەفەوە

کوژران

نەزەند بەگیخانی

هێی هێی هێی هێ
سەرگوزەشتەی من
دەشێ سەرگوزەشتەی تۆش بێ
سەرگوزەشتەی من
سەرگوزەشتەی گوڵێ بوو
لە سووچێکی سەر ئەم زەمینە
دەشنایەوە، پێدەکەنی، لەگەڵ جوانیدا
هاودەم بوو
رۆژێ بایەک هەڵیکرد
بایەکی بۆر، قورس، چڕنووک درێژ
درێژ درێژ بە قەد باڵای تاوانەکان
تاوانی بوون، تاوانی ژنبوون
هێی هێی هێی هێ
گوڵێکی سپی بووم
لەگەڵ با، لەگەڵ باران، لەگەڵ عەشقدا
هاودەم بووم

بای بۆر، قورس، ناگەهان
بە بەرگی پیاوانەوە هات
گرم گرم ئەستێرەکانمی شکاند و
کانییەکانمی هەڵوەراند
گرم گرم نزیک بۆوە
بای بۆر، قورس، ناگەهان
بە بەرگی پیاوانەوە هات
نزیک بۆوە
نزیکتر
هات
چڕنووکی چەقۆ ئاسای لە روومەتەکانم گیر
کرد
پەپوولەکانمی خنکاند
رۆشناییمی سەربڕی و
بە خوێنی ئاڵم
مەرگی ژیانی تۆمار کرد
هێی هێی هێی هێ
سەرگوزەشتەی من
دەشێ سەرگوزەشتەی تۆش بێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆ ژنانی نیشتمانم

نەزەند بەگیخانی

پیاوانی هۆزەکەم
شەوانە بەرماڵی سپی لە سەر رانی ژنەکانیان
رادەخەن و
دەروێشانە رۆحە ئەهریمەنەکانیان دەپژێننە ناو
پەرستگاکانی لەش.
هەرگیز بیر لە جوانی ناکەنەوە.
پیاوانی هۆزەکەم
ژنانی پیاوانی هۆزەکەم بەڵگەنامەی رووسپیەتی
خۆیان توند توند لە
بوخچەی یەخدانە دێرینەکان هەڵگرتوە و لە ژێر
سێبەری دژواری مێردەکانیان
رۆژانە سێبووری دەچێنن و چەمەر دەچننەوە.
ژیانی ژنانی پیاوانی هۆزەکەم ژێی بوونێکی
نەزۆکە
مێردەکان ئاوازی شەهوەتی لەسەر ساز دەکەن.
دڵی ژنانی پیاوانی هۆزەکەم پێخەفێکی
هەوراوییە و
مێردەکان تیایدا خەون دەبینن، چێژ دەبینن،
جوانی نابینن.
پیاوانی هۆزەکەم
بروسکەی ئاسمانی ژنەکانیان دەدزن و
ناخوازن بارانێکی پێغەمبەرانە پاوانی جەستە
سیاساڵەکانیان رەنگ بکات.
هەرگیز لە جوانی ورد نابنەوە.
پیاوانی هۆزەکەم
ژنەکانیان دەبن بە دایک و بیر لە کچێنی
کچەکانیان دەکەنەوە.
ژنانی پیاوانی هۆزەکەم ساویلکانە دەست
دەکوتن و لە کەلێنە پووکاوەکانی
ژینیان شەرم و گومان سەرچن دەکەن و لە
خەزێنەی ژنایەتی‌یان هەڵی‌دەگرن بۆ
جیازی بووکێنی کچەکانیان.
پیاوەکان دەبن بە باوک و بیر لە کوڕەکانیان
دەکەنەوە.
پیاوانی هۆزەکەم بەفیزە وە دەست درێژ دەکەن و
لە کەلێنە تەرەکانی لەشیان
قەفە هێز و قەفە شەرەف دەرننەوە و دەیکەن بە
مولکی کوڕەکانیان.
کچ و کوڕانی هۆزەکەم سەرەتا بە ئاوەز و پیرۆز
بوون
ئاشنای رەنگی شەو و باڵای بەفر نەبوون،
پاشنیوەڕۆیەک کۆشیان پڕ کرد لە ناز و تاجی
سپەییان لەسەر نا، لە
باخچەکەیان تریقانەوە و گەززەیان لە دڵگیرترین
میوەدا.
ئێوارە گرمەی هەنگاوە قورسەکانی پیاوانی
هۆزەکەم ئەندێشەی باخچە
بەهەشتی‌یەکەیانی هەژاند و تامەزرۆیی
پێکەوەبوونیانی رەواندەوە.
جوانی‌یان راچڵەکی و زرمەی هات،
بوو بە کەستەکێکی رەش جوانی
کەستەکی رەش بوو بە قیبلەی پیاوانی هۆزەکەم
کڕنووشە بۆ رۆچوون و تۆرانە لە بوون.
ژنانی پیاوانی هۆزەکەم وەک پەپوولە دەرژێنە
نزرگاکان و لەبن کێلی
ئەسحابان چلدانە دەگرنەوە.
مێردەکانیش لەسەر لاشەی رەشی جوانی کەزی
شەپۆڕ و شین و
شەهوەت پەخشان دەکەن
هەرگیز بیر لە جوانی ناکەنەوە پیاوانی هۆزەکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سروودی ساردی سبەینێ

یوونس ڕەزایی

تاریک دادێ بەسەرهاتی ئەو ڕووبارە
ئەو ڕووبارە... لە تەمەنی ماسی‌یەکان
دا
لە بەژنی ئاودا... هەڵوەدا
(سەرچاوەکانی لێڵ دەکا
وەک ئەم شێعرەم...کە شەوەزەنگی
گریانە

لە ئاسمانی دا بەردەوام)
ئەی ڕووباری نیوە شەوم
تا کازیوە دەرفەتی شەپۆلەکانتم
تا ئاوەدانییەکانی زام... بە شەپۆلت
دەکولێنەوە

چەمەرای سروودی ساردی بەربەیانتم...

(دەراوەکانت ڕوون دەبنەوە بە خوێنم
وەک ئەم شێعرەم ... کە خۆرنشینی برینە

لە ئاسۆی دا...سوور و وەڕەز)
تاریک داهات پێنووسی من ... ئەی
هاوڕێیان
من مانگێکم بە هەڵوەدایی لێ ون بوو
کە وشەکانم خەرمانەی هەمیشەی بوون
تا کازیوەش

زامەکانم بە سیمایەوە گەشاوە...
بەسەر شۆستەی تاریکان دا
ڕووباریکم لێڵتر لە تەمەنی وشە
(ڕاکشاوم هێدی و وەریو ... لەم دێڕەدا ...
کە خەرمانەی تەنیایی‌یە)

دێتە ژوانم سبەینێی مانگ
لە مێژووی ئەم شەوگارە دا
نا-دڵنیام.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بیا و دوست من باش

سعاد الصباح

چه زیباست اگر دوست هم باشیم
هر زنی گاه محتاج دست دوست است
محتاج سخنی خوش
محتاج خیمه ی گرمی که از کلمات ساخته
شده است
اما نیازمند طوفان بوسه ها نیست
دوست من
چرا به خواسته های کوچکم نمی اندیشی ؟
چرا به آنچه که زنان را خشنود می سازد
نمی اندیشی ؟
دوست من باش
دوست من باش
بعضی وقتها دلم می خواهد با تو
بر روی سبزه ها راه بروم
و با هم کتاب شعری بخوانیم
من ، همچون زنی ، خوشبخت می شوم که تو
را بشنوم
ای مرد شرقی
چرا فقط مجذوب چهره ی منی ؟
چرا فقط سرمهی چشمانم را می بینی
و عقلم را نمی بینی؟
من همچون زمین نیازمند رود گفتگویم
چرا فقط به دستبند طلای من نگاه می کنی ؟
چرا هنوز در تو چیزي از شهریار باقی ست ؟
دوست من باش
دوست من باش
من نمی خواهم که با عشقی بزرگ عاشق من
باشی
نه ، من نمی خواهم که برایم قایق بخری
و کاخها را هدیه ام کنی
من نمی خواهم که باران عطرها را
بر سرم ببارانی
و کلیدهای ماه را به من ببخشی
نه ، این چیزها مرا خوشبخت نمی سازد
خواسته ها و سرگرمیهایم کوچکند
دلم می خواهد ساعتها
ساعتها با تو در زیر موسیقی باران
راه بروم
دلم می خواهد
وقتی که اندوه در من ساکن می شود
و دلتنگی به گریه ام می اندازد
صدای تو را از توی تلفن بشنوم
دوست من باش
دوست من باش
به شدت محتاج آغوش گرم آرامشم
از قصه های عشق و اخبارعاشقانه
خسته شده ام
دلخسته ام از دوره اي که
زن را مجسمه ای مرمرین می انگارد
تو را به خدا
مرا که می بینی حرف بزن
چرا مرد شرقی
وقتی زنی را می بیند
نصف حرفش را فراموش می کند ؟
چرا مرد شرقی
زن را مثل یک تیکه شیرینی
و جوجه کبوتر می بیند
چرا از درخت قامت زن
سیب می چیند و به خواب مي رود ؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# من ژنێکم

ڤینۆس فایەق

من ژنێکم پڕاو پڕ لە ژیان
لێوانلێو لە مردن
دوو گیان بە ونبوون
تەوئەمی خۆڵ و
ژنێک لە هیچ، لە نەبوون
خەونێکم
لەبن سەرینی خوداوەندێکا
نووسراومەتەوە
ژنێکم کەمێک لە رووناکی و
تۆزێک لە تاریکی
کەمێک لە گریان و
تۆزێک لە پێکەنین
ساتێک بەڕێوە و
عومرێک لە پەنا ئاوێکی وەستاوا
واقم وڕماوە

نزار قبانی

برف نگرانم نمی‌کند
حصار یخ رنجم نمی‌دهد
زیرا پایداری می‌کنم
گاهی با شعر و
گاهی با عشق...
که برای گرم شدن
وسیله‌ی دیگری نیست
جز آنکه «دوستت بدارم»

ترجمه موسی بیدج

عمران صلاحی

هرچه بیشتر می گریزم
به تو نزدیکتر می شوم
هر چه رو برمی گردانم
تو را بیشتر می بینم
جزیره ای هستم
در آب های شیدایی
از همه سو
به تو محدودم..
هزار و یک آینه
تصویرت را می چرخانند
از تو آغاز می شوم
در تو پایان می گیرم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئۆپەرێتی گوڵی خوێناووی

عەبدوڵا گۆران

کوڕ:

بڕوانە! شایە، چۆپیە، لەوماڵ

ەگوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵ

ە!زەرد و سوور تێکەڵ بوون، ژن و پیا

و، هەرایەلەو ناوە هەر هارەی هەیاسەی تۆ

نایە!

سا تو خوا خێراکە با بڕۆین دەست بگرین

بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین!

**********

کچ:

گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ

، زەرد چەپکێنایەم بۆ زەماوەن،

نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!

***********

کوڕ:

کچ لە ڕێی جوانیتا،

کچ لە ڕێی جوانیتا

کچ لە ڕێی نیو نیگای هاتوچۆی کانیتا

پاییزە، گەڵای دار ڕژاوە، باغ ڕووتە،گوڵ

کوانێ؟

گوڵ لێوی بە بزە پشکووتە!***********

کچ:گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ، زەرد

چەپکێ

نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!

بتدایە دڵ بە من، بە هەموو مەعناوە

دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی

پاشاوە!...***********

کوڕ: {ئەڕوا و لەبەر خۆیەوە بە گۆرانی ئەڵێ}

باغچیەی پاشا لەوبەر ئاوەخێڵێ دوشمن

دەورەی داوە

ئەرۆم: ڕێگام لێ گیراوەنارۆم: چاوکاڵ لێم

تۆراوە!

بەرە بەرە لە دێ دوور کەوتەوە}

***********{

کوڕ:بە باغچەی پاشادا ورد گەڕام،

خوار و ژوورزەرد هەبوو،بۆم چنیت،

چنگ نەکەوت گوڵی سوور

نازانم ئەمجا دێیت بۆ شایی و هەڵپەڕکێ؟

***********

کچ:

نایەم، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ!

***********

کوڕ: {یەخەی مراخانیی ترازان} :

ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لە باتێ؟

***********

کچ:هەی هاوار! تفەنگی دوشمنیش پێکاتێ؟

ڕا کشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم

با بگریم بۆ دڵێ بۆ گوڵێ دۆڕانم!گۆران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# باوەشێکی تەنیا»

لەیلاسۆفی سوڵتانی

لەم وڵاتە بێ تۆیەدا
چ ناونیشانێکم هەبێ ێەی یار؟
ئەی نازانی
باران سۆراخی گوڵێ ناکا لە دەست چووبێ؟
من گەڕیدەیەکی لا ڕێم و
هیچ ناونیشانێ پێمەوە نانوسێ.
هیچ بارانێک لێم ناپرسێ
هیچ باڵێکم لە تەنیاییمدا نادۆزمەوە،
هیچ فرمێسکێک دەگەڵما هەڵناکاو دەڕژێ،
هیچ وێرانەیەک نامگرێتە خۆ
کاتێک کە من دوورم لە تۆ.
ئەی یار!
کەی دەگەیە باڵق بوونم؟
ئاخر پیریی بەڕێوەیە.
کەی دەگەیە بەر سێبەری خونچەکانم؟
گەڵا وەرینی پێوەیە.
کەی لارەولار ژوانێکی دی ڕێک دەخەی؟
من چۆن دەژیم بەم شێوەیە؟
لە چاوم غەریبیت دەچۆڕێت و
لەقژیشم
بۆنی پەنجەو باوەشێکی لە خۆم تەنیاترو مەست
تر.
هەی بێ بەڵێن
چۆن دڵت هات
ئەم هەموو پەرژینی ترس و ڕاڕاییەم بەزێنی و
لە نێو ماڵی دڵما هەڵبێی.

ئەی نازانی
ئاگری عەشقێکی گەورە بە دووتەوە
هەر دەتگاتێ و دەتسووتێنێ؟
دەی نازانی مەگەر بە مەرگ
دەنا هەر ڕێی تێ ناچێ،
ئەم هەموو ئازارو خەمەم جێت بهێڵێ.

تۆزێک سەبرکە ئەی با !!!
بێئاوڕدانەوە مەکەوە دوای باران
منیش بەرە لەگەڵ خۆت.
لەنێو قژە ئاڵۆزاوەکانی خۆتا
ڕووت بوونم بشارەوە،
تا سیلەی نیگای ئەو پیاوانە
هەنجن هەنجنیان نە کردوم.
بم بە لەگەڵ خۆت
بمخەرە سەر چڵی میهرەبانی
تاپڕ بم لە جریوەی ماچ.

کوێستان عومەرزادە



# کاریگەریی مۆسیقا لەسەر گەشەی مێشکی منداڵ



لێکۆڵینەوەیەکی نوێی پزیشکی دەری‌خستوە کە گوێگرتن لە مۆسیقا لەلایەن ژنانی سکپڕەوە دەبێتە هاندەرێک بۆگەشەی مێشکی منداڵی ناوسکیان. لێکۆڵینەوەیەکی تازەی پزیشکی دەری‌خستوە کە گوێگرتن لە مۆسیقا لەلایەن ژنانی سکپڕەوە هاندەرێکە بۆ یارمەتیدانی گەشەی مێشکی منداڵی ناوسکیان، بەرپرسی لێکۆڵینەوەکە (ئینۆ پارتەنێنت) لە زانکۆی (هێلسنکی)ی ئەمریکا وتی «پێشتر دەمانزانی گوێگرتن لە مۆسیقا لەلایەن ژنانی سکپڕەوە کاریگەریی لەسەر منداڵی ناوسکیان دروست دەکا، بەڵام نەمان‌دەزانی قەبارەی کاریگەری‌یەکە تا چڕادەیەکە، ئەم تاقیکردنەوەیە دەری‌خست ئەو منداڵانەی لە ناوسکی دایکیان‌دا گوێیان لە مۆسیقا بووە، توانای فێربوون و چالاکیی مێشکیان زیاترەو دەتوانن لەسەرەتاکانی تەمەنیان‌دا فێربن»، لەم تاقیکردنەوەیەدا پزیشکەکان دوو گرووپی جیایان پێکهێناوە لە ژنان، گرووپێکیان لە هەفتەیەکدا بۆماوەی پێنج جار بەلایەنی کەمەوە گوێیان لە گۆرانی (Twinkle، Twinkle، Little Star) گرتوە بەتایبەتی لەهەفتەکانی ئەخیری سکپڕی‌یان‌دا، بەڵام گرووپەکەی تر یان هەر گوێیان لە مۆسیقا نەگرتوە یان زۆربەکەمی گوێیان لێ‌گرتوە، لە دوای لەدایکبوونی منداڵەکان بۆ ماوەی چوار مانگ پزیشکەکان توانای چالاکیی مێشکی منداڵەکانیان پێواوە، پزیشکەکان هەمان مۆسیقایان بۆ منداڵەکان لێ‌داوەتەوەو دواتر دەرکەوتوە ئەو منداڵانەی پێشتر لە سکی دایکیان‌دا گوێیان لە مۆسیقا بووە، توانای چالاکیی مێشکیان زۆر زیاتر بووە بەبەراورد بە منداڵەکانی تر، لەپاش

لێکۆڵینەوەکە پزیشکەکان رایان‌گەیاند کە گوێ‌گرتن لە مۆسیقا ماوەی ٢٧ هەفتەی یەکەمی سکپڕی‌و شەش مانگی دوای لەدایکبوونی منداڵ بۆ گەشەپێدانی توانای منداڵ و پەرەپێدانی چالاکیی مێشکی زۆر گرنگە.

# سوودی خەوتن لەتاریکیدا چیە؟



لێکۆڵینەوەکان دەریان‌خستوە کە لەکاتی خەوتن لە تاریکی‌دا لەش هۆڕمۆنی میلاتۆنین دەردەدا کە دەبێتە هۆی بەرگری لە دژی نەخۆشیی شێرپەنجە لە مەمک و پڕۆستات‌دا، توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەرهەم‌هێنانی هۆڕمۆنی میلانۆنین ڕێگری لە گەشەی خانەکانی سەرەتان ئەکا کە ئەمەش بە لەکارخستنی ڕووناکیی ناو ژووری نوستن بەدەست دەهێنرێ.

لێکۆڵەرەوەکان ڕایدەگەیەنن کە ئەمە چارەسەرێکی سروشتیە بۆ یارمەتیدان لەسود وەرگرتن لەتاریکی شەو بۆ بەرگری لە جۆرە دیاریکراوەکانی سەرەتان.

شایەنی باسە هەروەک ئەوەی تاریکایی شەو دەبێتە هۆی دەردانی ئەو جۆرە هۆڕمۆناتانە ڕووناکی ڕۆژیش بەهەمان شێوە دەبێتە هۆی دەردانی کۆمەڵێک هۆڕمۆناتی تر، ئەم لێکۆڵینەوەیەش ئەمان گەیەنێت بەو ڕاستیەی کە پێویستە شەوانە زوو بخەوین لە ژورێکی تاریکداو بەیانیان زوو لەخەو هەستین بۆ سودمەند بوون لە ڕووناکی ڕۆژ کاتێک بەدەر دەکەوێت.

سەرچاوە: کۆمەڵنیوز

زانکۆی ئەریزۆنای ئەمەریکا تەئکید دەکاتەوە لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە بۆیان دەرکەوتوە خەوتن لەتاریکی‌دا سوودی زۆر بە تەندروستیی مرۆڤ دەگەیەنێ و بەشێوەیەکی زۆر باش چالاکیی بەرگری لەش زیاد دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یەکەم چارەسەری پیتاندن بە مۆسیقا

(فریدی هو) یەکەم منداڵە لە بەریتانیا، کە لە رێگای پیتاندنی دەسکردنی مۆسیقی لەدایک دەبێ، بە پێکردنی مۆسیقای گۆرانییەکانی مایکل جاکسۆن لە نزیک هێلکۆکە پیتێندراوەکە، بۆ هێورکردنەوەی لە کاتی پرۆسەی پیتاندنەکەدا. دایک و باوکی (فریدی) ماوەی چوار ساڵ هەوڵیان دا و لە پرۆسەی پیتاندنەکە سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە لە هەوڵەکانی خۆیان نائومێد بوون و پەنایان بردە بەر تۆرینگەیەکی ئیسپانی کە ئەم شێوازە داهێنراوە دەگرێتە بەر، ئەمەش دوای ئەوەی توێژینەوە زانستییەکان دەریانخستبوو، کە ئەم لەرینەوانەی لە دەنگی مۆسیقاکە دەردەچن، دەرفەت و ئەگەری پیتاندنی هێلکۆکە زیاتر دەکەن. ئێستا فریدی تەمەنی ساڵێکە، دایکی دەڵێ زۆر حەزی لە مۆسیقایە و بە بیستنی ئارام دەبێتەوە. پزیشکان نزیکەی ١٠٠٠ هێلکۆکەیان بە سپێرم پیتاندوە. پاشان لەو شوێنەی نیوەی هێلکۆکەکانی تێدا دانراوە، مۆسیقای گۆرانییەکانی مایکل جاکسۆن و مادۆنا و مۆسیقا کلاسیکییەکانی باخ و مۆزارتیان هەڵکردوە. لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوتوە، کە لەو بەشەی مۆسیقاکەی تێدا هەڵکراوە، پیتاندنی هێلکۆکەکان بە رێژەی ٥٪ زیاتر لە بەشەکەی دیکەی سەرکەوتوە ، بۆیە زاناکان دەڵێن لەرینەوەکانی دەنگی مۆسقیاکە هۆکاری ئەمەیە.



# مەترسییەکانی خەوتن بە ستیانەوە



ئەگەر خانمان بە ستیانەوە دەخەون، بەتایبەت ئەو ستیانانەی کە بە بەستەر و ئەڵقەی کانزایی دادەخرێن، پێویستە بزانن مەترسییەکان چین؟

بەپێی توێژینەوەیەک کە لە پێنچ شاری ئەمریکا ئەنجام دراوەو تیایدا پرسیار لەو خانمانە کراوە کە دوچاری شێرپەنجەی مەمک بوون، پرسیارەکان بەو جۆرە بووە کە ئایا رۆژانە چەند کاتژمێر ستیان لەبەردەکەن و چەند پێوە دەخەون و چەند پێوەی دەمێننەوەو هەست بە چ ئاسەوارێک دەکەن.

لە راپرسییەکەدا پرسیار لە دوو هەزار و ٥٦ لەو خانمانە کراوە کە دوچاری شێرپەنجەی مەمک بوون و هەروەها لە دوو هەزار و ٦٧٤ خانم کە دوورن لەو نەخۆشییە، دەرکەوتوە کە ئەوانەی بۆماوەیەکی زۆر بە ستیانەوە دەمێننەوە، ١٢٥ جار زیاتر ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەیان هەیە لەچاو ئەو خانمانەی کەمتر ستیان بەکار دەهێنن.

هاوکات دکتۆر رۆس سینگەر، بەرێوەبەری پەیمانگەی توێژینەوە پزیشکییەکان لە هاوایی رایگەیاندوە کە ستیان کاریگەریی خراپ دەکاتە سەر لیمفەگرێکانی لەش، بەجۆرێک ستیانی تەسک و تەنگەبەر کە فشار دەخاتە سەر مەمک، هۆکارە بۆ دروستبوونی ماددەی (تەکسین مۆهن) کە یەکێکە لە هۆکارەکانی تووشبوون بە شێرپەنجە.

توێژینەوەکە باس لەوەش دەکا کە خەوتن بە ستیانی تەسکەوە بۆ ماوەی ٧ بۆ ١٠ کاتژمێر، لەمپەڕ لەبەردەم سووڕی خوێن دروست دەکا، ئەمە جگەلەوەی دەبێتەهۆی سووربوونەوە و خوران و رووشانی پێست، بۆیە باشترە خانمان ئەگەر بە ستیانیشەوە بخەون، پێویستە ستیانەکەیان لە قوماشێکی نەرم دروست کرابێ.

جگەلەو بێزارییانەش، خەوتن بە ستیانەوە رێگرە لەوەی خانمان بە شێوەیەکی ئاسایی بخەون و لە وەرزی هاوین و کاتی گەرماشدا دەبێتە هۆی ئارەقکردنەوە.

هەرچەند توێژینەوەکە نەگەیشتووەتە دەرئەنجامی تەواو بۆئەوەی خەوتن بە ستیانەوە هۆکاری سەرەکی بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمک بێ ، بەڵام گوێڕایەڵبوونی خانمان بۆ ئەنجامە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنانی تەمەن ٤٠ ساڵ .. ئاو زۆر بخۆنەوە



چوونە نێو قۆناغی تەمەنی ٤٠ساڵی بەتایبەت بۆ ژنان بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بەقوناغێکی هەستیاری تەمەنی هەژمار بکرێتو زۆر لەژنان

لە خەمی ئەوەدان چۆن بتوانن گەشە بەلایەنی جەستەیان بدەن لە رووی پاراستنی لە بەرزبوونەوەی رێژەی چەوری و هەروەها زۆربوونی کێش بە شێوەیەکی گشتی . سابین لەحام پسپۆری بواری خۆراک، ژنان لەو دڵەراوکێیە دڵنیا دەکاتەوەو دەڵێ «تەنها چارەسەر بۆ بنبرکردنی چەوری و بەرزبوونەوەی کێش دەکرێ بووتریّ خواردنەوەی رێژەیەکی زۆر لەئاوە بەرێژەی ٦ ـ ٨ کوپ ئاو لە رۆژێکدا بەتایبەت بۆ ژنانی تەمەن ٤٠ساڵ کە دەکرێ ئەمە لە ئێستادا چارەسەرێکی زۆر گونجاوو دروست بێ»، ئەو وتیشی «ئاو یارمەتیدەرێکی بەهێزە بۆ دەربازبوون لە چەوری و هەروەها رۆڵی سەرەکییش لە پاککردنەوەی گەدەدا دەبینێ و گەشەیەکی بێ وێنەش بەپێست دەبەخشێ، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو سوودەی خواردنەوەی ئاودا پێویستە خواردنەوە گازیەکان و هەروەها چاو قاوەش بەرادەیەکی زۆر کەم بکرێتەوە، چونکە ئەو خواردنەوانە رێژەیەکی زۆر لە کافیئین لەخۆ دەگرن و دەبنە رێگرێکی سەرەکی لەبەردەم بەرهەمهێنانی هۆرمۆنی ئەستروجین لەجەستەدا».

# سوودەکانی باینجان بزانە



باینجان بە یەکێک لە سەوزەکان دادەنرێت کە لە دێر زەمانەوە مرۆڤ خواردوویەتی و لە ئێستادا وەک شلە یاخود چەند جۆرێکی دیکەی خواردن ئامادەکرێت و دەخورێت ولەگەڵ ئەوەشدا سوودێکی زۆری هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ و دەبێتە هۆی:

١- سوودێکی زۆری هەیە بۆ چالاککردنی مێشک و زیرەککردنی کەسەکە.

٢- بە هۆی ئەوەی رێژەیەکی زۆر مادە بەسوودەکانی تێدایە سوودی هەیە بۆ پتەوکردنی نینۆکەکان و یارمەتی زوو درێژکردنەوەی قژ دەدات.

٣- رێژەیەکی زۆر ریشاڵەکانی تیدایە بۆیە سوودی هەیە بۆ دابەزاندنی کێش.

٤- ئەگەری توشبوون بە شێرپەنجە کەمدەکاتەوە.

٥- رێژەیەکی زۆر کانزاکانی تیدایە بۆیە سوودی هەیە بۆ خوێن.

# لەم کاتانەدا نابێت شیر بخورێتەوە



نابێت راستەوخۆ دوای خواردنەوەی شیر بخەویت چونکە شیر بە ئاسانی هەرس نابێت، بۆیە دەبێت پاش کاتژمێرێک ئینجا بخەویت، تا بەتەواوەتی شیرەکە بگوێزرێتەوە لە گەدەوە بۆ ریخۆڵە.

– لەگەڵ ئەوەی شیر رێژەیەکی زۆر کالیسیۆمی تێدایە و سوودی هەیە بۆ پتەوکردنی ددانەکان بەڵام لە هەمانکاتدا بە هۆکاری سەرەکی دادەنرێت بۆ کلۆربوونی ددانەکان، بۆ ئەمەش باشتر وایە دوای خواردنەوەی شیر دەستبەجێ ددانەکان بشۆیت.

– ئەو کەسانەی کێشەی کۆلۆنیان هەیە باشتر وایە شیر نەخۆنە چونکە دەبێتە هۆی دروستکردنی غازاتێکی زۆر.

– ئەوانەی بەردو لمیان هەیە نابێت شیر بخۆنە چونکە دەبێتە هۆی زیاتر قورسکردنی گورچیلەکان.

– خواردنەوەی شیر سوودی هەی بەڵام، نابێت رێژەیەکی زۆر شیر بخورێتەوە چونکە زیانی دەبێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەم شێوەیە سەوزەو میوەکان بشۆرەوە



بۆ ئەوەی ڕزگارت ببێت لەو میکرۆبانەی لەسەر سەوزەکان یاخود میوەکان جیگیر بوون ئەوا باشتر وایە بەم شێوەیە میوەکان و سەوزەکان بشۆیتەوە:

- دەستەکانت پاک بشۆ.
- هەر پارچەیەکی خراپ بە سەوزەکە یان میوەکەوە هەیە لێیبکەرەوە.
- پاش ئەوەی سەوزەکە یاخود میوەکەت چاک کرد ماوەیەک لە ئاوی گەرمدا داینێ.
- پاشان بە ئاوی گەرم و شامپۆی تایبەت بە شۆردنەوەی سەوزە و میوەکان بیانشۆرەوە.
- دەتوانیت دەرمانی تایبەتی بۆ لەناوبردنی میکرۆبەکان بکەیتە ناو ئاوەوەو پاشان سەوزەکە یاخود میوەکەی تێبکەیت.
- میوەکان بە فلچەیەک جوان پاک بکەرەوە بەڵام بۆ سەوزەکان پێویست ناکات چونکە زوو خراپ دەبن.
- پاشان ماوەیەک ئاوی ساردی بکە بەسەردا و بیکەرە ناو سوزگییەکەوە تا ئاوەکەی لێدەبێتەوە و پاشان کە بەتەواوی وشک بویەوە بیخۆ.

# گرینگییەکانی دیکەی پەتاتە بزانە

پەتاتە یەکێکە لە سەوزە بەتامەکان و سوودێکی زۆری هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ لەگەڵ ئەوەشدا بە خۆشترین و بەتامترین خواردن دادەنرێت بۆ منداڵان، لەگەڵ ئەوەی دەتوانرێت بە سورەوکراوی و بە کوڵای و بە برژاوی ئامادەبکرێت لە هەمانکاتیشدا دەتوانرێت بۆ چەند شتێکی دیکە بەکاربهێنریت کە ئەمانەن.

## – بۆ لابردنی ژەنگ:

کاتێک دەبینیت کەرستەیەکی ماڵەکەت ژەنگ لێیداوە ئەوا پەتاتەیەک بکە بە چوار قاشەوەو پاشان بیهێنە بەو شوێنەدا، پێوەی بهێڵەرەوە تا ماوەیەک دەبینیت بەتەواوەتی چارەسەری ئەو ژەنگە دەکات.

## – بۆ چارەسەرکردنی سوتاوی:

کاتێک شوێنیکی جەستەت دەسوتێت ئەوا باشتر وایە قاشێک پەتاتە بخەیتە سەری و چارەسەری ئازارەکەی دەکات و لە هەمانکاتیشدا دەبیتە هۆی پاراستنی ئەو جێگەیە لە میکرۆبەکان و یارمەتی زوو چالاکبوونەوەی دەدات.

## – بۆ جوانکاری:



پەتاتە سوودێکی زۆری هەیە بۆ چارەسەرکردنی ڕەشبوونی دەوروبەری چاوەکان بۆیە دەتوانیت پەتاتەیەک لەگەڵ ئاوی لیمۆ بکەیتە خەڵاتیکی کارەبای و پاشان بیدەیت لە دەوروبەری چاوەکانت، یاخود قاشێک پەتاتە بخەیتە سەر ئەو جێگایە.

## – بۆ چارەسەرکردنی سوێری:

کاتێک هەستت کرد ئەو خواردنەی ئامادەتکردوە زۆر سوێرە و خوێیەکی زۆرت تێکردووە ئەوا لەم کاتەدا دەستبەجێ قاشێک پەتاتەی تێبکە چارەسەری ئەو سوێرییە دەکات.

# بۆ دابەزاندنی فشاری خوێن

# ئەم خواردنانە بخۆ



پزیشکان ئامۆژگاریی کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن دەکەن، کە ئەم خواردنانەلەژەمەکانیاندا بەکاربهێنن بەوپێیەی بۆ دابەزاندنی پاڵەپەستۆی خوێن سوودیان هەیە:

سپێناخ، هەریەکە لەرەگەزەکانی پۆتاسیۆم وماگنیسیۆمی تێدایە، کە فشاری خوێن دادەبەزێنن.

گوڵەبەڕۆژە بەبێ خوێ، ئەویش ڕێژەیەکی باشی ماگنیسیۆمی تێدایە.

١.فاسۆلیا، ماگنیسیۆم وپۆتاسیۆم وریشاڵی تێدایە ٢.پەتاتەی سورکراوە، ڕێژەی سۆدیۆم کەمدەکاتەوە کە هۆکارە بۆ بەرزبونەوەی فشاری خوێن و هەروەها بۆدڵ وپەستانی خوێنیش بەسوودە ٣.مۆز، سەرچاوەیەکی گرنگی پۆتاسیۆم و ماگنیسیۆمە.

# بۆ ڕەواندنەوەی ماندوویەتی ....

# پێڵووی چاوەکانت بشێلە



کۆمەڵەی پزیشکانی چاو لەوڵاتی ئەڵمانیا ئامۆژگاریی ئەو کەسانە دەکا، کە زۆر کار لەسەر کۆمپیوتەر و خوێندنەوە دەکەن، بۆ ڕەواندنەوەی ماندووبوونی چاوەکانیان بە لەپی دەست چاوەکانیان بگوشن و کەمێک برۆ و پێڵووەکانیان بشێلن. بەپێی وتەی بەرپرسانی کۆمەڵەکە ئەم کردارە دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی ماسولکەکانی چاو وهەستکردن بەئاسوودەیی و پشوویەکیش بەچاوەکان دەبەخشێ، جیا لەوەش چاوترووکاندن بەپێویستی‌یەکی ئەو کەسانە دانراوە، تاکوو چاوەکانیان لە وشکبوون بپارێزن و تووشی نەخۆشی‌یەکانی چاو نەبن. یەکێک لە ڕێگەکانی پشوودانی چاویش کە ئەو کۆمەڵەیە ئاماژەی پێ‌داوە، ئەوەیە کە سەرت بۆ دواوە ببەی و چاوەکانت دابخەی و پەنجە بخەیتە سەر نێوچاوان و برۆکانت بشێلی تا چاوەکانت ئاسوودەبن و پشوویەک بدەن.

# شیردان بە منداڵ لە شێرپەنجەی

# مەمک دوورت دەخاتەوە



لێکۆڵینەوەیەکی بەریتانی دەری‌خستوە کە تووشبوون بەنەخۆشیی شێرپەنجەی مەمک پەیوەندی‌یەکی‌راستەوخۆی‌بە جۆری ژیان و دابونەریتەکانی کۆمەڵگەوە هەیە، هەروەها ئاشکرای کردوە کە ژنانی ئاسیا و ئەفریقا بە بەراورد بەژنانی ئەوروپا و ئەمریکا کەمترتووشی‌ئەونەخۆشی‌یە دەبن. لێکۆڵینەوەکە هۆکاری کەمیی تووشبوونی ژنانی ئاسیا وئەفریقا بەونەخۆشی‌یەی بۆئەوە گەڕاندووەتەوە کە منداڵیان دەبێ و شیری خۆیان دەدەن بە منداڵەکانیان و لەخواردنەوە کحوولی‌یەکانیش بەدوورن. لەلایەکی دیکەوە ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاماژەی بەوەش داوە، کە ٦٩٪ی ژنانی بەریتانی شیری خۆیان بە منداڵەکانیان نادەن، لەکاتێکدا ٨٥٪ی ژنانی ئاسیا شیری خۆیان بەمنداڵ دەدەن.

# سوودەکانی سیر:



١. نەخۆشیی شێر پەنجە ناهێڵێ.

٢. فشاری خوێن رادەگرێ و مرۆڤ تووشی خوین مەیین نابێ.

٣ زۆر باشە لەسەر برین دابنرێ.

٤. کرمی سک دەکوژێ.

٥. بەردی گورچیلە دەتوێنێتەوە.

٦. بۆ نەخۆشی‌یەکانی رەبوەو نەخۆشیی دڵ زۆر باشە.

٧. بۆ ئیلتیهاباتی گەدە زۆر باشە.

٨. هێزی بەرگری لوش زیاد دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سیمینارێک بەبۆنەی ٨ی مارس

## لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان




بەبۆنەی هاتنەوەی ٨ ی مارس ڕێورەسمێک لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان رۆژی ٥شەممە رێکەوتی ١٥ی رەشەمەی ١٣٩٢ بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبو ئەندامانی یەکیەتیی ژنان سیمینارێکی بۆ بەرزنرخاندنی یادی ٨ی مارس، رۆژی نێونەتەوەیی ژن بۆ د. نەزەند بەگیخانی، نووسەرو پسپۆڕ لە بواری ڕەگەز لە ژێر ناوی» توندو تیژی بەرامبەر بە ژن بە بیانووی شەڕەف لە کوردستان» پێک هێنا .

سەرەتای سیمیناری ٨ی مارس بە دەقیقەیەک وەستان بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی ئەوژنانەی کە بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆیان ودابینبوونی یەکسانی گیانیان لە دەست داوە، دەستی پێ کردوپاشان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کاک قادروریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی پەیامی دەفتەری سیاسیدا هاتبووکە: ڕۆژی ٨ ی مارس، تا دێ پتر دەبێتە زەنگی جووڵاندنی ژنانو پیاوانی داواکاری یەکسانی. ساڵانێکی زۆرە نەکهەر لە ڕۆژاوا بەڵکوو لە سەرانسەری جیهان، بەشدارانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە ٨ی مارسدا، هێزی ڕوولەگەشەی خۆیان دەنوێننو ویستو داخوازەکانی خۆیان بە گوێی زەوتکەرانو پێشێلکارانی حورمەتو مافە ئینسانییەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی خۆیان، دەگەیەنن.




لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا هاتبوو کە : ئەگەرچی لە وڵاتی ئێران، دەوڵەتو دامودەزگا دەوڵەتییەکانودەستووروپارلمانی وڵات، هێشتا دانیان بەم ڕۆژە جیهانییەدا نەناوەوبە ڕەسمییان نەناسیوە، بەڵام ٨ی مارس بۆ خەڵکی ئێران ڕۆژێکی ناسراوە. بە هەوڵو خەباتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژنانو ڕێکخراوە سیاسییە خەباتگێروئازادیخوازەکان، پێشوازیو بەڕێوەبردنی چالاکیو ڕێوڕەسمی تایبەت بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە، بووە بە نەریتێکی خەباتکارانە .لە کوردستان بە هۆی بایەخ پێدانو ڕەنگدانەوەی هەر لە کۆنەوەی پرسی ژن لە بەرنامەوتێکۆشانی هێزە نەتەوەییوچەپەکاندا، ٨ی مارس بە تایبەتو بە گشتی پرسی ژنان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەدەبیاتی سیاسیو ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی کوردستانولە تێکۆشانوژیانی سیاسیی ئەوان دا جێگەو پێگەیەکی تایبەتی هەیەو لەم ڕێگایەوە ژنانی پێشەنگ لە شارو ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، بە بڕوابە خۆبوونێکی زیاترەوە، ڕێز لەم ڕۆژە دەگرن.

کاک قادر وریا لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە تیشک خستنە سەر بارودخی ژنان لە ئێرانو کوردستان گوتی: وێڕای درێژەو بەردەوامیی ستەمو نابەرابەریو چەوساندنەوە قانوونیو عورفی یەکان، توندو تیژی بە هەموو جۆرەکانیەوە بە تایبەتی کوشتنی ژنان یا ناچارکردنی ئەوان بە خۆکوژی، بەردەوامە. ڕۆژ نیە هەواڵی ژنکوژی و دەستدرێژی بۆ سەر ژنان نەبیسین. کەمتر ڕۆژێک هەیە هەواڵی دڵتەزێنی خۆکوشتنی چەند ژن لە ئاکامی تەحەممول نەکردنی گوشار لەنێو بنەماڵەو کۆمەڵگە دا نەخوێنینەوە. شانبەشانی دیتنی ئەم ڕووە دزێوەی گوشارو تاوان دژی ژنان، شایەدی ئەوەین کە قەیرانو کێشە ئابووریو کۆمەڵایەتی یەکان، زۆرترین قوربانی یانی خۆیان لە نیو ژنان دا هەڵدەبژێرن. بەڵام ئەوەی مایەی دڵخۆشی و هیوایە، ئەوەیە کە ژنان کۆڵیان نەداوەو تەمەنی ملنەدانی ژنانی ئێران بۆ پەتی کۆیلەتیو یاسا دژەژنو کۆنەپەرستانەکانی کۆماری ئیسلامی، بەرامبەرە لە گەڵ تەمەنی ئەو ڕێژیمە.

لە کۆتایی پەیامی دەفتەری سیاسیدا هاتبوو کە: حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاتنی ٨ی مارس بە دەرفەت دەزانێ بۆ ئەوەی پشتیوانیی خۆی لە داخوازە ڕەواکانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە کوردستانو ئێران، دووپات بکاتەوەو هاودەنگ لە گەڵ ژنانی خەباتکار لە کوردستانو هەمووبەشەکانی ئێران، لە سەر پێویستیی کۆتاییهاتنی هەڵاواردنو چەوسانەوەو نابەرامبەری دژی ژنان پێ دابگرێتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم بۆنەیەدا وەبیر هەموو تیکۆشەرانو ئەندامانی خۆیو تێکرای ڕێکخراوو دامەزراوەکانی خۆی دێنێتەوە کە هاوبەشی لە خەباتی یەکسانیخوازانەو پشتیوانی لێکردنی لە هەرشوێنێک کە تێکۆشانی حیزبی ئێمەو تێکۆشەرانو ئەندامانی حیزبی ئێمەی لێ بن، ئەرکێکی حیزبیو مرۆییمانە.

بە دوای پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ڕاگەیەندراوی هاوبەشی ٦ ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن لە لایەن خاتوو گەلاوێژ پەیڕەوان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە خوێندرایەوە کە لە بەشێک لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتبوو، بێگومان ژنانی یەکسانیخواز بە پاڵپشتی پیاوانی مرۆڤدوست وهۆگرانی ئازادی بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی باشتر بۆ چینەکانی کۆمەڵگا، مێژوویەکی زێرینیان لەم پێناوەدا دروست کردوە و بەگیانبازی و قوربانیدان لاپەرەکانی دیرۆکی ئەم قۆناغەیان نەخشاندوە. یەکێک لەو ڕۆژ و قۆناغە مێژوویی یانە کە بەرهەمی خەباتی ژنانە، تۆماری ڕۆژی ٨ی مارسە کە دروشم و ئامانجەکانی ژنانی تێدا نەخشاوە.

ڕاگەیەندراوی شەش ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا باسی لەوە کردوە کە لە گەڵ ئەوەی پێکهاتەو شیرازەی وەڵاتەکەمان لەسەر بنەمای جیاوازیی ڕەگەزی بونیاد نراوە، لەباری نەتەوەییشەوە چەوساوەترین نەتەوەینو لەم پێوەندی یەدا گرێ وگۆڵێکی زۆرمان لەبەردەمدایەو سیستمی سوننەتیی کۆمەڵگا وهەوڵی داگیرکەران بۆ هێشتنەوەمان لە تاریکیدا، ئەرکی ئێمەی ژنانی چەندقات کردوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سیمینارەدا دوکتور نەزەند بەگیخانی باسەکەی پێشکێشی ئامادەبووان کرد کە باسێک بوو لەسەر توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان، بە تایبەت ژنکوژی لە کوردستان بە بیانووی پارێزگاری لە شەڕەف.

دوکتور نەزەند باسی ئەو هۆکارانەی کرد کە دەبنە هۆی توندوتیژی دژ بە ژنان و نەبوونی قانوونەکانی بەرگرتن لە توندوتیژیو هەڵاواردن، یان دامەزراوەیەک کە بە تایبەتیو بە شێوەیەکی زانستی لەو بابەتە بکۆڵێتەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی بدا .

بە بڕوای د. نەزەند ئەو پێناسەیە کە لە کوردستان بۆ شەڕەف» دەکرێ و ژن بە شەڕەفی پیاوان دادەنرێو، جەستەی ژن وەک شەڕەفی ئەوان سەیر دەکرێ لە جێگای خۆیدا نیەو دەکرێ پێناسەی شەڕەف لە زۆر شتی دیکەدا ببینرێ .

دوکتور نەزەند دکتورای لە زانکۆی سۆڕبۆنی پاریس وەرگرتوەو ئێستا وەک لێکۆڵەری باڵا لە زانکۆی برستیل کار دەکاو، وەک داکۆکیکاری مافی مرۆڤ بە تایبەتی کاری لێکۆڵینەوە لە سەرپرسی ژنان دەکا ودوا کتێبیشی بە زمانی ئینگلیسی چاپ کراوە کە تایبەتە بە «توندوتیژی لە سەربنەمای شەڕەف : ئەزموون و ستراتیژیەتی بەرەورووبوونەوە لە کوردستانی باشووردا»

شایانی باسە لە کۆتایی باسەکەی د. نەزەند بەگیخانیدا کۆمەڵێک لە بەشدارانی سمینارەکە ڕاو سەرنجی خۆیان لە سەر باسەکانی ناوبراو دەربڕی وکۆمەڵێک پرسیاریان کرد کە دواتر لەلایەن کۆڕگێڕەوە وڵامیان درایەوە.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی

# یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان





یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان رۆژی شەممە , ٢٤ی رەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی لە رێورەسمێکی تایبەتدا یادی ٢٤ی رەشەمە ٦٨ ساڵەی دامەزرانی خۆی بەرز راگرت.

ئەم رێورەسمە بە خولەکێک بە بێدەنگی بە پێوەوەستان بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، بە تایبەتی ئەو ژنانەی گیانی خۆیان بەختی وەدیهێنانی ئازادیی ژنان کردوە دەستی پێکردو، پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان بەو بۆنەیەوە لە لایەن حەلیمە رەسووڵی، سکرتێری ئەو رێکخراوەیەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی ئەو پەیامەدا بە ئاماژە بە دامەزرانی ئەو رێکخراوەیە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هاتبوو کە بێگومان شانازییەکی گەورەی ئەو ریکخراوە ئەوەیە کە لە دەورانی زێڕینی کۆماری کوردستان دامەزرا. هەتا ئەوکات ژنان خاوەنی رێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان نەبوون و رۆڵێکی کاریگەریان لە بوارکانی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگادا نەبوو، بەڵام بەم هەنگاوە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی ژنان دەست پێکرا. پێشەوای گەورەی کورد قازی محەممەد، بە بیری تیژ و رامانی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانەی خۆی زیاتر لە هەموو کاتێک هەستی بە پێویستیی دامەزراندنی رێکخراوێکی تایبەت بە ژنانی کورد کردبوو، هاوکاتیش دەیزانی کە بەبێ بەشداری و چالاککردنی ژنان لە بوارگەلی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا، ئەرک و کاروبارەکانی کۆمارو کۆمەڵگا بە باشی بەڕێوە ناچنو بە نەخوێندوارمانەوەی ژنان، کۆمەڵگای کوردستان پێش ناکەوێو دەتوانێ ببێتە ئاستەنگ و مەترسییەکی گەورەو جیددی بۆ مانەوەی دۆخی نەریتی و دواکەوتووانەی پێشوو.

حەلیمە رەسووڵی لە بەشێکی پەیامی رێکخراوەکەیاندا ئاماژەی بە دوو قۆناغی خەباتی یەکیەتیی ژنان کردو گوتی : ٦٨ ساڵ لە تەمەنی یەکیەتیی ژنان تێدەپەڕێ، دوو قۆناغی رەشی دیکتاتۆری بە رێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی زەبرێکی قورسیان لە بزووتنەوە ژنان داوە و جێی داخە کە بڵێین بارودۆخی ژنان خراپتر بووە، باشتر نەبووە. رێژەی ئیعتیاد، خۆکوژی و ژنکوژی لە چاو رابردوو زیاتر بووە.

ئەو پەیامە تیشکی خستبۆ سەر ئەوەی کە بە خۆشییەوە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەروا لە مەیداندایە. هیواداریــن یەکیەتیی ژنان بە دەستەبەربوونی دیموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکان بگات بە قۆناغێکی دیکە لە چەشنی سەردەمی کۆماری کوردستان و بتوانێ خزمەتێکی شیاو بە مافەکانی ژنان بگا.

بە دوای پەیامی یەکیەتیی ژناندا سروودی «٢٤ مۆمی گەشاوەی» لە لایەن کۆرسی یەکیەتیی ژنانو بە هاوکاریی کۆڕی هونەری پێشکەش کرا .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



له‌ برگەی دواتری بەرنامەکەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبەوە پێشکێش کرا . لە بەشێک لەو پەیامەدا هاتبوو کە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ٢٤ی رەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاویدا لەو ڕووداوانەی مێژووی نوێی نەتەوەکەمانە کە شایانی یادکردنەوە و ڕێزلێنانن. بۆمان هەیە بڵێین یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانە کە لە کوردستان پێک هاتوە. ئەم ڕووداوە لە چەند بارەوە جێگای لێوردبوونەوەیە. لە پێشدا لە رووی ڕچەشکێنی و پێشەنگبوونی رۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانو کۆماری کوردستان لە بایەخدان بە پرسی ژنان لە کۆمەڵ دا.

ئەندامی دەفتەری سیاسی لە قسەکانیدا گرنگیی بەوەدا کە کۆماری کوردستان و لە سەرەوەی ئەم کۆمارە، پێشەوا قازی محەممەد، نرخ و بایەخی گرنگیدان بە توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵیان دەزانی. باش لەم راستییە ئاگادار بوون کە ئەگەر بیانەوێ کۆمەڵگا پێش بکەوێ، دەبێ گرنگی بە بەشداریی ژنان لە کاروباری کۆمەلایەتی و کولتووری و سیاسیی کوردستاندا بدەن. دەبێ ڕێگا خۆش بکەن کە ژنان لە چوارچێوەی ماڵ بێنە دەر. دەبێ پەروەردە ببن و ئەرکیان بکەوێتە سەرشان و بەشداری کاروباری کۆمەڵ بن. هەر لەم روانگەیەشەوە بوو کە لە کۆماری کوردستاندا بایەخ بە خوێندەوارکردنی کچان و ژنان درا. هەوڵ درا ژنان بێنە نێو ڕێوڕەسم و بۆنە و کۆبوونەوەکان و وتار و قسەی خۆیان هەبێ.

لە بەشێکی دیکەی پەیامی دەفتەری سیاسیدا هاتبوو کە : کە باسی ڕووداوی دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە نێو کورد دا دەکەین، جێی خۆیەتی لە سەر دوو خاڵ، هەڵویستە بکەین. یەکەم ئەوە کە ئەو کات ئەگەر لە نێو نەتەوەکانی دەوروبەر، شتێکی ئەوتۆش کرابێ، لە شارێکی وەک تاران بووە، لە ئەستەنبووڵ بووە، لە بەغدا بووە. ئەوانە شاری گەورە و پرچەشیمەت بوون و دەیان ساڵ بوو ناوەندی جووڵە و ڕووداوی سیاسی بوون و لە نێوان کاربەدەستان، ڕووناکبیرانی دانیشتووی ئەو شارانە و شارو پێتەختە گەورەکانی ڕۆژاوا، هاتوچۆ هەبوو کە هەمووی ئەوانە دەور و تەئسیری خۆیان هەبووە لە کرانەوە و پێشکەوتنی عەقڵ و بیرکردنەوەی کاربەدەستان و دانیشتووان دا. بەڵام زۆر گرنگە لە شارێکی بچووکی ئەوکاتی کوردستان، لە مەهاباد و لە لایەن دەسەڵاتێکی کوردییەوە، لە پێوەندی لە گەڵ ژنان دا کارێک بکرێ و هەنگاوێک بنرێ کە لە تاران و بەغدا و ئەستەنبوول و قاهیرەش دا، بە تازەیی کرابوون یا دەکران. ئەمە تەنیا پێشکەوتوویی فکریی و موتەمەددینبوونی ڕیبەرانی کۆماری کوردستان و بە تایبەتی سەرۆکی ئەو کۆمارە دەگەیەنێ.

لە کۆتایی پەیامی دەفتەری سیاسیدا هاتبوو کە : یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی لە ٣ دەیەی ڕابردوو دا قوتابخانەیەک و مەیدانێک بووە بۆ کارتێداکردن و تێکۆشانی سەدان و هەزاران ژن. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ڕۆژەدا بەڕێزەوە ئاوڕ لە تێکۆشانی ئەوان و یەکیەتییەکەیان دەداتەوە. بەڵام دەمەوێ وەبیریش بێنمەوە کە پێوەندیی ژنانی کوردستان و ژنانی دیموکرات بە حیزبی دێموکراتەوە، هەمووی هەر لە کاناڵی یەکیەتیی ژنانەوە نەبووە. لە ساڵانێک دا کە یەکیەتیی ژنانیش وەک ڕێکخراوێک لە مەیدان دا نەبووە، ژنان لە ڕیزی ڕێکخستنە نهێنییەکان، لە ڕیزی پێشمەرگەکان، لە ڕیزی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات و لە ڕیزی تێکۆشەران و بنەماڵەکانی تێکۆشەرانی حیزب دا، هەبوون. ئەگەر لە بیرتان بێت هاوینی ڕابردوو هەر لەم شوێنە نزیکەی ١٠٠ ژنی دیموکرات ڕێزیان لێنرا کە زۆربەیان زیاتر لە ٢٠ ساڵ بوو، تەنانەت تێیان دابوو کە ٣٠ ساڵ و ٤٠ ساڵ زیاتر بوو، ئەندام و پشتیوان و یاوەری خەمخۆری حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی لە سەختترین قۆناغەکاندا بوون. کەوایە ژنان لە ڕێڕەوی حیزبی دیموکراتەوە، هەموو کات بەشێک بوون لە بزووتنەوەی نیشتمانی و ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان، بەشێکی گرنگ بوون لەو هێزە ئینسانییە کە خەبات و تێکۆشانی حیزبی ئێمەی بەرەوپێش بردوە. لە ڕاستیدا حیزبی دیموکراتی کوردستان قەرزداری ژنانە و هەر چی بۆی کردبن و بۆیان بکا، زۆری نەکردوە.

بە دوای پەیامی دەفتەری سیاسیدا سروودی « چەلەنگ بە چالاک »لە لایەن کۆرسی کچانی ئەندام یەکیەتیی ژنانەوە پێشکەش کرا و دواتر خاتوو خەدیجە مەعزوور بەو بۆنەیەوە پەیامێکی پێشکەش کرد .

شایانی باسە ئەو بەرنامەیە بە خوێندنەوەی دەقێکی شێعری لە لایەن جیهان بێتووشی ، گۆرانی شیلانە بەدەنگی حەمەدەمین کەریمی، گۆرانیی بەلەنجە بە دەنگی سەعید کامیارانی درێژەی پێ درا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداریی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## لە سیمیناری تایبەت بە ٨ی مارس لە زانکۆی کوردستان



رۆژی ٨ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنان پێکهاتوو لە بەڕێزان حەلیمە رەسووڵی، گەلاوێژ پەیڕەوان، فریشتە بەهاری و فاتمە رەحیمی، لە سیمیناری ژنان لە کوردستانی عێراق: بارودۆخ و هەوڵەکان و کۆسپەکان کە لە لایەن ژنانی زانکۆی کوردستانەوە پێک هاتبوو بەشدار بوون. ئەو سیمینارە کە لە ٢ پانێل پێک هاتبوو تەرخان کرابوو بۆ باس لە سەر قانوونەکانی هەرێمی کوردستان و دەستووری عێراق و مادەو بڕگەکانی لە پێوەندی لەگەڵ ژنان‌دا و هەروەها هەوڵ بۆ ئاڵوگۆڕ و بەڕەسمی‌ناسینی رۆڵی ژنان لە ناوچە داو چەندین بابەتی رۆژنامەوانی و هونەری لە پێوەندی لەگەڵ موشکیلاتی ژنان لە باشووری کوردستان.

شایانی باسە زۆربەی بڕگەو بابەتەکانی ئەو سیمینارە لە لایەن مامۆستاکانی زانکۆی کوردستان بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشی بەشداران کران.

# بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە وۆرک شۆپێک دا لە کۆیە

رێکەوتی ٢٠١٤/٣/١٠ لە بنکەی خوشکانی کۆمەڵی ئیسلامی بە بۆنەی ٨ی مارس وۆرک شۆپێک بە بەشداریی چەند رێکخراوی قەزای کۆیە پێک هات. لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە خاتوو گەلاوێژ پەیڕەوان جێگری سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و خاتوو سەفین ئەندامی یەکیەتیی ژنان بەشداری ئەو وۆرک شۆپە بوون.





لەو وۆرک شۆپەدا چەند کەسایەتیی بیروبۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە قانوونەکانی تایبەت بە ژنان لە هەرێمی کوردستان و کێشەو موشکیلاتی ژنان، هۆکارو رێگاچارەسەرەکانیان پێشکەش بە بەشدارانی وۆرک شۆپەکە کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداریی نوێنەری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

## لە یەکەم کۆنفرانسی خستنەڕووی کێشەکانی کۆمەڵگا و تاوتوێکردنی ڕێگاچارە پێشنیارکراوەکاندا



ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٣ی مارسی ٢٠١٤ی زایینی لە هۆتێل (Apitol) لە شاری هەولێر و بە بەشداریی نوێنەرانی بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەزگا پەروەردەیی و تەندروستی‌یەکانی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای هەولێر، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (IOM) بۆ کۆچ یەکەم کۆنفرانسی خۆی بەست.

وتەی دەستپێک لە لایەن بەڕێز لادۆگڤیلاڤا بەرپرسی ئۆفیسی سەرەکی I OM خوێندرایەوە.

پاشان پرۆژەکانی هاوکاریی کۆمەڵگا لە لایەن بەڕێز ئۆلا هاورێ خرانە روو. دوابەدوای ئەوە وتەی نوێنەری پارێزگای هەولێر لە لایەن بەڕێز جەمشر بەشیر پێشکەش کرا.

پاشان نۆرە گەیشتە پێدانی کۆمەڵگاکان کە لە چوار کۆمەڵگا پێک هاتبوون کە هەرکامیان و یەک لە دوای یەک هاتنە بەر باس و نوێنەری هەر یەک لەو کۆمەڵگایانە باسی لە پرۆژەی تایبەت بە کۆمەڵگای خۆیان کرد و خاڵە لاواز و بەهێزەکانیان هێنایە بەر باس. دوابەدوای باسی هەر پرۆژەیەکیش نۆرە بە بەشداربووان درا تاکوو ڕاوسەرنجی خۆیان سەبارەت بە پرۆژەی تایبەت بە ناوچەی خۆیان بخەنە روو کە لە لایەن بەرپرسی ئۆفیس و نوێنەری دەزگا پێوەندیدارەکان وەڵامی پرسیار و تێبینی‌یەکانیان درایەوە.

دوای نزیک بە چوار سەعات کاری بەردەوامی خۆی لە سەعات یەکونیوی نیوەڕۆ کۆتایی بە کۆنفڕانسەکە هات.

شایانی باسە ڕێکخراوی ناوبراو کار دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە و کەموکوڕی‌یەکانی نێو کۆمەڵگا و لەوانیش:

«بێکاری، ئافرەتان، لاوان، پەروەردە، تەندروستی، خزمەتگوزاری، وەرزش، کشتوکاڵ»

لە لایەن یەکیەتیی ژنانەوە گەلاوێژ پەیڕەوان جێگری بەرپرسی یەکیەتیی ژنان بەشداری ئەو کۆنفرانسە بوو و لە نزیکەوە چاوی بە نوێنەری لقی عێراقی ڕێکخراوی ناوبراو کەوت و سەبارەت بە هەندێ مەسەلە گفتوگۆیان کرد.



# بەڕێوەچوونی جێژنی ٨ ی مارس و ٢۴ ی ڕەشەمە لە سویس



کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ولاتی سویس بەبۆنەی ٨ ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان و ٢٤ ی ڕەشەمە، ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانەوە ڕێوڕەسمێکی پێک هێنا.

ئەو ڕێوڕەسمە کە ڕۆژی شەممە، ٢٤ ی ڕەشەمە لە شاری بێرن و بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنان و نوێنەرانی چەند حیزبێکی سیاسیی دیکە بەڕێوە چوو، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لە لایەن خاتوو چیمەن بارام میرزا خوێندرایەوە و زاهید شاعیری، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش بەو بۆنەیە وتارێکی پێشکەش کرد و لە درێژەی کاری ڕێوڕەسمەکەدا بڕگە هونەری‌یەکان پێشکێش کران.



# کۆبوونەوەی تەشکیلاتیی
# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٠١ ـ ٠٢ ـ ٢٠١٤ ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد بۆ تاوتوێکردنی مەسەلە نێوخۆیی‌یەکانی یەکیەتیی ژنان لە شاری ستۆکهۆڵم کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی‌یان بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامەکانی بەڕێوە برد.

سەرەتا خولەکێک بێ دەنگی بۆ یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و بە تایبەت ژنانی شەهیدی ڕێگای ئازادی‌ویەکسانی ڕاگەیەندرا. دواترلە لایەن خاتوو شلێرحەسەنپووربەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان‌لە وڵاتی سوئێد بە خێرهاتنی بەشداربووان کراو ئامانجی سەرەکیی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ئەندامەکان شی کرایەوە و باس لە چۆنیەی کار و چالاکی‌یەکانی کۆمیتە کرا.

پاشان خاتوو شوعلە قادری بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات وتارێکی سەبارەت بە ماف وئەرکی ژنان لە خەباتی یەکسانی و ڕزگاریخوازی دا پێشکەش کردکە بەشێک‌لە وتارەکەی‌ئاوڕدانەوەیەک‌بوولە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی پیاوان لە کۆمەڵگا و هەروەها دەسەڵاتداریی حکوومەتانی زاڵ بە سەر کوردستان دا، لە بەشێک لە باسەکەی دا باسی ژنانی سەرکەوتووی کرد و ئەزموونی سەرکەوتنی ڕێکخراوی ژنانی گەڕاندەوە بۆ سووربوون وڕاوەستاوبوونیان لە سەرمافەکانیان لە ماوەی ڕابردوو و لە هەلومەرجی ئێستا دا. هاوکات باسێکی لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات کردو و کۆمیتەی سوئێدی وەک نموونەی چالاکترین کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوە هێنایەوە و کارەکانی ئەو کۆمیتەیەی بە بەرزی نرخاند.

کۆرگێری دووهەم خاتوو سەکینە حوسێنی بوو

تەوەرەی‌باسی‌خاتووسەکینەی‌حوسێنی‌لە کۆبوونەوەی‌ڕۆژی‌شەممە ١ی فێبرواری‌دا لە سەر ئەم بابەتانەی خوارەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرا:

١ـ کورتە باسێک‌لە سەرچلۆنایەتیی پێکهاتەی مرۆڤایەتی لە دوورەگەزی نێر و مێ. تێپەربوونی قوناخەکانی ئەم پێکهاتە لە مێژوو دا و شیکرنەوەی سەردەمەکانی ژنسالاری و پیاوسالاری و تا ئەمرۆ و ئاڵوگۆڕە پۆسەتیوونەگەتیوەکان‌لە کۆمەڵگاکانی پێشکەوتووو دواکەوتوو دا.

٢ـ ئاڵووگۆڕەکانی دوای‌شۆرشی ئێران ونەقشی ژنی کورد لە شۆرشی میللی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان. لێدوان لە سەر پاسیو بوونی نەقشی ژنی رۆژهەڵات لە تاراوگە سەبارەت بە چالاکی‌لە مەرمافی‌ژن بە گشتی وخاڵە لاوازەکانی...دەست نیشان کردنی ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی پاسیو بوونی ژنان لە وڵاتی سوئێد بە گشتی وشاری‌ستۆکهۆڵم‌وەک‌ناوەندبە تایبەت. ئەم باسە بوو بە هۆی هوروژاندنی گەلێک پرسیار و ڕێکار و پێشنیاری بەشداربووانی کۆبوونەوەکە.



بڕگەی دووهەمی ئەو کۆبوونەوەیە تەرخان کرا بوو بۆ پێداچوونەوە بە بەرنامەی‌یەکیەتیی‌ژنانی دێموکراتی‌کوردستان لە وڵاتی‌سوئێد‌کە لە لایەن‌کاک‌کەماڵ حەسەنپوور‌و‌خاتووکوێستان بابایی‌باس لە بەرنامەی‌یەکیەتیی‌ژنانی دێموکراتی‌کوردستان‌کراو‌پاش‌نزیک‌بە کاتژمێرێک کارلە سەر بەرنامە و ڕاوێژکردن لە سەر چەند خاڵی سەرەکیی بەرنامەو گۆڕینی چەند خاڵ و زیادکردنی هەندێک خاڵی دیکە بە تێکرای دەنگی بەشداربووان بەرنامەی‌نوێی‌یەکیەتیی‌ژنانی‌دێموکراتی‌کوردستان‌لە وڵاتی‌سوئێد‌پەسەند‌کرا.

بەشی کۆتایی تەرخان کرابوو بۆ باسێک لە سەر قسەکانی بەڕێزان شلێر حەسەنپوور، شوعلە قادری و سەکینە حوسێنی، لەم بڕگەیەش دا ئەندامانی بەشدار زۆر چالاکانە ڕاوبۆچوونی خۆیان و هەروەها پێشنیار و تێبینی خۆیان هێنایە بەرباس و بە گەرمی بەشداریی باسەکانیان کرد.

ئەو کۆبوونەوەیە دوای ٦ کاتژمێر بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سیمینارێک بۆ سێ شارەزا و چالاکی بواری ژنان، تریفە عەلی، تەڵا خۆشکەلام و بیتا نیک ڕەفتار لە ڕۆژئاوای کانادا

بۆ ریزگرتن لە یادی ٨ی مارس، رۆژی نێونەتەوەیی ژنان بۆ یەکەمجار لە شاریوانکوڤەرسمینارێک بۆ بەشێک لە کوردەکانی ئەودەڤەرە پێکهات .رۆژی شەممە ٨ی مارس بە بەشداری یەکسانیخوازان وئازادیخوازانی دانیشتوی شاری وەنکوڤەر

سمینارێک بۆ سێ شارەزا و چالاکی بواری ژنان، تریفە عەلی، تەڵا خۆشکەلام و بیتا نیک رەفتار بەرێوەچوو. تریفە عەلی بە شێوەیەکی زانستی و ئاکادمیک تیشکی خستە سەر چەمکی فەمینیسم و روانگە جیاوازەکان و بونی توند و تیژی بە دژی ژنان لە هەمو نەتەوەکان بێ جیاوازی و تیروانینی کۆمەڵگای کوردەی لە سەر فمینیسم. تەڵا خۆشکەلام بە وردی باسی بارودۆخی پر لە ژانی ژنانی رۆژهەڵات و روژئاوا و باکور لە ژیانی ئاوارەیی و تاراوگە کرد و ئاماژەی بە شێوەی پەروەردەی بنەماڵە و تێروانین و فەرهەنگی کومەڵگا و سیستمی دەسەڵاتی سیاسی لە سەر ژن و چارەنوسی ئەوان کرد. دوایین کۆرگێر بیتا نیکرەفتار بە نمایش کردنی کورتە فیلمێکی سرنجراکێش باسی گرینگی شێوەی بیرکردنەوەی ژنان و ئاستی خۆناسین و خۆپێگەیاندنی دەرونی ژنان کرد. ناوبراو بە ناساندنی چەندین کتێبی دەروونناسی خوازیاری گرینگیدانی ژنان بە گەشەپێدانی پەروەردە و راهێنانی خۆیان کرد.

تێبینی و پرسیاری بەشێکی بەرچاوی بەشداربووان و وەڵامی کۆرگێران




بەشی کۆتایی سمینارەکەی پێکهێنا .لە لەیەن چەند ئەندامی حیزبیەوە وێرای پیرۆزبایی گەرمی رۆژی نێونەتەوەیی ژن، سپاس وپێزانی ئامادەبوان کراوپەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بە سەر هەمو بەشداربوان بڵاوکرایەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە زۆربەی ئامادەبوان پێکهێنانی سمینار بۆ یادی ٨ی مارس یان بۆ یەکەمجار لە شاری وەنکوڤەر بەرز نرخاند و ئەو کۆر و کۆبونەوە فکری و سیاسیانەیان بە پێویست وەسف کرد.

# بەڕێوەچوونی سیمینارێک بەبۆنەی ٨ ی مارس

## لەلایەن کومیتەی فینلاندی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە

کومیتەی فینلاندی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنەوە سیمینارێکی پێکهێنا.

ئەو سیمینارە کە بە بەشداریی گوڵاڵە شەرەفکەندی وکاوە ئاهەنگەری؛ ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری تورکۆ بەرێوەچوو، بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاری، بە تایبەت سێ کچە خوێندکاری شەهیدی ئەودواییانە کە بە هۆکاری نادیارەوە گیانیان لە دەست دا، دەستی بەکارەکانی کرد.

لە بەشی یەکەمی سیمینارەکەدا گوڵاڵە شەرەفکەندی باسێکی گرنگو بەپێزی لەبارەی ژنو پێگەی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا هێنایە گۆڕێو لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا تیشکی خستەسەر چۆنیەتیی خۆراگریی ژنو هەڵوێستی ژن لە بەرامبەر هەڵاواردنی نەتەوەیی و رەگەزی، کە لە سەردەمی ئێستادا بە سەرەکیترین کێشەی ژنی کورد دادەنرێن.

لە پانێلی دووهەمی سیمینارەکەشدا کاوە ئاهەنگەری ڕاو بۆچونی چەند بەشداربووی لەسەرژنو کێشەی ژنو کۆمەڵگای پیاوسالاریو کارتێکەریی ئایینو سوننەت وەرگرت و پاشان بە شێوەیەکی زانستی شرۆڤەی باسەکەی کرد کە سەرنجی میوانانو بەشداربووانی راکێشا.

ناوبراو لە درێژەی باسەکەیدا بە دڵ گەرمییەوە هانی ژنانی دا بۆ ئەوەی بەکردەوە بێنە نێو مەیدانی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیانو ڕووبە ژنان گوتی وەک چۆن مافی کورد بە کادۆ لەلایەن دەوڵەتی باڵادەستەوە بە کورد نادرێ، مافی ژنانیش بە کادۆ لەلایەن پیاوانەوە بە ژن نادرێ، کەوایە پێویستە خۆتان بێنە مەیدان وخەباتەکە بە گوڕتر بکەن، ڕێگای خەبات رێگایەکی دورو درێژەو پرۆگرام و ستراتیژیی دریژ خایەنی دەوێ.



لە برگەکانی دیکەی بەرنامەکەدا چەند پارچە موزیک لە لایەن دوو لاوی هونەرمەند دیارو پێشەوا میرسەیدییەوە پێشکێش کرانو چەند دیمەنی جوانی هەڵپەڕکێ لە لایەن گرووپی هەڵپەڕکێی لاوانەوە پێشان درا.

شایانی باسە بەشێکی دیکەی رێوڕەسمەکە بۆ پێشاندانی جلوبەرگی ڕەسەنی کوردی لە لایەن کۆمەڵێک لە ژنانو پیاوان تەرخان کراو لەکۆتاییدا لەلایەن یەکیەتیی ژنانەوە چەپکەگوڵی ڕێزلێنان پێشکەش بە گوڵاڵە شەرەفکەندیو کاوە ئاهەنگەری کرا.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێک لە سوئێد بەبۆنەی ٨ ی مارس لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە





کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد بە مەبەستی ڕێزلێنان لە ڕۆژی ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانی و نێونەتەوەیی ژن سمینارێکی بە بەشداری چەندین کەسایەتیی دیارو خوازیارانی یەکسانی لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە برد.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٧ ی ڕەشەممە بەڕێوەچوو، لە یەکەم پانێلدا ماریان ڕێدیگ، کۆمەڵناس و؛ سەلمە ئاکان کۆمەڵناس باسیان لە توندوتیژی دژی ژنان کرد.

ماریان ڕێدیگ باسی لە توندوتیژی خێزانی و توندوتیژی شاراوە لە نێو ژنان دا کرد، کە زیاتر لە چوارچێوەی خێزان و لە لایەن کەسانی نزیکەوە ئەنجام دەدرێ و، لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا ئاماژەی بە توندوتیژی سێکسوالی کرد و لە کۆتایی باسەکەشی دا کۆمەڵێک ئامار و داتای لە سەر پێشێلکردنی مافەکانی ژنان خستە ڕوو.

پاشان سەلمە ئاکان لە باسێکی کورت دا باسی ئەزموونە پراکتیکیەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان کردو، پێی وابوو کە ئەوانەی توندوتیژییان بە دژ دەکرێ سەر بە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانن و ئەو دیاردەیە پێوەندی بە ڕادەی خوێندەواری و پلە و پایەی کۆمەڵایەتییەوە نیە.

هەر لەم بەشەی بەرنامەکانی سیمینارەکەدا بۆدیل سێبا لویس ئەندامی پەرلەمانی سوئێد لەسەر لیستی پارتی ژینگە، لە ڕوانگەی خۆیەوە باسی لە توندوتیژی کرد و ڕۆڵی پیاوانی لە کەمڕەنگ کردنەوەی ئەو دیاردەیەدا بە گرینگ لە قەڵەم دا.

لە بەشی دووەمی سیمینارەکەدا سیسیێلا بلانکۆ، وتەبێژی پارتی فێمێنیستی سوئێد باسی لە بەرنامە و پرۆگرامی پارتەکەی کرد وەک ڕێکخراوێکی نوێ لە گۆڕەپانی سیاسەتی سوئێد دا کە جاری دووهەمە بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن و پرسیارە فێمێنیستیەکانیان بۆ گرینگە، پێیان وایە کە پارتەکانی دیکە وەک پێویست ئاوڕ لە فێمێنیزم نادەنەوە و بۆیە هەبوونی پارتییەکی لەوجۆرەی بە گرینگ داناو، لە وڵامی پرسیار و بۆچوونی بەشدارانیش دا سیاسەتەکانی ڕێکخراوەکەیانی لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کۆچبەران و سیاسەتیی دەرەوە، ڕوون کردەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا کاڕۆخ محەممەدپوور وێرای یارمەتیدان بە وتاربێژانی سوئێدی و وەرگێڕانەوی قسەکانیان بە کوردی هاوکات هەندێک بابەتی کۆمەڵناسی لە سەر مەسەلەی ژنان باس کردن و هەوڵ درا لە نیوان کۆڕگێڕان و بەشداربووان دیالۆگێکی ئازاد پێک بێ.

لە درێژەی بەرنامەکانی سمینارەکەدا لەلایەن خاتوو شلێر حەسەنپوور، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد پەیامێک بەو بۆنەوە پێشکەش کراو، نێوەرۆکی پەیامەکە جیا لەوە ئاوردانەوەیەکی کورت بوو لە خەباتی یەکسانیخوازی ژنان بەگشتی، ئاماژەی بە یاسای دژە ژن و کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و بەتایبەتی کوشتن و خۆکوژی ژنان لە کوردستان کرد و لە هەمان کات دا شێوەی خەباتی ژنانی لە داهاتوو دا کە خوێندن و خۆ پێگەیاندنی ژنان لە بوارەکانی زانستی و حزووری ژنان لە مەیدانی کار و تێکۆشان دایە، کرد.

دوایین کۆڕگێڕی بەشی دووهەمی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ٨ ی مارس، دوکتوری یاریدەدەر خاتوو سۆزان فەتحی بوو کە باسێکی زانستی لەسەر شێرپەنجەی ڕەحەم لە نێو ژنان دا پێشکەش کرد، ئەو لە ڕێگەی پاوەرپۆینتەوە نیشانە و هۆکارەکانی تووشبوونی ژنان بە ڤیرۆسی hpv ی ڕوون کردەوە و ئەو مەترسیانەی باس کرد کە لە ئەنجامی تووشبوون بەو نەخۆشیەوە ژنان لەگەڵی بەرەوڕوو دەبنەوە، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە لە وڵاتە دواکەوتووەکان دا بە هۆی نەبوونی چاودێری تەندروستی و بێئاگایی نەخۆش لە تووشبوونی بەو نەخۆشیە، ڕێژەی تووشبوان لە سەرێیە، پاشان چۆنیەتیی خۆپاراستن و چارەسەرکردنیشی بۆ بەشداربووان خستە ڕوو، کە ڤاکسین و کۆنترۆلی بەردەوام دوو ڕێگەی سەرەکی چارەسەرکردنن.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سمینارەدا سەید عەزیزنژادیان چەند قسەیەکی لەسەر هەڵبژاردنەکانی چەند مانگی داهاتووی وڵاتی سوئێد و چۆنیەتی بەشداربوونی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دا کردو دواتر لە لایەن خاتوو جەمیلە کرمانجەوە سوپاسنامەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێشکەش کرا کە تێیدا بە گەرمی سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کردبوو کە هاوکاریان بوون بۆ بەڕێوەبردنی ئەو سمینارە.

شایانی باسە لە بەشی هونەری سمینارەکەشدا هونەرمەندی لاو ڕەهێڵ قادرو بەهرەمەندانی دەنگخۆش باوان کەریمی و سیروان ڕافیپوور بە چەند گۆرانییەک کۆڕەکەیان پتر ڕازاندەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە دانمارک بەبۆنەی ٨ ی مارسەوە



کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان لە دانمارک بە هاوکاریی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەو وڵاتە سمینارێکی بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە شاری گریوێ پێک هێنا.

سمینارەکە بە سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب و رێزگرتن لە شەهیدانی کورردستان دەستی پێکرد. بە دوای ئەودا پەیامی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە دانمارک لەلایەن سنوور محمدزادەو پەیامی بەشی پەروەردەی کۆمیتەی حدک لەلایەن ئاسۆ ئامادەوە خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکانی سمینارەکەدا دوو بابەت لەلایەن عەبدوڵڵا بەهرامی و شاهۆ پیرانییەوە پێشکەش کرا.

عەبدوڵڵا بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە باسەکەی دا لە ژێر ناوی دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم بەشداریی ژنان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا ئاوڕی لەو دەستکەوت و بەرەوپێشچوونانە دایەوە کە ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوویانە. ناوبراو بە ئاماژە بە هۆکارەکانی وەک گەشەی ئاستی خوێندەواریی باڵا لە نێو ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا، گەشەی وشیاریی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا و کۆمەڵێک هۆکاری دیکە پێی وابوو ژنان توانیویانە بە کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکان لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی وەک چالاکبوون لە بواری ئابووری دا، چالاکییە مەدەنی و فەرهەنگییەکان، شوراکانی شار و دێ و هێندێک لە بەڕێوەبەرییەکان دا دەرکەون.

عەبدوڵڵا بەهرامی لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا ئاماژەی بەو کۆسپ و بەربەستانەش کرد کە رێگەیان نەداوە ئەو پوتانسێلە بەهێزەی ژنان هەیانە ئازاد بێ و بەشداری و چالاکبوونی ئەوان لە بەستێنە جۆراوجۆرەکان دا بگاتە ئاستێکی دڵخواز.

دوای ئەو باسە شاهۆ پیرانی، ماجستێری کۆمەڵناسی باسێکی لە ژێر ناوی سەرهەڵدان و گەشەی بزووتنەوەی فمینیستی لە ئەمریکاو ئورووپاو دەسکەوتەکانی پێشکەش کرد. ناوبراو لە باسەکەی دا وێڕای ئاماژە بە گرنگیی سەربەخۆیی ئابووری و ئەو دەرفەتانەی ژنان لەوان دادەتوانن سەربەخۆیی ئابوورییان هەبێ، باسی لەوە کرد زۆربەی بزاوتە فمینیستییەکانی رۆژئاوا لە کارگە و ناوەندەکانی کارەوە سەریان هەڵداوە. شاهۆ پیرانی لە درێژەی باسەکەی دا هەروەها باسی لە گرنگیی پەروەردەی بنەماڵەیی لە پێناوی جێخستنی روانگەیەکی یەکسانیخوازانە بۆ ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا کرد و پێی وابوو ئێمەی کوردیش پێویستە لە نێو بنەماڵەکانەوە کار بۆ سڕینەوەی جیاوازیدانان لە نێوان هەردووک رەگەزەکەدا بکەین.

لە بەشی کۆتایی ئەو سمینارەدا ژیاننامەی دوو ژنی تێکۆشەری نێو ریزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنان، خاتوو جەمیلە مومەنی و خاتوو ئەستی موەفەق ئەدیب بۆ بەشداران خوێندرایەوە.

# بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی ٨ ی مارس لە وڵاتی نۆرویژ

کومیتەی نۆرویژ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن رێوڕەسمێکی پێک هێنا.

لەو رێوڕەسمەدا کە رۆژی شەممە، ١٧ی رەشەممە، بەبەشداریی سەدان کەس لە چەندین نەتەوەی بەڕێوەچوو، رێز لە خەباتی ژنان لە پێناو یەکسانی و بەرامبەری گیرا.

لە سەرەتای ئەو رێوڕەسمەدا »ئینگە ئۆسە«، لەلایەن شارەوانیی شێشمۆ چەند قسەیەکی لە مەڕ ٨ی مارس پێشکەش بە بەشداربوان کردو پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەوە لەلایەن مەحبوب رەحیمی، بەرپرسی کومیتەوە خوێندرایەوە.

مەحبوب رەحیمی لە سەرەتادا لە لایەن یەکیەتیی ژنانەوە پیرۆزبایی لە هەموو بەشدارانی جێژنەکە و ژنانی دونیا، بە تایبەتی ژنانی کورد کرد و ئاواتی خواست کە ژنی کوردیش رۆژێک بێ کە وەک ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوو بە مافەکانی خۆیان بگەن. ناوبراو لە درێژەی پەیامەکەیدا گوتی، کە دروست بوونی ٨ی مارس لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم هاتە ئاراوە، ٨ی مارسی ساڵی ١٨٥٧ی زایینی، ژنانی کارگەی پارچە سازی لە ئەمریکا، دژ بە زۆر بوونی ساعاتی کار و نەدانی مووچەی باش، رژانە سەر شەقامەکان و داوای زیادکردنی مافی کار و کەم کردنەوەی ساعاتی کار و بیمەی ژیانیان کرد، هەربۆیە ئەوە بوو بە خاڵی هاوبەشی هەموو ژنانی جیهان کە ٨ی مارسی ١٨٥٧ هەر ساڵ یاد بکەنەوە و بەردەوام بن لە سەر داواکاریەکانیان.

زیاتر لە ٥٠ ساڵە کە ژنانی جیهان بۆ گەیشتن بە مافی بەرابەری تێکۆشانی بێوچانیان خستووەتە سەر ئەستۆی خۆیان و هەر ساڵ لە ٨ی مارس‌دا، بە شێوەی جۆراوجۆر داواکانی خۆیان ئاراستەی دەستهەڵاتداران دەکەن، بەڵام بەداخەوە کەس بە پیر داواکانیانەوە نایەن و تا ئێستا پیاوسالاری بە شێوەیەکی بەرچاو لە زۆر وڵاتان بە تایبەت لە ئێران بەرچاو دەکەوێ.

لەو پەیامەدا هاتبوو کە لە ئێران بە هۆی نەبوونی یاسا و رێژیمێکی دژە ژن و پیاوسالارەوە، ژنان لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەشن و هەڵاواردن و نایەکسانی، هەموو ژیانی ئەوانی تەنیوە، هیچ یاسایەک نیە کە پشتگیری لە ماقی ژنان لە ئێران دا بکا، کەم هەیە کچ بە بێ ڕەزامەندەی باوک یان برا هاوسەری خۆی هەڵبژێرێ، کچ ژیانی هاوبەش پێک ناهێنێ، بەڵکوو ژیانی هاوبەشی بۆ پێک دێنن، ژن وەک پلە دوو سەیر کراوە و هیچ کات قسەی لە ناو کۆمەڵگا و تەنانەت بنەماڵەشدا ڕێزی لێ نەگیراوە.

هەروەها ژنی کورد سەرەرای کەندوکۆسپی سەر رێگایان، بەردەوام بە گژی دواکەوتوویی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوونەتەوە، کەم نین ئەو ژنانەی لە رابردوودا کەوتوونەتە زیندان و ئازار و ئەشکەنجە دراون، بەڵام هەر سوور بوون لە سەر گەیشتن بە مافەکانیان.



هەر لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە لە ١٠ی رەشەممەی ئەمساڵدا تەرمی دانیشجووی کورد، شەیدا حاتەمی لە زانکۆی ورمێ دۆزرایەوە کە ئاسەواری لێدان و ئازار بە جەستەیەوە دیار بووە و هۆکاری مەرگیشی هەتاکوو ئێستا روون نەبووەتەوە.

شایانی باسە کە دوایین بەشی جێژنەکە شایی و بەزمی خۆشیی بەشدارانی رێوڕەسمەکە بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆمەڵێک بروسکەی پیرۆزبایی بە بۆنەی دامەزرانی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

بە بۆنەی ٦٨ ساڵ یادی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەتان پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ڕێکخراوەکەتان دەکەین.

**ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی**

**بۆ\ لێژنە و ئامادەبوانی ٦٨مین ساڵەی گێڕانی ئاهەنگی وەبیرهێنانەوەی دامەزراندن.**

**بابەت\ پیرۆز و بەرزراگرتن**

دیارە ژنانی کورد هاوشان لەگەڵ پیاوان ڕۆڵی خۆیان لە خەبات گێڕاوە، یەک لەو ڕێکخراوانەی کە جێگای فەخری ئێمەی ژنانە، ڕێکخراوی یەکێتیی ژنانی دیموکراتە کە نابێت ڕۆڵێن لە بیر بکریت، بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی خۆمانتان ئاراستە دەکەین بە هیوای سەرکەوتن.

**ڕێکخراوی خانمانی مافپەروەر و یاساناسانی کوردستان**

**بۆ بەڕێز یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان**

**سڵاوی گەرم**

بە ناوی لێژنەی ناوچەی کۆیەی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە ڕێکخراوەکەتان دەکەین و هیوادارین ئەم یادە هاندەر بێت بۆ زیاتر گەشەکردنی ئافرەتان و ژنان وە بە هەموو لایەکمان بتوانین خزمەت بە ئافرەتان و ژنانی کوردستان بکەین و زیاتر هەوڵی وشیارکردنەوەیان بدەین. چونکە ئێمەی ئافرەتان و ژنان هەتا ئێستا دوچاری ڕەشەکوژی و پاڵەپەستۆی دەروونی دەبین، بۆیە هوشیاربوونی ئافرەت، هوشیار بوونی کۆمەڵگایە.

**دوبارە پیرۆزبایی یادی دامەزراندنی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەکەین**

**لێژنەی ناوچەی کۆیە**

**کۆمەڵەی ئافرەتانی ئیسلامی**

جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ڕێکخراوەکەتان دەکەین بە هیوای بەردەوام بوون

**ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی \ لقی کۆیە**

**بۆ یەکێتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان**

**بابەت\ بروسکەی پیرۆزبایی**

**سڵاو و شۆڕشگێری خەبات**

ئێمە وەکو یەکێتیی ژنانی کوردستان لقی کۆیە، بە شانازیەوە بەشداری ئەم ڕێکخراوە دەستەخوشکەمان دەکەین کە خۆمان بۆ هاوپەیمانی و تەواوکەری یەکتر دەزانین. بە هیوایین سەرکەوتوو بن و لە خەباتی ڕێکخراوەیی دەست ڕەنگین و قەڵەمتیژ بن بۆ جۆشدانی خەباتی کوردایەتی.

**یەکێتیی ژنانی کوردستان لقی کۆیە**

بە ناوی ناوەندی هزری یاسایی کۆیەوە پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەکەین بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنیانەوە هیوادارین هەموو کات لە پێناوی مافەکانی ژنان و خزمەتکردنی ژناندا بن لەمپەرێک بن بۆ لەناوبردنی توندوتیژی دژ بە ژنان (سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەموو مژنانی کوردستان دەنوێنین).

**ناوەندی هزری یاسایی**

**بۆ\ سکرتاریەتی یەکێتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان**

**سڵاو و ڕێز**

لە هەر جێگایەک خەباتی کوردایەتی پیاوان سەری هەڵدابێت ژنی جوامێری کورد هاوشانی بووە، ئەمە لە لایەک نیشانەی هاوشانی و لە لایەکی‌تر نەبوونی جیاوازی ڕەگەزیە لە بنیاتی کۆمەڵگەی کوردەواری، هەر بۆیە ٦٨ ساڵ خەباتتان هاوشانی پیاوان بەرز دەنرخێنین.

**هەر شاد و سەرکەوتوو بن**

**نووسینگەی کۆیەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان**

**بۆ بەڕێزا\ یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان**

**پیرۆزبایی**

بە بۆنەی دامەزراندنی یەکیەتییەکەتان لە ناخەوە گەرمترین پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین، بە هیوایین کە ساڵەکانی ئایندە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئازیز ئەو بۆنەیە بکەینەوە.

**هەر سەرکەوتوو بن**

**ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی کۆیە**





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ششم فوریه ،روز جهانی مبارزه علیه مثله سازی جنسی زنان





ندای زنان ایران
استاندارد

ختنه دختران موضوعی است که اوج شقاوت مناسبات مردسالار را علیه زنان نشان میدهد. مناسباتی که تحمل بودن و زندگی زنان را ندارد و با مثله‌کردن اندام جنسی آنان تلاش میکند آنان را از داشتن ابتدایی‌ترین و مسلم‌ترین حس انسانی محروم کند. وگزارش هایی دال بر این حقیقت تلخ است که در ایران نیز شاهد این جنایت بشری هستیم و در مناطق از جنوب و غرب کشور و آذربایجان و ایلام و لرستان و حتی در مناطقی مثل اصفهان هنوز ختنه دختران وجود دارد. درواقع هرچند حمایت از ختنه دختران صراحتا در برنامه های حکومتی قرار ندارد اما هیچ برنامه‌ای برای جلوگیری از این عمل شنیع ضد انسانی نیز در کشور وجود ندارد و تمام تحقیقاتی که در مورد ختنه دختران در کشور انجام شده است مورد حمایت دولتی قرار نداشته است و مسوولین وزارت بهداشت در این مورد همواره سکوت کرده اند. ما شاهد وجود ریشه های فکری مناسبات مردسالاری هستیم که با اصل لذت جویی زنان به عنوان یک تابو برخورد میکند . میتوان گفت حتی اگر زنان اندام جنسی شان را ختنه نکرده باشند ، به لحاظ فکری آنچنان مناسبات مرد سالار مورد حمایت قوانین حکومتی قرار میگیرد که هنوز سخن گفتن از ابتدایی ترین موضوعات جنسی برای دختران تابو میباشد. برای مبارزه با ختنه دختران باید با ریشه های فکری ضد زن موجود مبارزه کرد. باید زندگی زنان را از زیر آوار تابوهایی که خندیدن و ورزش و شادی زنان را بر نمیتابد بیرون آورد. زنان انسانند و حق لذت بردن اززندگی را دارند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ڕێوڕەسمی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN

Democratic Women Union of Kurdistan

No: 39 Date: March 2014


له رۆژهه‌ڵاتی کوردستان بۆ یه‌که‌م جار له ده‌ورانی پڕشکۆی حکوومه‌تی کۆماری کوردستان دا ڕێکخراوێکی تایبه‌تیی ژنان دامه‌زرا و ده‌ستی به تێکۆشان کرد. ئه‌و ڕێکخراوه به ناوی: "یه‌کیه‌تیی ژنانی دێموکراتی کوردستان" پێی نایه گۆڕه‌پانی خه‌بات و تێکۆشانه‌وه‌و هه‌وڵدان بۆ دابینکردنی مافی به‌رابه‌ر له‌گه‌ڵ پیاوان، وێڕای تێکۆشان له‌پێناوی ده‌سته‌به‌رکردنی مافه نه‌ته‌وایه‌تییه‌کانی دا کرده به‌رنامه‌ی کار و تێکۆشانی خۆی.

یه‌کیه‌تیی ژنانی دێموکراتی کوردستان له سه‌رده‌می کۆماری کوردستان دا، له هه‌لومه‌رجێک دا پێک هات که کۆمه‌ڵی کوردستان له ده‌ورانی ده‌ره‌به‌گایه‌تی دا بوو. واته له ده‌ورانێك دا که به پێی تایبه‌تمه‌ندییه‌کان، ژنانی ته‌نانه‌ت له که‌مترین مافی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری بێبه‌ش ده‌کرد.

به‌و حاڵه‌ش له فه‌زایه‌کی دێموکراتیک دا که کۆماری کوردستان پێکی هێنابوو، ژنانی کوردستان توانیان له ده‌وری ڕێکخراوی خۆیان کۆ ببنه‌وه‌و ڕێگا چاره‌ی موومکین بۆ گیروگرفته‌کانیان بدۆزنه‌وه.

به‌شیک له به‌رنامه‌و پێڕه‌وی نێوخۆی
یه‌کیه‌تیی ژنانی دێموکراتی کوردستان




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org